رووداو
RÛDAW
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (397) دووشەممە 2016/2/22 - 3ی ڕەشەمێ 2715 (750) دینار

سەرەڕای قەیرانی دوو ساڵی رابردوو

# 327 مزگەوت دروستكراون و كار لە 50ی دیكەشدا بەردەوامە

**رووداو- سلێمانی**

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 327 مزگەوت لە هەرێمی كوردستان دروستكراون و ئێستاش 50 مزگەوتی دیكە لەژێر دروستكردندان، بەرپرسێكی ئەوقاف دەڵێت "بەو مزگەوتانەی دروستكراون و ئەوانەشی دروست دەكرێن، تێچوویان دەگاتە نزیكەی 40 ملیۆن دۆلار".

لەكاتێكدا كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی بدات و سەرجەم پرۆژەكان راوەستاون، دروستكردنی مزگەوت بەهەمان ریتمی جاران بەردەوامە.

زۆرترین ئەو مزگەوتانەشی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا دروستكراون لە سنووری پارێزگای هەولێر بوون.

بەرپرسێك لە وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەكو كۆتایی ساڵی 2013 پێنج هەزار و 10 مزگەوت لە كوردستان هەبوون، بەڵام لە دوو ساڵی رابردووەوە ژمارەكە بووەتە 5337 مزگەوت، واتە 327 مزگەوتی نوێ دروستكراون.

بەگوتەی ئەو، كەمترین تێچووی مزگەوت لە گوندەكانە كە 80 تاوەكو 100 هەزار دۆلاری تێدەچێت، تێچووی هەندێك مزگەوتیش لە شارەكاندا 600 هەزار دۆلارە.

ئەو بەرپرسە دەڵێت: "لەبەر موزایەدەی حیزبی ناتوانین رێ لە دروستكردنی مزگەوت بگرین".

« 7

"پێشمەرگەیەک لە حەژمەتی خنکانی خێزانەکەی، خۆی لە ئیجەدا خنکاند"

11



نەدهەم بارزانی بۆ (رووداو):

بۆ پاڵپشتی مەسعود بارزانی گەڕامەوە نێو پارتی

5

لە ماوەی چوار ساڵدا

**185** ژن لە کەرکووک کوژراون

14

حکومەتی تەکنۆکرات گڕی بەرداوەتە نێو ماڵی شیعە

# کورد لە "حکومەتی تەکنۆکرات"ی عەبادیدا چاوی لە چوار وەزارەتە

« 3



عومەر کۆچەر سەرۆکی لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمان:

# 400 مەلەفی گەندەڵیمان لەبەردەستە



« 2

داعشێکی دەستگیرکراو بۆ (رووداو):

# زۆربەی چەکدارە بیانییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کوژراون



« 4



## میترۆ پشتگیری ڕەنج سەنگاوی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە مافی ڕۆژنامەڤانان پشتگیری خۆی بۆ ڕەنج سەنگاوی، ڕۆژنامەڤان لە (تۆڕی میدیایی ڕووداو) دەردەبڕێت و دەڵێت "سەنگاوی تەنیا نیت". لە ڕوونکردنەوەیەکدا کە 2016/2/21 بڵاویکردەوە، سەنتەری میترۆ ڕایگەیاند "ماوەیەکە هەڵمەتێکی ناشیرینکردن و بوختان بۆ ڕۆژنامەنووسی دیار ڕەنج سەنگاوی دەستپێکردووە، هەندێکی دیار و زۆربەیشی هەڵمەتی خەڵک و پەیجی دەمامکدارن". ڕەنج سەنگاوی قسەی بۆ سەنتەری میترۆ کردووە و ڕایگەیاندووە "هەموو وزە و تینی بەرنامەکەمان خستووەتە خزمەت کرێنشینان، پێشمەرگە، مامۆستا و فەرمانبەرانەوە بۆ ئەوەی زەوییان پێبدرێت، بەڵام کەسانێک کەوتوونەتە پڕوپاگەندە و قسەی ناشیرین".

**عومەر کۆچەر سەرۆکی لێژنەی نەزاهە لە پەرلەمان:**

# 400 مەلەفی گەندەڵیمان لەبەردەستە و دەبێ بارزانی پەلە لە چاکسازی بکات



**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لە ماوەی چوار مانگدا 65 دۆسیە کە گومانی گەندەڵییان لێدەکرێ، لە بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی دەستپاکیی دهۆک کراونەتەوە و 13 لەو دۆسیانە یەکلایی بوونەتەوە و دەرکەوتووە گەندەڵی کراوە و بکەرەکانیان سزا دراون. بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش دەڵێت لە دوای بڕیارەکەی بارزانی بۆ چاکسازی، چەندین سکاڵامان بۆ هاتووە کە بەرپرسان پرۆژەکانی خۆیان دەخەنە سەر ناوی کەسانی دیکە.

ئەحمەد ساڵح گەلەری، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی دەستپاکی لە دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ماوەی چوار مانگە دەستبەکار بوون، لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەیان لە 65 دۆسیەدا کردووە و 13 کەسیان بە تۆمەتی گەندەڵی داوەتە دادگا و تۆمەتەکەشیان لەسەر یەکلایی بووەتەوە و سزادراون.

بە گوتەی گەلەری، ئەو 13 کەسەی سزا دراون چواریان لە سەنتەری شاری دهۆک بوون، چوار لە قەزای زاخۆ و پێنج کەسیش لە قەزای ئاکرێ. گوتیشی "لەوانەی سزا دراون بەرپرسیشیان تێدا بووە".

بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵینەوەی دەستپاکی لە دهۆک لە 2015/10/27 کراوەتەوە و دوو نووسینگەی لە زاخۆ و ئاکرێ هەن.

ڕۆژی 10ی ئەم مانگە مەسعود بارزانی هەم وەکو سەرۆکی هەرێم و هەمیش وەکو سەرۆکی پارتی چەند بڕیارێکی لەبارەی چاکسازی دەرکرد. ئەوەی پەیوەستە بەحکومەت بارزانی لە خاڵێکدا دەڵێت "ئەو کەس و کۆمپانیایانەی بەشێوەیەکی نایاسایی دەوڵەمەند بوونە و لە گەندەڵیدا تێوەگلاون، پێویستە ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت.....".

ئەوەشی پەیوەستە بە پارتییەوە بارزانی بڕیاری داوە پێداچوونەوە بکرێ بە موڵک و ماڵی بەرپرسان و کەسانی سەر بە پارتی یان ئەوانەی لەژێر سێبەری پارتیدا کاریان کردووە.

دوای ئەو بڕیارانەی بارزانی، دەنگۆی ئەوە لە نێو خەڵک بڵاوبووەوە کە هەندێک بەرپرسی پارتی و حکومی موڵک و کۆمپانیاکانیان بە ناوی خەڵکی دیکەوە دەکەن.

ساڵح گەلەری ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "ڕاستە هەواڵدەرەکانمان چەندین زانیارییان پێداوین کە بەرپرسەکان پرۆژە و موڵکەکانیان بەناوی خەڵکی دیکەوە دەکەن، بەڵام ئەو زانیاریانە زۆر ورد نین کە چ بەرپرسێک ئەو کارەی کردووە، ئێمە لەسەر ئەو بابەتە دەستمان بە لێکۆڵینەوە کردووە".

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی دهۆکیش دەڵێت، هەر لە سەرەتاوە بەرپرسەکان پرۆژە و موڵکەکانیان بەناوی خەڵکی دیکە کردووە، بەڵام نەیشاردەوە ئێستا فرۆشتنی پشکی کۆمپانیاکان لە دهۆک ڕووی لە هەڵکشان کردووە.

بەختیار ئەمین، بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕینی پرۆژە لەسەر ناوی خۆت، بۆ سەر ناوی کەسێکی دیکە مەرجی هەیە، بۆ نموونە دەبێ پرۆژەکە 100% تەواو بووبێ، ئەگەر کەسێکیش بکاتە شەریکی پرۆژەکە، دەبێ 50%ی پرۆژەکەی تەواوکردبێ". گوتیشی "لەو ماوەیەی بارزانی ئەو بڕیارانەی داوە، تەنیا یەک حاڵەتی گۆڕینی پرۆژە لەسەر ناوی خاوەنەکەی بۆ سەر ناوی کەسێکی دیکە هەبووە".

بەختیار ئەمین زانیارییەکی دیکەی باسکرد و گوتی "زانیاریمان پێگەیشتووە کە دوای بڕیارەکانی بارزانی، خاوەن کۆمپانیاکان خەڵکی دیکە دەکەنە هاوبەشی خۆیان لە کۆمپانیا، تەنیا لەو مانگەدا 12 کەس پشکی کۆمپانیاکانی خۆیان فرۆشتووە و خەڵکی دیکەیان کردووەتە شەریکی خۆیان".

شێروان حیتۆ، بەڕێوەبەری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە دهۆک، قسەیەکی دیکە لەوبارەیەوە دەکات و دەڵێت "3700 کۆمپانیا لە پارێزگای دهۆک هەن، بەڵام لەم ماوەیەدا هیچ بەرپرسێک نەهاتووە کۆمپانیاکەی بەناوی کەسێکی دیکە بکات، یان کەسێک بکاتە شەریکی خۆی، هەندێک حاڵەت هەبووە، بەڵام بازرگانی ئاسایی بوون".

عومەر کۆچەر، سەرۆکی لێژنەی دەستپاکی لە پەرلەمانی کوردستان پێیوایە دەبێ بارزانی پەلە بکات لە ئەنجامدانی چاکسازی و دەڵێت "ئەگەر بارزانی نیازی چاکسازیی هەبێت، دەبێ پەلەی لێ بکات، ئەگەرنا هەموو ئەوانەی دەترسن، کۆمپانیا و پرۆژە و موڵکەکانیان دەخەنە سەر ناوی خەڵکی دیکە". عومەر کۆچەر ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر کەسێک لە کوردستان کە بیەوێ چاکسازی بکات و گوتی "نزیکەی 400 مەلەفی گەندەڵی لەبەردەستی ئێمەن، ئێمە ئامادەین ببینە هاوکاری هەر کەسێک کە بیەوێ چاکسازی بکات و سزای گەندەڵکاران بدات".

# پزیشکانی دهۆک سکاڵا لەسەر پەرلەمانتارێکی پارتی تۆمار دەکەن

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو-دهۆک**

لەسەر نووسینێک لە ئەکاونتی تایبەتی خۆی کە باسی پزیشکانی کردووە، بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە پزیشکانی سنووری پارێزگای دهۆک سکاڵایەک لەسەر پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی زەرد لە پەرلەمانی کوردستان تۆمار بکەن، پەرلەمانتارەکەش دەڵێت: منیش سکاڵا تۆمار دەکەم و ئامادەشم بچمە بەردەم دادگا.

د.شیرین حوسنی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی ڕۆژی 2016/2/13 لە ئەکاونتەکەی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێکی داناوە و ڕەخنەیەکی زۆری لە پزیشکان گرتووە. پۆستەکەی حوسنی لە 12 خاڵ پێکهاتووە و لە یەکێکیاندا دەڵێت "نۆژدارانی پسپۆڕ تورزێک شەرمتان لە خۆتان نەکرد و بایکۆتی دەوامتان کرد و خۆپیشاندانتان کرد. ئەی بۆچی کلینیکی تایبەتی خۆتان لە ئێواراندا چۆڵ ناکەن؟". هەروەها دەنووسێت "کامە پزیشکی پسپۆڕ کە هەندێکیان مانگانە 40 — 50 ملیۆن دینار لە کلینیکەکەی پەیدا دەکات، دەرگای بەڕووی خێزانی شەهیدان و پێشمەرگەدا کردووەتەوە و بەبێ بەرامبەر چارەسەریان دەکات؟".

ئەو ڕەخنانەی ئەو پەرلەمانتارە، پزیشکانی سنووری پارێزگای دهۆکی تووڕە کردووە و بە نیازن سکاڵای لەسەر تۆماربکەن.

د.هوشیار عیسا، ئەندامی لقی دهۆکی سەندیکای پزیشکانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێوارەی ڕۆژی 2016/2/21 کۆبووینەوە و دوای ڕاوێژ لەگەڵ پارێزەرەکان و لەسەر داوای پزیشکانیش، گەیشتینە ئەو بڕیارەی بەناوی پزیشکان نەک بە ناوی سەندیکا، سکاڵا لەسەر ئەو پەرلەمانتارە تۆمار بکەین".

د.هوشیار ئاماژەی بەوەدا پزیشکان بە گشتی لەو نووسینەی ئەو پەرلەمانتارە نیگەرانن و گوتی "هەر ڕۆژی یەکەم دوای بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتە 50 پزیشک لە نەخۆشخانەی ئازادیی دهۆک واژۆیان کۆکردەوە و داوای تۆمارکردنی سکاڵایان لەسەر ئەو پەرلەمانتارە کرد".

ناڕەزایی پزیشکان لەو پەرلەمانتارە سنووری سەنتەری شاری دهۆکی بڕیوە و پزیشکانی قەزا و ناحیەکانی دهۆکیش هەڕەشەی تۆمارکردنی سکاڵا دەکەن. د.هوشیار گوتی "ئێمە ڕۆژی دووشەممە 2016/2/22 سکاڵا تۆمار دەکەین، پزیشکانی قەزا و ناحیەکانیش ڕۆژی دواتر بەنیازن سکاڵا تۆمار بکەن".

## د.شیرین حوسنی: منیش سکاڵا تۆمار دەکەم



د.شیرین حوسنی کە بڕیاردەری لێژنەی تەندروستییە لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو) ڕاگەیاند، لەسەر سکاڵای پزیشکان ئامادەیە بچێتە بەرامبەر دادگا و گوتی "هیچ سوکایەتیم بە پزیشکان نەکردووە و قسەکانیشم گشتی نین بۆ هەموویان و تەنیا باسی پزیشکە خراپەکانم کردووە، نووسینەکەشم لانەبردووە".

بەڵام ئەندامەکەی سەندیکا دەڵێت "ئەو پەرلەمانتارە وشەی (هەندێک)ی بەکارنەهێناوە و نووسیویەتی پزیشکی تایبەتمەند، تەنانەت نووسیویەتی، تووڕەبوونی نۆژدارانی پلەبەند دیارە لەبەر ئەوەیە سبەینێ ئەوانیش دەبنە پسپۆڕ و دواتریش دەبنە بازرگان".

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەڵێت ئەویش بێدەنگ نابێت و سکاڵا لەسەر پزیشکەکان تۆمار دەکات "من ئاماژەم بە ناونیشانی هیچ پزیشکێک نەکردووە، کەچی ئەوان ناوی منیان لەسەر لاپەڕەکانی فەیسبووک هێناوە و تەشهیریشیان پێکردووم".

د.هوشیار لەبارەی ئامانجیان لە تۆمارکردنی ئەو سکاڵایە دەڵێت "بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هیچ کەسێک جورئەت نەکات تەشهیر بە پزیشکان بکات، چونکە ئەو قسانە مەترسین لەسەر متمانەی نێوان پزیشک و هاووڵاتی".

د.شیرین حوسنی خۆی بۆ ڕۆژی دادگاییەکە ئامادە کردووە و دەڵێت "زۆر شتم لەبەر دەستە لەبارەی پزیشکان لە دادگا بە بەڵگەوە باسی دەکەم کە چۆن بەربوونەتە گیانی ئەو خەڵکە".

# خوێندن لە سلێمانی بەسەر بایکۆت و دەوامدا دابەش دەبێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

مامۆستایانی یەکێتی و پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بایکۆتی خوێندنیان شکاند، بەڵام مامۆستایانی گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ و سەربەخۆ و ناڕازییەکان درێژە بە بایکۆت دەدەن، بەرپرسێکی یونیسێفیش دەڵێت "بایکۆتکردنەکە سیاسییە".

بایکۆتکردنی خوێندن لە پارێزگای سلێمانی پێی نایە 26هەمین ڕۆژ و بڕیارە لە ئەمڕۆوە مامۆستایانی یەکێتی و پارتی لە بەرامبەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان دەست بە دەوام بکەنەوە.

دڵشاد مەجید، سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەشێک لە داواکارییەکانیان جێبەجێکراون، لەوانەش دابینکردنی مووچە لە ماوەی 30 ڕۆژدا و بەڵێنیشیان پێدراوە بۆ ئەم مانگە دەستکاری لیستی مووچەیان بکرێت. گوتیشی "پێشنیازیشمان داوەتە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردە کە لە دەرەوەی شار 3 ڕۆژ و ناوشاریش 4 ڕۆژ مامۆستایان دەوام بکەن و ئەوەش قبوڵ کراوە، پارێزگاریش ئەرکی گواستنەوەی مامۆستایانی دەرەوەی شاری گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام بۆ ناوشار پێویست ناکات".

بەڵام سەنگەر فایەق، جێگری سەرۆکی لقی سلێمانی یەکێتیی مامۆستایان ڕەتیکردەوە بایکۆتی دەوام بشکێنن و گوتی "تائێستا داواکارییەکان جێبەجێ نەکراون، لەوانەش دابینکردنی نیو مووچەی مانگی ئەیلول و خشتەی نوێی مووچەش ڕەتدەکەینەوە، ئەو پاشەکەوتەشی بۆ مامۆستایان دەکرێت، پێویستە بخرێتە سەر ژمارە حیسابێکی مامۆستایان".

دوێنێ 2016/2/21یش ژمارەیەک لە مامۆستایانی ناڕازی لە سلێمانی کۆبوونەوە، ئیدریس عەبدولقادر گوتەبێژی ئەو مامۆستایانە بە (ڕووداو)ی گوت، لە ناچاریدا لە بایکۆتکردن بەردەوام دەبن و گوتی "بایکۆتکردنەکە باشترە، چونکە لە ماڵەوە دادەنیشین و هەر هیچ نەبێت خەرجی هاتوچۆ ناکەین".



ڕۆژی 2016/2/20 بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ بایکۆتکردنی خوێندن، کۆبوونەوەیەک لەنێوان د.ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی و دڵشاد عومەر، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی و بەڕێوەبەری پەروەردەکان و بەرپرسانی لقەکانی یەکێتیی مامۆستایان لەسنووری پارێزگای سلێمانی کرا. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لەو کۆبوونەوەیەدا داواکراوە مامۆستایان بایکۆت بشکێنن.

بەڵام دڵشاد مەجید گوتی "لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو داوایەمان لێ نەکراوە، بەڵکو قسە لەسەر میکانیزمەکانی هەڵپەساردنی بایکۆتەکان کراوە، داوا لە پارێزگار کراوە نیو مووچەمان بۆ دابین بکات، ئەویش گوتوویەتی لە دەسەڵاتی مندا نییە، بۆ دەستکاری مووچەش پشتگیری کردووین و بۆ ئەنجوومەنی وەزیرانی بەرز دەکاتەوە".

سەنگەر فایەق دەڵێت مامۆستایانی یەکێتی و پارتی لەلایەن حیزبەوە داوای شکاندنی بایکۆتیان لێکراوە "ئەوانەی شکاندیان لەلایەن کۆمیتەکانەوە داوای شکاندنیان لێکراوە". بەڵام دڵشاد مەجید گوتی "ئەوە تۆمەتە و بەهیچ شێوەیەک ئەو داوایەمان لێنەکراوە، بەڵام ئەگەر هەر بایکۆتیش بکرێت کێ تەحەمولی فەوتانی ساڵێکی خوێندن دەکات؟ چونکە ئەگەر لە 30 تا 45 ڕۆژ تێپەڕێت بەدڵنیاییەوە مەترسی لە هەژمار نەکردن دەبێت".

نیاز ئەحمەد، ئەندامی لیژنەی پەروەردە لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەگەر 25 تا 30 ڕۆژ خوێندن نەبێت، بە ساڵی خوێندن هەژمار ناکرێت و گوتی "ئێستا سلێمانی لەو پێوەرە نزیک دەبێتەوە و وەزارەتی پەروەردەش دەتوانێت ئەمساڵ بە ساڵی خوێندن هەژمار نەکات، ئەگەریش تا 2016/3/1 دەوام دەستپێنەکاتەوە و دواتریش بایکۆت بشکێنن، ئەوا پەروەردەی گشتیی سلێمانی دەتوانێت لە پشووەکانی نەورۆزدا بڕیاری خوێندن بدات یاخود خوێندن بۆ هاوین درێژ دەکرێتەوە".

عەبدولقادر کاکەسوور، بەرپرسی بەشی پەروەردە لە ڕێکخراوی یونیسێف ڕەتیکردەوە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ماوەیەک بۆ هەژمارنەکردنی خوێندن دانرابێت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو قسانە زانستی نین، بەڵکو هەر وڵاتێک پێوەری خۆی بۆ هەژمارنەکردنی خوێندنی ئەو ساڵە هەیە. لە کۆتاییدا حکومەتی ئەو وڵاتە بڕیار دەدات نەک ڕێکخراوەکان". گوتیشی "ئێمە نیگەرانین لە بایکۆتکردنی خوێندن، بەڵام ئەوەی دەیبینین هۆکاری سیاسی لەپشت بایکۆتکردنەکەیە". بەڵام سەنگەر ئەو قسەیەی ڕەتکردەوە و گوتی "هیچ لایەنێکی سیاسی هانمان نادات، بەڵام دەستبەرداری مافی مامۆستایان نابین".



## بەرپرسێکی پارتی: بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەتوانن ڕێکبکەون


رووداو - هەولێر

عەلی حوسێن، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە ناکۆکییەکانی نێوان حیزبەکەی و گۆڕان ئەوەندە قوڵ نین کە نەتوانن بەسەریدا زاڵ بن و دەڵێت "بارزانی و نەوشیروان مستەفا دەتوانن لەسەر ئەو ناکۆکیانەی لە نێوانماندا هەیە ڕێکبکەون". سەبارەت بە مەرجی گۆڕان بۆ گەڕانەوەی سەرۆکی پەرلەمان و وەزیرەکانی، عەلی حوسێن دەڵێت "مەسەلەکە نە سەرۆکی پەرلەمانە وەکو شەخس، نە وەزیرەکانیشە، بەڵکو مەسەلەکە نەهێچ و ستراتیجیەت و تەوەجوهی بزووتنەوەی گۆڕانە بۆ حکومڕانی لە کوردستان".

**حکومەتی تەکنۆکرات گڕی بەرداوەتە نێو ماڵی شیعە**

# کورد لە "حکومەتی تەکنۆکرات"ی عەبادیدا چاوی لە چوار وەزارەتە

## وەزیرێکی حکومەتی عێراق: عەبادی خۆی تەکنۆکرات نییە چۆن داوای حکومەتی تەکنۆکرات دەکات



هیڤیدار ئەحمەد

رووداو - هەولێر

هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی ئێستای عێراق و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بە ناوی "حکومەتی تەکنۆکرات" پێناچێ وا بە ئاسانی بەسەر حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراقدا تێپەڕێ کە داوای دەکات. سەرۆکی فراکسیۆنێکی کوردیش دەڵێ "کورد ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی نابێ پشکی کورد لەو حکومەتەی دروست دەکرێ 20% کەمتر بێ".

مانگی ئەیلولی 2014 حەیدەر عەبادی و کابینەکەی متمانەی پەرلەمانی بەدەستهێنا، ئەوکات عەبادی ڕایگەیاند "حکومەتی نوێی عێراق حکومەتێکی تەکنۆکراتە". ئێستا کە قەیرانی دارایی و سیاسی و شەڕی داعش لە عێراق هەیە، عەبادی دەڵێ "پێویستمان بە چاکسازییە و چاکسازیش تەنیا بە حکومەتێکی تەکنۆکرات دەکرێ".

فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق لەسەر ئەم هەنگاوەی عەبادی هەرزوو لەماڵی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆک کۆماری عێراق کۆبوونەوە بۆئەوەی بڕیار بدەن کە داوای چی بکەن لەو حکومەتە تەکنۆکراتە ئەگەر پێکهات.

هۆشیار عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "لە ماڵی سەرۆک کۆمار کۆدەنگی هەبوو لەسەر ئەوەی نابێ گۆڕانکاری لە حکومەتی عێراق کاریگەری بکاتە سەر ڕێژەی نوێنەرانی کورد لە بەغدا".

حکومەتی عێراق لە 22 وەزارەت پێکدێت، بەڵام کورد لەو حکومەتە تەنیا سێ وەزارەتی بەدەستە (دارایی، کۆچ و کۆچبەران و ڕۆشنبیری). کورد پێشتر وەزیری ژنان و وەزیرێکی دەوڵەتی هەبوو، بەڵام دوای بچووککردنەوەی حکومەت ئەو دوو وەزیرە لە حکومەت نەهێڵدران.

هۆشیار عەبدوڵڵا دەڵێت "لایەنە کوردستانییەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ناکرێ پشکی کورد لە حکومەتی داهاتوودا 20% کەمتر بێ". گوتیشی "هەرچەندە جارێ ڕوون نییە و بابەتی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ هێشتا لە گفتوگۆدایە، بەڵام ڕەنگە کورد چوار وەزارەتی بەربکەوێ".

حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەفەرمی داوای لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد سەرپشک بکرێ لە پێکهێنانی حکومەتێکی تەکنۆکرات. بەڵام پەرلەمانی عێراق داواکەی عەبادی وەکو سەرەتا ڕەتکردووەتەوە و داوایان لێکردووە بەرنامە و وەرەقەی خۆی پێشکێش بکات کە هەنگاوەکەی چییە بۆ پێکهێنانی حکومەتی تەکنۆکرات.

ئەحمەد حاجی ڕەشید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق زانیاری زیاتر لەسەر حکومەتی داهاتوو دەخاتەڕوو و دەڵێت "حکومەتەکە لە 16 وەزارەت پێکدێت". گوتیشی "هەشت وەزارەتی بۆ شیعە دەبێ، هەشتیش بۆ کورد و سوننە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ سەبارەت بە پشکی کورد و سوننە لە حکومەتە تەکنۆکراتەکە، دەڵێت "حەقی کورد سێ وەزارەت و نیوە، بەڵام هەوڵ دەدەین لەگەڵ سوننە ڕێکبکەوین کە چوار بە چوار وەزارەت بێ". چونکە وەک ئەحمەد ڕەشید گوتی "سوننە ئێستا داوای وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران دەکەن کە بەدەست کوردە و لە نێو کوردیش لەدەست بزووتنەوەی گۆڕانە".

هەوڵەکانی عەبادی بۆ گۆڕینی حکومەتی ئێستای عێراق، نێو ماڵی شیعەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. وەزیرێکی شیعە لە حکومەتی عێراق بە (رووداو)ی گوت "خودی عەبادیش دەبێ بگۆڕدرێ ئەگەر حکومەتێکی تەکنۆکرات پێکبهێنرێ، چونکە بەڕێز عەبادی کەسێکی تەکنۆکرات نییە".

ئەو وەزیرەی شیعە کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، ئەوەشی گوت "ئێستا عەبادی بەم هەنگاوە ئاگری بەرداوەتە نێو ماڵی شیعە، لەکاتێکدا هەموو خەڵکی عێراق سەرقاڵی شەڕی داعشن کە مەترسییە بۆ سەر هەموو عێراق، ئینجا کێشەیەکی سیاسیش دروست بێ".

وەزیرێکی کوردیش باسی حکومەتی تەکنۆکرات دەکات و دەڵێ هێشتا دیار نییە ئەو حکومەتەی عەبادی باسی دەکات، چۆن دەبێ.

دەرباز محەممەد، وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بە (رووداو)ی گوت "دوو جۆری حکومەتی تەکنۆکرات هەن، جۆری یەکەم هەموو تەکنۆکراتەکان لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکان دەبن و سەرۆک وەزیرێکی دیکتاتۆر یان سەرۆکێکی دیکتاتۆر هەیە خەڵک دەکاتە وەزیر و هیچ کام لەو وەزیرانە لە دژی سەرۆک وەزیران ناوەستنەوە". ئەوەی دووەم "لەڕێگەی کوتلە سیاسییەکانەوە کەسی لێهاتوو و شارەزا بۆ وەزارەتەکان دەستنیشان دەکرێن".

ئەو وەزیرە کوردە دەڵێت "تاوەکو ئێستا دیار نییە عەبادی کام هەنگاو دەهاوێژێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە چۆن حکومەتێک لە دەرەوەی ئیرادەی هێزە سیاسییەکان دروست دەکەی و داوای بەدەستهێنانی متمانەی پەرلەمان دەکەی کە لە هێزە سیاسییەکان پێکدێت؟". گوتیشی "ئەگەر وەزیرەکان لە دەرەوەی هێزە سیاسییەکان بن، ئەوا کوتلە سیاسییەکان هەموو ڕۆژێ بانگی وەزیرێکی تەکنۆکرات دەکەن و داوای وەرگرتنەوەی متمانەی لێدەکەن، بەشێوەیەک دۆخی سیاسی ناسەقامگیر دەبێ".

بۆیە وەک دەرباز محەممەد دەڵێت "هێشتا بەرچاوی هیچ لایەنێک ڕوون نییە ئایا هەموو وەزیرەکان دەگۆڕێن و وەزیری نوێ چۆن دادەنرێن، ئەی کە وەزیرێک هیچ کێشەی نەبێ چۆن دەیگۆڕێ، ئەمە هەموو هێشتا جێگەی گفتوگۆیە. کە بابەتەکە گەیشتە سەر جدیەت، بێگومان لایەنە کوردستانییەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ بڕیاری سیاسیی هەرێمی کوردستان".

**نە ڕێککەوتنی نوێ و نە گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە کۆنەکان**

# عەبادی تەنیا دان بە پارەی گەنمی جووتیاراندا دەنێ



نەوزاد مەحموود

رووداو - سلێمانی

لە بەردەم پەرلەمانتاراندا، حەیدەر عەبادی، جارێکی دیکە ئەو قسانەی دووپات کردەوە کە هەفتەیەک لەوەوبەر بۆ ڕۆژنامەنووسێکی کردبوو. ئەو بێ پێچ و پەنا گوتی "بۆچی حکومەتی هەرێم ناتوانێ مووچەی فەرمانبەرانی دابین بکات؟ با نەوتەکە بدەنە ئێمە مووچەیان پێدەدەین"، ئەو قسانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەردێک بوون لە یەک کاتدا دوو نیشانەی پێکا، هەم دەوڵەتی یاسای خەنی کرد و هەم پرسیار و گومانی ناڕازییەکانی نێو شەقامی کوردستانی بەرامبەر حکومەتەکەیان زۆرتر کرد.

ئایا نێچیرڤان بارزانی و حەیدەر عەبادی کە هەردووکیان قەیرانی سیاسی و دارایی بەرۆکی حکومەتەکانیانی گرتووە، دەتوانن ڕێکبکەون؟ هەرچەندە ڕۆژی 2016/1/31 نێچیرڤان بارزانی، بە سەرۆکایەتی شاندێک چووە بەغدا و دوای دیداریان لەگەڵ عەبادی و گەورە بەرپرسانی باڵای عێراق، تاوتوێی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان کرد، بەڵام دواتر سەرۆک وەزیرانی عێراق، ڕەخنەی لە سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێم و فرۆشتنی نەوت و دابیننەکردنی مووچەی فەرمانبەران گرت.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسای بودجەی 2016ی عێراق، یان ڕێککەوتنە نەوتییەکەی نێوان هەولێر و بەغدا "کە هەرێمی کوردستان سەربەخۆیانە نەوتی فرۆشت و پابەند نەبوو، نابێ چاوەڕێ بێت عەبادی بودجەی بۆ بنێرێ. بۆیە عەبادی بە سەراحەت قسە دەکات و نەدانی مووچە پەیوەندی بە بەغداوە نییە".

موسەننا ئەمین، دەڵێ عەبادی لەسەر بنەمای یاسای بودجەی ساڵی 2015 و 2016 ڕەفتار لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات. یاساکە دەڵێ هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 550 هەزار بەرمیل نەوت بنێرێ و دواتر حکومەتی بەغدا 17%ی بودجە دەنێرێ دوای لێدەرکردنی بودجەی سیادی و نەفەقاتی حاکیمە، بەڵام ئەگەر هەر لایەک پابەند نەبوو، لایەنەکەی دیکە دەستکراوە دەبێ لە مامەڵەکردنیدا "لەبەرئەوەیە کە ئێستا عەبادی بەوشێوەیە بەرامبەر هەرێمی کوردستان قسە دەکات".

بەپێی ئەو زانیارییانەی پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا باسی دەکەن، قەیرانە داراییەکە وای کردووە، هەم حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەوە بەباش بزانن کە بەشێوەی ماڵجیایی نەوت بفرۆشن، بەڵام ڕەخنەگرتنی بەردەوام لەیەکتری زۆرتر بۆ ڕاکێشانی هەستی خەڵک و ئەو کوتلە پەرلەمانیانەیە کە سیاسەتی حکومەتەکە پەسەند ناکەن.

بەبڕوای ئەمین بەکر، پەرلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی بزووتنەوەی گۆڕان، ئەگەر عەبادی سەرکەوتوو بێت لە چاکسازییەکانی و کەمکردنەوەی هەژموونی کوتلە سیاسییەکان و ئێران و حیزبە سیاسییەکان و ململانێی تائیفی و لەگەڵ هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە ئاسایی بکاتەوە "دەستکەوتێکی سیاسی گەورە بەدەستدێنێ و دیسان بووژانەوەیەکی دارایی باشیش بۆ عێراق دەستەبەر دەکات".

ئەمین بەکر، باسی سێ بنەما دەکات کە پێویستە کورد و بەغدا بۆ ڕێککەوتن بۆی بگەڕێنەوە "یان ڕێککەوتنە نەوتییەکەی مانگی 2 ساڵی 2014، یان یاسای بودجە، یان ڕێککەوتنێکی نوێ"، هێما بۆ نوێترین قسەی عەبادیش دەکات کە گوتوویەتی " ڕێککەوتنی نوێ لەگەڵ حکومەتی هەرێم ناکەین". ئینجا دەڵێ "بەڵام لە قۆناغی یەکەمدا دەبێ هەر بۆ یاسای بودجە بگەڕێنەوە".

کات تێدەپەڕێ بەسەر ناکۆکییەکاندا و هێشتا ڕوون نییە لە بەرژەوەندیی کێ دەبێ، بەڵام کورد ئێستا ئەو ڕاستییەی ئەزموون کردووە کە گۆڕینی دەموچاوەکان و کاراکتەرە سیاسییەکان چارەسازی کێشەکانی ئەو نین. بەتایبەتی دوای لادانی مالیکی کە بەڕاشکاوی بڕیاری بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دا.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێت هیچ جیاوازییەک لە بیرکردنەوەی مالیکی و عەبادیدا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نییە "بەپێچەوانەوە کاتی خۆی عەبادی عەقڵی بڕیارەکانی مالیکی بووە و کەسێکی ئاڵۆزە و زیرەکانە کارەکانی خۆی دەکات"، ڕەخنە لە شێوازی قسەکانی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگرێت و دەڵێ هەرکە هاتە ژوورەوە بۆ هۆڵی پەرلەمان، سەرەتای قسەکانی بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان دەستپێکرد، لەکاتێکدا هەموو عێراقییەکان دەزانن ڕاست ناکات و مووچەی کوردستانی پێ نادرێ.

ئەشواق جاف هەروەها دەڵێ، بەدڵنیاییەوە عەبادی "دژایەتی زۆرتری لە هەگبەدایە بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و هیچ ڕێککەوتنێکیش ناکات، کاتێک کورد نەوتی خۆشی ڕادەستی بەغدا کرد، ئەو ئامادە نەبوو پارەی پێویست بنێرێت".

لە پەرلەمانی عێراق ، بەشێک لە پەرلەمانتاران پرسیاریان لە عەبادی کردووە لەبارەی وردەکاریی کێشەکانەوە، بەڵام وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی نەداوەتەوە. سەبارەت بە پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان کە پەیوەندی بە کێشەی نەوتەوە نییە، موسەننا ئەمین دەڵێ "پرسیارمان لێکرد، ئەوە تەنیا شت بوو کە ئەو دانی پێدا بنێ و نەڵێ نایدەم، بەڵکو گوتی کێشەی دارایی هەیە و لە دەرفەتێکدا کە پارە هەبوو ئەو پارەیە دەدەین".

موسەننا ئەمین، بڕوای وایە ئەگەر نەوتی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە دەست بەغداش جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت: "پارەکەی ڕەنگە شتێک کەمتر بێت، بەڵام کە لەڕێگەی سۆمۆوە دەفرۆشرێ، ئەوکاتە لەڕووی سیاسەتی نەوتییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەوە ژێر ڕکێفی حکومەتی ناوەندی".

بەغدا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە دوای دەنگێکی دلێرتردا دەگەڕێ بەرامبەر بە کورد، ئێستا کاتە گونجاوەکەیە کە دەبینێ نێوخۆی هەرێمی کوردستان تای ململانێیەکی سیاسی گرتووە. ئەمین بەکر، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق، دەڵێ ئێمە پێشتر بەردەوام پشتگیری ئابووریی سەربەخۆمان کردووە و ئێستاش دەیکەین "بەڵام مانای ئەوە نییە ئابووریی کوردستان بە چارەنووسی نادیار بسپێری، ئیدارەیەک نەتوانێ چاکسازیی بکات و حساباتی خۆی پیشانی دەزگاکانی چاودێری بدات و ئیدارەیەکی باشی پێنەکرێ، چۆن دەتوانی پشتگیریی بکەی؟".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (397) دووشەممە 2016/2/22



## لیوا جەمال تاهیر دەچێتە بەغدا

**رووداو- کەرکوک**

ڕێبوار تاڵەبانی، سـەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە وەکالەت بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەی دەسـتەی باڵای هەماهەنگی پارێزگاکان لە شاری بەغدا، د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکوک پرسیاری وادەی دەستبەرکابوونی لیوا جەمال تاهیری لە پۆستە نوێیەکەی لە حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق کردووە و ئەویش گوتویەتی "بەمنزیکانە فەرمانەکەی وەکو یاریدەدەری بریکاری وەزیری ناوخۆی عێراق بۆ دەردەچێت". لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردوو بەپێی ڕێککەوتنی نێوان نەجمەدین کەریم و عەبادی، لیوا جەمال تاهیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوک لە پۆستەکەی لادرا.

### داعشێکی دەستگیرکراو باسی شەوی بەدیلگرتنی 30 پێشمەرگەکەی لای کەرکووک دەکات

# زۆربەی چەکدارە بیانییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کوژراون



**لە قسـەکانیدا بۆ پەیامنێری (تۆڕی میدیایی رووداو)، چەکدارێکی دەسـتگیرکراوی داعش زۆر زانیاری تازە سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای داعش ئاشکرا دەکات.**

**سـەعد سلێمان عەلی کە لە کەرکووک دەستگیرکراوە، لە وەڵامی پرسیارەکانی پەیامنێری تۆڕی میدیایی رووداودا لـە کەرکووک ئەوە ئاشـکرا دەکات کە چەکدارانی داعش لەنێو عێراقدا لە زۆر شـوێن لێکدابڕاون و کەوتوونەتە نێو ئابڵوقەوە، هەروەها چەک و تەقەمەنی و چەکداریشیان زۆر کەمبوونە، باسی ئەوەش دەکات کە ئێسـتا داعش زۆرتر دەچێتە نێو دارسـتانەکانەوە، مەشـقەکان و ئامادەکردنـی بۆمبەکانیان و هەروەها سەربازگەکانیان بۆ نێو دارستانەکان گواستووەتەوە.**

رووداو- کەرکووک

**رووداو: کەی پەیوەندت بەداعشەوە کرد؟**
**سەعد:** 2014.
**رووداو: پێش هاتنی داعش؟**
**سەعد:** بەڵێ، لە پێش هاتنی داعشەوە.
**رووداو: چۆن تۆیان بردە ریزەکانی خۆیانەوە؟**
**سەعد:** فارس نەجیب عەللاوی و مازن حەواس عەللاوی منیان بردە ریزەکانیانەوە.
**رووداو: لەگەڵ کێ بووی؟**
**سـەعد:** لەگەڵ حارس شـوجاع، کە ناسناوی ناسح بوو.
**رووداو: مووچەکەت چەند بوو؟**
**سەعد:** 150 هەزار.
**رووداو: 150 هەزار دیناری عێراقی؟**
**سەعد:** بەڵێ.
**رووداو: لەکوێ مەشق و ڕاهێنانت پێکرا؟**
**سـەعد:** لە سـەربازگە مەشـق و ڕاهێنانمان پێدەکرا.
**رووداو: سەربازگەی کوێ؟**
**سەعد:** سەربازگەی حەویجە.
**رووداو: دەکەوێتە کوێ؟**
**سەعد:** دەکەوێتە نێوان حەویجە و ریاز.
**رووداو: سەربازگەیەکی چۆن بوو؟**
**سەعد:** سـەربازگەکە باخێک بوو، بێستانێک بوو.
**رووداو: ماوەی خولی ڕاهێنانەکە چەند بوو؟**
**سەعد:** 40 ڕۆژ.
**رووداو: لەناو کام هێزدا بووی؟**
**سەعد:** لەناو سریەی هەڵکوتانە سەر شوێنان.
**رووداو: کێ بەرپرسی سریەکە بوو؟**
**سـەعد:** خالید عەبوش، نازنـاوی ئەبو وەلید بوو.
**رووداو: خەڵکی کوێ بوو؟**
**سەعد:** خەڵکی کۆمەڵگەی نەهرەوان بوو.
**رووداو: کۆمەڵگەی نەهرەوان سەر بە کوێیە؟**
**سـەعد:** کۆمەڵگەی نەهرەوان سـەر بە ریاز و حەویجەیە.
**رووداو: باشـە ئەی سەبارەت بەو چالاکیانەی بەشدارییت تێدا کردوون؟**
**سەعد:** هەڵمانکوتایە سەر بەتەرییەیەک.
**رووداو: کام بەتەرییە؟**
**سەعد:** بەتەرییەی مەکتەب خالید.
**رووداو: هێرشەکە چۆن بوو، چۆن هێرش کرا؟**
**سـەعد:** حـارس شـوجاع و فەرمانـدەی سرییەکەمان، ئەوان کردیان.
**رووداو: باشـە ئـەی شـەڕەکانی دیکـە کـە**

**30 پێشمەرگە دیلەکەی کەرکووک گواسترانەوە بۆ مووسڵ**

**چەکدار و تەقەمەنیی داعش کەم بووە**

**بەشدارییت تێدا کردوون؟**
**سەعد:** هێرشی شەوە تەمومژاوییەکە.
**رووداو: هێرشی شەوە تەمومژاوییەکە، بۆ کوێ بوو؟**
**سەعد:** هێرشی شەوە تەمومژاوییەکە بۆ سەر هەمـوو قاتعەکـە بـوو، بۆ شـەریکەی تەلقاز و، ویستیان بمانپەڕێننەوە و بمانبەنە نەوتخانە.
**رووداو: چی ڕوویدا؟**
**سـەعد:** چەکـی قورسـیان هێنابوو، لەسـەر ئۆتۆمبێلەکانیان دانابوو، بیکەیسـی، ئاربیجی و قەناس، هاوەنیان هێنابوو، بەر لە هێرشـەکە بە هاوەن بۆردومانیان کرد.. ڕۆکێت.
**رووداو: ئەوانـەی هاتبـوون، عـەرەب و بیانی بوون؟**
**سەعد:** بەڵێ. بەڵێ.
**رووداو: ئەوانیش لەوێ بوون؟**
**سەعد:** لەوێ بوون.
**رووداو: سـەرکردە و فەرمانـدەکان، یـان چەکدارەکان؟**
**سەعد:** نا نا. چەکدارەکان.
**رووداو: چ ڕوویدا؟**
**سـەعد:** لـە پـڕۆژە ئاودێرییەکـە پەڕینەوە، هەندێکیان خۆیان لەلای کۆمپانیاکە حەشـاردا و فرۆکەکانیش هاتن، بەڵام 30 پێشمەرگەیان بەدیل گرت.
**رووداو: پێشمەرگەکانیان بردن بۆ کوێ؟**
**سـەعد:** هەموویان بردن بۆ پشـت بازگەکەی مەکتەب خالید.
**رووداو: دواتـر، بـۆ کوێیـان بـردن و چییان لێکردن؟**
**سەعد:** حارس شوجاع کە بە ناسح ناسرابوو، ئەو بردنی..
**رووداو: کێی دیکەی لەگەڵدابوو؟**
**سەعد:** فارس نەجیب عەللاوی و مازن حەواس عەللاوی.
**رووداو: بۆ کوێیان گواستنەوە؟**
**سەعد:** بردیانن بۆ حەویجە، دواییش هەموویان گواستنەوە بۆ مووسڵ.
**رووداو: ئەو هێرشە کەی بوو؟**
**سـەعد:** ئەو هێرشە هەر شـەوی تەمومژەکە بوو.
**رووداو: زیانەکانتان چەندبوون لەو هێرشانە؟**
**سەعد:** زیانەکانمان زۆر بوون.
**رووداو: مەبەستت ئەوەیە کوژراوتان زۆر بوون؟**
**سەعد:** بەڵێ، بەڵێ.
**رووداو: ئـەی بۆمـب و تەقەمەنیتـان لە کوێ دەهێنان و چۆن پەیداتان دەکردن؟**
**سەعد:** مازن حەواس عەللاوی، عومەر ئیبراهیم عەزۆ، قەزال نەجیب عەللاوی، ئەوان تەقەمەنی و بۆمبەکان و جلیکانەکانیان دەهێنان.
**رووداو: ئـەی کـێ ئۆتۆمبێلەکانـی بۆمبڕێـژ دەکرد؟**
**سـەعد:** هەر ئـەوان ئۆتۆمبێلەکانیان بۆمبڕێژ دەکـرد و بۆمبیـان بـۆ دانانەوە ئامـادە دەکرد، شـوێنێکی لە جەمەلۆن دروستکراویان هەبوو لە ناوچەی زراعە.
**رووداو: ناوچەی زراعە لە کوێیە؟**
**سەعد:** لە ناحیەی ریاز.
**رووداو: ئـەی کوشـتن و سـەربڕین و گوللـە بارانکردنەکان لەکوێ دەکران؟**
**سـەعد:** کوشـتن و گوللەبارانکردنـی خەڵک لەلایەن ئەبو سـومەییە و حارس شـوجاع کە بە ناسح ناسرابوو، ئەوان دەیانکرد.
**رووداو: ئەبو سومەییە کێیە؟**
**سەعد:** فەهد عەدای شواری.
**رووداو: ئەوە چۆن دەکرا، بۆمان باس بکە؟**
**سـەعد:** ئەوان کارمەندانی هێزە ئەمنییەکان، ئەوانەی لە مووسڵ دەهاتنە کەرکووک دەیانگرتن و دەیانهێنان لەوێ دەیانکوشتن.
**رووداو: واتە لەوێ دەیانکوشتن؟**
**سەعد:** لەوێ دەیانکوشتن، 300 کەس زیاتریان لەوێ کوشتوون.
**رووداو: ئەی تەرمەکان؟**
**سـەعد:** تەرمەکانیـان لەوێ لەودیـو بازگەکە دەشـاردنەوە، خەندەقێکیان بە شـۆفڵ لێدەدا و تەرمەکانیان دەخستنە ناویەوە.
**رووداو: ڕاستەوخۆ گوللەبارانیان دەکردن؟**
**سەعد:** بەڵێ.
**رووداو: لەسـەرچی دەیانکوشـتن، هـۆکاری کوشتنەکەیان چی بوو؟**
**سەعد:** کارمەندی حکومەت بوون.
**رووداو: یەعنی چی کارمەند بوون؟**
**سـەعد:** بەخوا نازانم، پۆلیس بوون، سـەرباز بوون، سەحوە بوون.
**رووداو: یەکسەر دەیانکوشتن؟**
**سەعد:** بەڵێ یەکسەر دەیانکوشتن.
**رووداو: ئەی سەبارەت بە کوردی ئێزدی؟**
**سەعد:** ئێزدیەکان. سەرکردەکان دەیانبردن و دەیانکردنە ژنی خۆیان.
**رووداو: کام سەرکردانە؟**
**سـەعد:** بەخوا نازانم. بەڵام سـەرکردەکان بۆ خۆیان دەیانبردن.
**رووداو: ئەی سەبارەت بە تۆ، ئەو ماوە زۆرە کە لەگەڵ داعش بووی، چۆن هاتیە کەرکووک و چۆن هاتیە نێو کەرکووکەوە، کێ هانیدای و تۆی نارد؟**
**سەعد:** فارس نەجیب عەللاوی و مازن حەواس عەللاوی، منیان نارد.
**رووداو: ئەوان چی بوون لەناو داعش، پلەکەیان چی بوو؟**
**سەعد:** بەرپرسـی تەقاندنەوە و بۆمبڕێژکردن بوون.
**رووداو: ئەوان چین، سەرکردەن؟**
**سەعد:** ئا. بەڵێ.
**رووداو: داوای چییان لێکردی؟**
**سـەعد:** داوایان کرد بێمە کەرکووک، ئێشیان لەسەر کەرکووک دەکرد، دەیانویست لە کەرکووک تەقینەوە بکەن.
**رووداو: چۆن هاتیە نێو کەرکووک؟**
**سـەعد:** لە ڕێگـەی چیـاوە هاتم، لـە چیای حەمرینەوە هاتمە نێو کەرکووک.
**رووداو: چۆن، لە چیاوە؟**
**سـەعد:** لە چیـای حەمرینـەوە هاتـم، دواتر

**داعش شانەی نهێنی لەنێو کەرکووکدا هەیە**

**سەربازگەکانیان بردوونەتە ناو دارستان و بێستانەکان**

گەیشـتمە کەسـێکی حەشـد و منی هێنایە نێو کەرکووک.
**رووداو: چـۆن تـۆی گەیاندە نێـو کەرکووک؟ لەڕێگەی ئەوانەی حەویجە و ریاز گەیێندرای؟**
**سەعد:** بەڵێ ئەوان ڕەوانەیان کردم.
**رووداو: واتە شانەی نهێنییان لەناو کەرکووکدا هەن، باسی ئەو شانانەمان بۆ بکە؟**
**سـەعد:** بەڵـێ شـانەی نهێنـی داعـش لەناو کەرکووکدا هەن.
**رووداو: واتە پەیوەندییان هەیە؟**
**سەعد:** بەڵێ پەیوەندییان هەیە.
**رووداو: پەیوەندیکرنەکەتان چۆن بوو؟**
**سەعد:** پەیوەندیکردنمان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بوو. ئۆتۆمبێلێکی لە پیشانگەکان کڕی، بۆمبڕێژیان کرد، ویستیان بە حوسەینییەکەدا بیتەقێننەوە.
**رووداو: کام حوسێنییە؟**
**سەعد:** حوسێنییەکەی گەڕەکی 1ی حوزەیران، بـەڵام لەبـەر توندیـی ڕێوشـوێنە ئەمنییەکانی شوێنەکە، نەمانتوانی بیبەینە ژوورەوە، لە لاڕێگاکە ڕایانگرت و بەهێزی فریاکەوتندا تەقاندیانەوە.
**رووداو: باشە ئەوە سەبارەت بە شانەکان، ئەی ئێستا بارودۆخی داعش چۆنە لەگەڵ پێشوو؟**
**سەعد:** ئێستا بارودۆخی داعش جیاوازە لەگەڵ پێشـتر، ئێسـتا لاواز بوونە، حەویجە لە مووسڵ دابڕاوە، لە ناوەندەکەیان، لە حەویجە گەمارۆدراون، لە ئەنبار گەمارۆدراون.
**رووداو: ئەی چەک و تەقەمەنییان کەم نەبووە؟**
**سـەعد:** بەڵێ چەک و تەقەمەنییان کەم بووە، چەکداریان کەم بوونە، چەندین ناوچەیان لە ئەنبار لەژێردەست دەرهێنراون.
**رووداو: ئـەی چەکدارە بیانییـەکان، ئەوانیش کەم بوونەتەوە؟**
**سـەعد:** بەڵێ چەکدارە بیانییەکان ئێسـتاش ماون، بەڵام ئەوانیش کەم بوونەتەوە، ژمارەیەکی زۆریان کوژران.
**رووداو: بارەگاکانیان ئێستا لە کوێن؟**
**سـەعد:** بارەگاکانیان ئێسـتا لەنێـوان ریاز و حەویجـەن، لە دارسـتانەکە، شـوێنی مەشـق و ڕاهێنانەکانیشیان لەو دارستانانەن. بۆ نموونە لە حەویجە لە دارستانەکە، لە ریاز لە دارستانەکە، لە شوێنی دیکەش لە دارستانەکانن.
**رووداو: لەزۆر شوێن؟**
**سەعد:** لە شوێنی دیکەش سەربازگەیان هەیە، لە ناوچە شاخاوییەکان.
**رووداو: کـێ سەرپەرشـتی سـەربازگەکانیان دەکات؟**
**سـەعد:** فەهد عەدای، کە بە ئەبو سـومەییە ناسراوە، سەرپەرشتی سەربازگەکە دەکات.

# موقتەدا سەدر دادوەرێکی کورد بۆ لیژنەیەک پێشنیاز دەکات

**هەڵۆ کاکەوەیس**
**رووداو- هەولێر**

موقتـەدا سـەدر، سـەرۆکی ڕەوتـی سـەدر، چەند پێشـنیازێک بـۆ حەیدەر عەبادی، سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق دەکات و داوای پێکهێنانی لیژنە بۆ پێشنیازەکانی دەکات، داواش دەکات دادوەرێکی کورد لە لیژنەکەدا بێت.

دوای ئـەوەی حەیـدەر عەبـادی ڕایگەیانـد کە دەیانـەوێ گۆڕانـکاری لـە حکومەتـدا بکـەن و حکومەتێکـی تەکنۆکـرات پێکبهێنـن، موقتـەدا سـەدر سـەرۆکی ڕەوتـی سـەدر بەیاننامەیەکـی بڵاوکـردەوە و داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی کرد بۆ دەستنیشانکردنی کەسانی تەکنۆکرات بۆ کابینەی حکومەت.

موقتـەدا سـەدر لـە بەیاننامەکەیـدا ئاماژە بە داڕووخانی پرۆسـەی سیاسی دەکات و داوا دەکات کـە بەپیـر مەرجەعیـەت و داواکارییەکانیـەوە بۆ چاکسازی بچن، سەدر پێشنیاز دەکات حکومەتێک بە سەرۆکایەتی عەبادی لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتی نیشتمانیی سەربەخۆ پێکبهێنرێت، بەشێوەیەک هەر وەزارەتێک سێ تاوەکو پێنج کەس بەڕێوەی ببەن. لیژنەیەکیش ئەو کەسـایەتیانە دیاری بکات کە لە ژمارەیەک دادوەر و کەسـانی ئەکادیمی و سیاسی پێکدێت.

سەدر داوا دەکات چەند پێوەرێک ڕەچاو بکرێ لە دانانی ئەو کەسانەدا، ئەوانیش: کەسەکە سەربەخۆ بێت و پەیوەندی بەهیچ حیزبێکەوە نەبێ. هەڵگری ڕەگەزنامـەی عێراقی بێـت و ڕەگەزنامەی وڵاتێکی دیکـەی نەبێـت. خاوەنـی ناوبانگێکـی بـاش و نیشتمانپەروەرانە بێت. شارەزای لە ئیدارەدا هەبێت و خاوەنی پسپۆڕێتی بێت.

موقتەدا سەدر لە بەیاننامەکەدا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکـی کـردووە بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەو کەسـانەی ئـەو پێوەرانەیـان تێدایـە. لیژنەکەش پێکبێت لە دادوەران (3 کەس) ئەکادیمیستان (3 کەس) و سیاسـییەکان (3 کـەس) و فەرمانبەری سـەربەخۆ (3 کـەس)، هەروەها داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی ڕاوێژکاری بۆ ئەو لیژنەیە کردووە کە لە 7 کەس پێکدێن.

یەکێـک لـەو سـێ دادوەرەی موقتـەدا سـەدر پێشـنیازی کـردووە، دادوەرێکی کـوردە بە ناوی ئاسۆ محەممەد سۆفی. ئەو دادوەرە پێشتر فەرمانی لە سـێدارەدانی بۆ عەلی حەسـەن مەجید لەسەر دۆسیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەرکردووە.

بەڵام دادوەر ئاسـۆ محەممەد سۆفی، سەرۆکی پێشووی دادگای تاوانەکانی عێراق لە لێدوانێکدا بۆ (تۆڕی میدیایـی رووداو)، ڕەتیکردەوە ئاگای لەوە بووبێت کە ناوی بۆ ئەو لیژنەیە پێشـنیاز کراوە و گوتی "پێشـتر دوور و نزیک ئاگاداری ئەوە نەبووم کە ناوم بۆ ئەو لیژنەیە پێشنیاز کراوە".

سـەبارەت بـە قبوڵکردنـی داواکـەی موقتەدا سـەدریش، دادوەر ئاسـۆ سـۆفی گوتـی " من بە خۆشـحاڵییەوە ئەندامبـوون لـەو لیژنەیـە قبووڵ دەکـەم، هەرچەنـدە هیچ بەرچـاو ڕوونییەکم نییە لەسـەر ئالیەت و شێوەی کاری ئەو لیژنەیە، بەڵام پەیوەندیم پێوەکراوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بۆ ئەو مەبەستە سەفەری بەغدا دەکەم".

هەرچەندە ئەو دادوەرە کوردە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا کاری کردووە، بەڵام دەڵێت هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ موقتەدا سـەدر و ڕەوتەکەیدا نییە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەو دادوەرانەی لە موقتەدا سەدرەوە نزیکن، ناوی ئەویان بۆ لیژنەکە پێشنیاز کردبێ.

ئەو دادوەرە کوردە گوتی "من پێشـتر لە بەغدا دادوەر بـووم، بەشـێک لـەو دادوەرانـەی هاوڕێـم بوونە، تێکەڵاوی سیاسەت بوون و پەیوەندییان بە موقتەدا سەدرەوە کردووە، دڵنیام هەر ئەوان منیان پێ پەسـەند بووە. من کابرایەکـی کوردپەروەرم و پەیوەندیم بە هیچ لایەنێکەوە نییە و ناشبێت".




### دادوەر ئاسۆ محەممەد سۆفی

سـاڵی 1964 لە هەڵەبجە لەدایک بووە. سـاڵی 1989 کۆلێژی یاسـای لـە زانکۆی مووسـڵ تەواو کـردووە. ماوەی 13 سـاڵ لە شـاری بەغـدا پارێزەرێتی کـردووە. بۆ 8 ساڵ سـەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکانی عێـراق بووە و لەو ماوەیەدا سەرپەرشـتی چەنـد دۆسـیەیەکی کـردووە، لەوانـەش دۆسیەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە، دۆسـیەی ئەنفالکردنـی بارزانییـەکان، دۆسـیەی کوشـتنی سـەدرییەکان کـە بە دۆسـیەی نوێژی هەینی ناسراوە، دۆسیەی کوردی فەیلی و ڕاپەڕینی بەهاری 1991ی خـوارووی عێـراق، ناسـراو بـە ڕاپەڕینی شـەعبانی. عەلـی حەسـەن مەجید کە یەکێـک بـوو لـە تاوانبارانـی دۆسـیەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بە واژۆی دادوەر ئاسـۆ سۆفی سزای لە سـێدارەدانی بۆ دەرچوو. سـۆفی دادوەری خانەنشـینە و چالاکڤانی بواری جینۆسایدە.

ئەدهەم بارزانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ (رووداو):

# بۆ پاڵپشتی مەسعود بارزانی گەڕامەوە نێو پارتی



رۆژی 2/4/2014 بڕیاری دا لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی بکشێتەوە، بەڵام دەست لەکارکێشانەوەکەی پەسەند نەکرا، پێشنیازی وەردەگرت بۆ ئەوەی حیزبێکی نوێ دابمەزرێنێ، بەڵام لە دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتیی پارتی لە 18/2/2016 دەرکەوتەوە. ئەدهەم بارزانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە ماڵەکەی خۆیدا لە پیرمام، بەڵام لە ژوورێکی بچووکدا قسەی بۆ (رووداو) کرد و باسی گەڕانەوەی بۆ سەرکردایەتی پارتی کرد و گوتی "لەسەر داوای سەرۆک بارزانی و بە مەرج گەڕامەوە". ئەدهەم بارزانی تێبینی لەسەر ئەدای کارکردنی کادیرانی پارتی هەیە و دەڵێت "پارتییەکان پارتییان بە جۆرێک بچووک کردەوە کە جێگەی کەسێکی وەکو ئەدهەم بارزانیشی تێدا نەبێتەوە".

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد
رووداو- پیرمام

**رووداو: ماوەیەک سەرقاڵی وەرگرتنی پێشنیازیووی بۆ دامەزراندنی حیزبێکی نوێ، بەڵام گەڕایەوە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمە چۆن بوو؟**

**ئەدهەم بارزانی:** راستە پێشتر پرسیارم کرد، ئایا ئەدهەم بارزانی لە کام پێگەی سیاسی لە کوردستان کار بکات و هەرێمی کوردستان پێویستی بە چی هەیە تاوەکو بەو شێوەیە خزمەتیان بکرێ. ئەو سیاسەتەی ئێستا لە کوردستان هەیە، کۆمەڵە حیزب و کەسێکن ئەم سیاسەتە بەڕێوەدەبەن. بۆ ماوەیەکی درێژ لەم کوردستانەدا دوو حیزب (پارتی و یەکێتی) دەسەڵاتی کوردستانیان 50 بە 50 بەدەستەوە بوو، چونکە رێککەوتنێکی هاوبەش هەبوو، ئەگەرنا بەگوێرەی هەڵبژاردنەکان پارتی 50+1ی دەنگی هێنا و دەیتوانی بەتەنیا حکومەت دروست بکات، بەڵام لەگەڵ یەکێتی رێککەوتن و کوردستانیان دابەش کرد. تەنانەت گەیشتە ئەوەی ئەگەر پارتی فەڕاشێکی دامەزراندبا، دەبووایە یەکێتیش یەکێک دابمەزرێنێ. دوای 2009 هەندێ لایەنی دیکە وەکو ئۆپۆزیسیۆن بەهێز بوون، چونکە لەدەرەوەی دەسەڵات بوون، دەستیانکرد بە رەخنەگرتن و باسی حکومەتی نیوە بە نیوەی پارتی و یەکێتی. بەڵام من بەوانە ناڵێم ئۆپۆزیسیۆن، چونکە ئۆپۆزیسیۆن بنەمای خۆی هەیە. ئەو سێ لایەنە باسی دەسەڵاتیان دەکرد کە بەشیان نەبوو. دوای هەڵبژاردنەکانی 2013 دەمانگوت ئەگەر ئەم لایەنانە بێنە نێو حکومەت، چونکە دروشمی زۆریان هەبوو لەسەر چاکسازی، دەمانگوت بەڵکو خێری هەبێ بۆ حکومەت و ببێتە هۆی هاتنەئارای دادپەروەری، بەڵام خۆم و خەڵکیش ئەوەی بینی کاتێک پێکهێنانی کابینەی هەشتەم نزیکەی ساڵێک دواکەوت و نەیانتوانی حکومەت پێکبهێنن. دەزانن بۆ؟ چونکە شەڕی وەزیر و پلە و پۆست بوو کە کێ وەزیرێک و پلەیەکی زیاتر وەردەگرێ، بەتایبەتی ئەوانەی تاوەکو دوێنێ ئۆپۆزیسیۆن بوون. بەڕاشکاوانە بە نێچیرڤان بارزانییان گوت دەبێ پشکی ئێمەش جێگەی هەبێ کە چەندین ساڵە پارتی و یەکێتی 50 بە 50 دەیخۆن و دەبێ ئەم لیستانە دابمەزرێنن و خانەنشین بکرێن! هیچ کام لەو سێ لایەنە ناتوانن ئەمە ئینکار بکەن، چونکە مەلەفیان هەیە و دەخرێتە سەر مێز و با خەڵک ببینن. مەبەستم ئەوە نییە بەرگری لە پارتی و یەکێتی بکەم کە گەندەڵی و ئاڵۆزی لەسەردەمی حوکمڕانییاندا هەبووە.

**رووداو: بەڵام وەڵامی پرسیاری یەکەممان وەرنەگرت؟**

**ئەدهەم بارزانی:** دەبێ هەمووومان کارێک بکەین نەکەوینە بەردەم هێرش و غەزەب و تووڕەیی ئەم میللەتە و ئەم قسەیەم بە سەرۆک بارزانیش گوتووە و بۆ سەرکردەکانی پارتیش باسم کردووە. ناکرێ دەرفەت بدرێ بەرەڵایی رووبدات. پارتی خۆی مێژوو و سەروەرییە، بە رووبار خوێنی رشتووە بۆ ئامانجی بڵندی ئەم گەلە. پارتی رێگەی ئامانجی ئەم میللەتە بوو نەک ئامانج بوو، بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانە بووە، پارتییەکان ویستیان پارتی خزمەتیان بکات، گرفتەکە لێرەوە دەستی پێکرد. پارتی بچووک بووەوە و بچووک کرایەوە. ئەو چەترەی مەلا مستەفا هەڵیدابوو زۆر گەورە بوو، بەڵام ئەوەندە بچووک کرایەوە کە جێگەی ئەدهەم بارزانیشی تێدا نەما. ناچار بووم دەربچم و بیربکەمەوە کە خەڵکی ئێمە چییان دەوێ و چۆن خزمەتیان بکەین، بەڵام

> به هەر قیمەتێک بێ، دەبێ بارزانی بڕیارەکانی ئەمجارەی جێبەجێ بکات
>
> ئەگەر بڕیارەکانی بارزانی جێبەجێ نەکرێن شتی زۆر گەورە لەدەست دەچن
>
> پارتی ئەوەندە بچووک کرایەوە جێگەی ئەدهەم بارزانیشی تێدا نەما
>
> دەبێ کارێک بکرێ نەکەوینە بەردەم غەزەب و تووڕەیی گەل

خەڵک پێیانگوتم دروستکردنی حیزبێکی نوێ بەباش نازانین و گوتیان ئەگەر میللەت ویستی گۆڕانکاری بکات لە رێگەی حیزبەوە نایکات، بەڵکو لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی دەیکات. حیزب لە کوردستان لەقاڵب دراون و بوونەتە ئامانج بۆ گەلێک کەس نەک رێگەی خەبات. بۆیە گەڕانەوەی من بۆ نێو پارتی زۆر بە راشکاوانە دەیڵێم، ئەگەر ئەوەم بینیبایە بزاوتێکی دروست و راستەقینە کە خزمەتی خەڵکی کوردستان بکات و خزمەتی ئامانجی بەرزی ئەم میللەتە بکات و لەم قەیرانە رزگاری بکات و بەرەو رەفاهیەتی ببات، رەنگە لەنێویدا جێگەی من هەبووایە، نەک لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵام ئەو بزاوتە نییە. دەمەوێ ئەوەش بڵێم، هەر بڕیارێکی دیکەم دابا ئەوە ئاشی هەندێ لایەنی دیکەی دەگێڕا. گەڕانەوەی من بۆ نێو پارتی بۆ پاڵپشتی شەخسی مەسعود بارزانی بووە. ئەو سیفاتانەی لە بارزانیدا هەن لە کەسایەتییەکی دیکەی کوردستاندا نایبینم و توانای ئەوەی هەیە کە کورد لە دەوری رابوەستن بۆ تێپەڕاندنی کوردستان بەرەو قۆناغێکی دیکە، چونکە هێشتا کوردستان نەبووەتە دەوڵەت.

**رووداو: کەواتە لەسەر داوای بارزانی گەڕایەوە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** بە چەند رۆژێک پێش سەفەری سەرۆک بۆ میونشن، پێکەوە دانیشتین و زۆر بابەتمان باسکرد و بارزانی زۆری پێباش بوو بگەڕێمەوە، بەهەرحاڵ پێویستم بە کاک مەسعود هەیە. کورد لە باشوور، باکوور و رۆژئاوای کوردستان ئەمڕۆ پێویستیان بە بارزانی هەیە. هەموو دنیا خۆیان بۆ شەڕێکی گەورە ئامادە دەکەن و گرێبەستی گەورە ئیمزا دەکرێن بۆ کڕینی چەکی گەورە لەلایەن ئێران، سعودیە، عێراق و پاکستان. شەڕێکی بەهێز لە یەمەن و سووریا هەیە. ئەوە زیاتر لە 20 ساڵە هەموو هەوڵێک بۆ ئەوە بوو یەک هێز و یەک ئاسایش و یەک پێگە دروست بکەین، بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی. هێشتا هێزی پارتی، هێزی یەکێتی و هێزی پەکەکە هەیە و لە هیچ شوێنێک نەبووەتە هێزی نیشتیمانی. با هیچ عەقڵێک ئەوە قبووڵ نەکات بە لەدەستچوونی هەولێر و دهۆک، سلێمانی بەسەرفرازی دەژیت.

**رووداو: هیچ مەرجێکت هەبوو بۆ گەڕانەوە؟**

**ئەدهەم بارزانی:** کاتێک دەستم لەکارکێشایەوە نووسیم: کە جام پڕبێ لەسەری دەڕژێ. لای من جامەکە پڕببوو، نووسیم بۆ من نییە ئیدی لێرە (لەناو پارتیدا) بمێنمەوە. کە گەڕامەوە نێو پارتی لە کۆبوونەوەی 2016/2/18 گوتم ئێوە دڵنیا دەکەمەوە کە کاک مەسعود بەتەنیا جێناهێڵم، چونکە شیمانەی ئەوە هەبوو بارزانی بەتەنیا بمێنێ و لە دژی بوەستنەوە. هیچ مەرجێکی تایبەتم نەبووە، بەڵکو هەندێ مەرجی کارکردنم هەبووە کە بتوانم رۆڵی خۆم لە هەندێ کاری سەرەکیدا ببینم. ئامانجی من ئەوە نییە ناوی ئەندامی سەرکردایەتی لەسەر من بێ، پارتی 50 ئەندامی سەرکردایەتی هەیە. ئینشائەڵڵا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەردەکەوێ کە چ کارێک دەکەین.

**رووداو: راستە دەچی بۆ سلێمانی و لەوێ کاردەکەی؟**

**ئەدهەم بارزانی:** هەر شوێنێ پێویستی بە من هەبێ دەچم. من دەمەوێ ببمە بەشێک لە چارەسەری کێشەکان و رێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، بۆ ئەوەش ئامادەم بچمە دۆزەخیش. سلێمانی بەشێکە لە سنووری خەباتی پارتی. بەڵێ هەر کاتێک پارتی داوام لێ بکات بە شانازییەوە دەچمە سلێمانی. من کەیفم بە سلێمانی دێ و رۆژانە پەیوەندی بەردەوامم هەیە و ئامادەم بچمە ئەوێ.

## چ بەرپرسێک هەیە دەستی خۆی بە گەندەڵی پیس نەکردبێ؟

**رووداو: یەکەم کەس بووی لەنێو پارتی سەردانی نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەی گۆڕانت کرد، هەر ئەو سەردانە گەلێک دەرگای دیکەی لە نێوان پارتی و گۆڕان کردنەوە، ئێستا بارزانی چی دەڵێ لەسەر نەوشیروان مستەفا؟**

**ئەدهەم بارزانی:** پارتی هەوڵێکی زۆری دا لەگەڵ گۆڕان ئاشتبوونەوەیەک بکرێ. رێزێکی تایبەتم هەیە بۆ نەوشیروان مستەفا و خەباتەکەی، ئەو کاتەی من سەردانی نەوشیروان مستەفام کرد نە لەناو پارتی و نە لەناو یەکێتی کەس سەردانی نەکردبوو، من دەرگام کردەوە و سەهۆڵەکەشم تواندەوە، دەبووایە نەوشیروان مستەفا قەولی خۆی بەجێهێنابا بەڵام بەجێی نەهێنا، نەدەبوو رێگە بدات ئەوەی کرا رووبدات و پرسی سەرۆکایەتی هەرێم بگاتە ئەو ئاستە. چونکە خۆی گوتی (چوار ساڵی ئارام دەبێ). دەکرا هەر لەگەڵ خودی کاک مەسعود ئەم بابەتەی باسکردبایە، نەک لە رێگەی هاندانی پەرلەمانتاران کە دۆخەکە گەیشتە ئەمڕۆ و پەرلەمانی کوردستانیش پەکی کەوت.

**رووداو: راستە ئەم دۆخە وەکو دەگوترێ بە کۆبوونەوەیەکی نێوان بارزانی و نەوشیروان مستەفا چارەسەر دەبێ؟**

**ئەدهەم بارزانی:** نەخێر وا نییە، چونکە قودرەتی سیاسی نەوشیروان مستەفا لە ئاستی بارزانیدا نییە، بگرە لە ئاستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیشدا نییە، راستە گۆڕان 24 و یەکێتی 18 کورسییان لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، بەڵام لەسەر ئەرز یەکێتی بەهێزترە. چۆن ئەگەر ئەو دوو کەسە یەکدی ببینن کێشەکان چارەسەر دەبن؟ ئەی یەکێتی! ئەویش قسە و پێگەی خۆی هەیە و لایەنی دیکەی سیاسیش هەن.

**رووداو: ئێستا بارزانی پرۆژەیەکی چاکسازی راگەیاندووە بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، ئەم پرۆژەیە چۆن جێبەجێ دەبێ؟**

**ئەدهەم بارزانی:** بەڕای من ئەم بابەتە لە گەندەڵی زۆر گەورەترە، گەندەڵی هەر دەبێ، بەڵام ئەوەی هەیە لە گەندەڵی تێپەڕیوە و تاڵانە تاڵان. پرۆژە هەیە بایی 140 ملیۆن دۆلار بووە، کەچی کاتێک تەواو بووە 400 ملیۆن دۆلار زیاتری لێ خەرجکراوە. نابێ چاوەڕێ بکەین ئەو کارانەی 20 و ئەوەندە ساڵە دەکرێن بە یەک بڕیار چارەسەر بکرێن. ئایا کێ و چ بەرپرسێک بە کێ دەگۆڕێن؟ چ بەرپرسێک هەیە دەستی خۆی بە گەندەڵی پیس نەکردبێ؟ مەگەر کەسێک هەبێ خودا پاراستبێتی و گەندەڵیی نەکردبێ. دەبێ ئالیەتێکی زۆر ورد دابنرێ، ئەگەرنا کێشەی زۆر گەورەتر روودەدات.

**رووداو: ئەی چۆن دەستپێدەکرێ؟**

**ئەدهەم بارزانی:** دەبێ حکومەت بە سیستەمی خۆیدا بچێتەوە، هەندێ کەس و وەزیر و قانون بگۆڕدرێن، چونکە ئەگەر موحاسەبەی کەس نەکرێ و بە رەش نەڵێن رەش، چاکسازی ناکرێ.

**رووداو: دەڵێن دەبێ گەندەڵی بە بەڵگە بخرێتەڕوو، ئایا بەڵگە وا بە ئاسانی دەستدەکەوێ؟**


**ئەدهەم بارزانی:** ژیانی ئەم خەڵکە هەمووی بەڵگەیە. ئەوەی لەدەستی زۆر کەسدایە با لێی بپرسن چۆن هێناوتە و لەکوێ هێناوتە؟ مووچەت هەیە، بەچاوان وەرە با حیساب بکەین چەندە و ئەوەی هەتە بە مووچە بەدەستدێ؟ شتەکە روون و ئاشکرایە.

**رووداو: دەگوترێ پارتییەکان خۆیان ئامادە نین پرۆژەی بارزانی جێبەجێ بکەن؟**

**ئەدهەم بارزانی:** هیچ کارێک نییە ئاستەنگی نەبێ، بەڵام پێویستە لەسەر جەنابی سەرۆک کە بە هەر قیمەتێک بێ، بڕیارەکانی ئەمجارە جێبەجێ بکات، چونکە جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارانە یەکسانە بە لەدەستدانی بەشێکی هەرە گەورەی ئەو واقیعەی کە هەیە.

> خەڵک پێیانگوتم دروستکردنی حیزبێکی نوێ بە باش نازانین
>
> ئەوەی لە کوردستان هەیە تاڵانە و لە گەندەڵی تێپەڕیوە
>
> نەوشیروان مستەفا قەولەکەی بەجێ نەهێنا

کوردستانی
روودو
ژمارە (397) دووشەممە 2016/2/22



## تورکیا قوتابخانەیەکی کوردی دادەخات

**روودا و– ئامەد**

لە رۆژی 21 شوبات کە رۆژی زمانی دایکە، بەبڕیاری وەزارەتی پەروەردەی تورکیا پۆلیسی ئامەد قوتابخانەیەکی کوردی داخست. قوتابخانەی عەلی ئەرەل لە ئامەدی باکووری کوردستان، مانگی 10ی 2015 کرایەوە و پرۆسەی خوێندن تێیدا بە زمانی کوردی بوو. لەکاتی داخستنی قوتابخانەکەدا پۆلیس رایگەیاند، وەزارەتی پەروەردە لە 2015/11/28دا بڕیاری داخستنی قوتابخانەکەی دەرکردووە. بەڕێوەبەرایەتی شارەکە، نەبوونی مۆڵەتی کارکردنی قوتابخانەکەی کردووە بە بیانوو بۆ داخستنی، ئەوەش لەکاتێکدا داوادەکرێت زمانی کوردی بە دووەم زمانی فەرمی تورکیا بناسرێندرێ.

چاودێرانی تورک:

# سوپای تورکیا ناتوانێ رێ لە یەکگرتنی کۆبانی و عەفرین بگرێ

**روودا و– هەولێر**

بۆردومانی ناوچەکانی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە بەردەوامە، هێزەکانی سووریای دیموکراتیش لە پێشڕەویدان. چاودێرانی سیاسی پێیانوایە تورکیا لە رازیکردنی ئەمریکا بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بێ هیوا بووە، بۆیە هەوڵ دەدات بە زەبری هێز پێشڕەوییەکانی ئەو هێزە رابگرێت کە خوازیارە هەردوو کانتۆنی عەفرین و کۆبانی پێکەوە گرێ بدات.

رۆژی 11ی ئەم مانگە هێزەکانی سووریای دیموکرات توانییان فڕۆکەخانەی مینغ کە 10 کیلۆمەتر لە شارۆچکەی عەزاز لە باکووری حەلەب دوورە، لەدەستی گرووپە رادیکاڵەکان دەربێنن. سێ رۆژ دواتر سوپای تورکیا دەستی بە تۆپبارانی فڕۆکەخانەکە و دەوروبەری کرد، ئەمەش کاردانەوەیەکی توندی بەدوای خۆیدا هێنا.

رۆژنامەی حوریەتی تورکی بڵاوی کردەوە کە تورکیا راپۆرتێکی داوەتە دەست ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و تێیدا پاساوی ئەو بۆردومانەی روونکردووەتەوە. راپۆرتەکە ئاماژە بەم خاڵانە دەکات:

1- پەیەدە و سوپای سووریا بەرەو عەزاز دێن، بەهۆیەوە بەرەورووی شەپۆلێکی دیکەی کۆچبەران دەبینەوە. چونکە لە نێوان عەزاز و کلیس 10 کەمپی ئاوارەکان هەن. کاتێک پەیەدە و سوپای ئەسەد دەگەنە عەزاز، دانیشتووانی کەمپەکان دەپەڕنەوە ناو تورکیا. بۆیە دەبێت عەزاز لە دەستی ئۆپۆزیسیۆندا بمێنێتەوە.

2- ئۆپەراسیۆنی یەپەگە لە دژی داعش نییە. چونکە داعش لەو ناوچەیە نین. پەیەدە هێرشی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە دەکات کە دەخوازێ لەلای رۆژهەڵاتەوە لە دژی داعش شەڕ بکات. فڕۆکەخانەی مینغ سەرەتا لە دەستی ئۆپۆزیسیۆندا بوو.

3- پەیەدە دەخوازێ خاکی زیاتر بگرێ. لە رابردوودا گرێسپی گرت و ئێستاش دەخوازێ عەزاز بگرێت. کاتێک گرێسپی گرت، 24 هەزار کەس ئاوارە بوون، چوار هەزار کورد گەڕانەوە و 20 هەزار عەرەب لە تورکیا مانەوە، بەوجۆرە دیمۆگرافیای گرێسپییان گۆڕی.

بەڵام ئەو تۆپبارانەی تورکیا، هێزەکانی سووریای دیموکراتی پەکنەخست، ئەو هێزانە لە رۆژی 14ی ئەم مانگە هێرشیان کردە سەر شارەدێی تل رەفعەت کە 15 کم لە باشووری رۆژهەڵاتی عەزاز دوورە، دوو رۆژ دواتر گەیشتنە نزیک شارۆچکەی مارع کە لە دەست گرووپە ئیسلامییەکاندایە و داعش لە سێ لاوە گەمارۆی داوە. ئەمەش تورکیای ئەوەندەی دیکە نیگەران کرد. بۆیە ئەمجارە دەستی بە تۆپبارانی ناوچەکانی عەفرین کرد. رامی عەبدولڕەحمان، سەرۆکی روانگەی سووری بۆ مافی مرۆڤ کە بارەگاکەی لە لەندەنە، بە (روودا و)ی گوت: "قوربانیانی بۆردومانەکانی تورکیا هەموویان کەسانی مەدەنین، تا ئێستا 7 کەس کوژراون و 28 کەسیش بریندارن". گوتیشی: "تورکیا هەر بەمە نەوەستاوە، مووشەکی ئەمریکی دەداتە گرووپە ئیسلامییە توندڕەوەکان و ئەوانیش لە دژی ئەو هێزانەی دۆستی ئەمریکان لەناو سووریا، بەکاری دێنن".

دوای ئازادکردنی شارۆچکەی گرێسپی لە 15ی حوزەیرانی رابردوو، تورکیا داوای کرد لە سنووری عەزاز بە درێژایی 90 کیلۆمەتر چوارگۆشە ناوچەیەکی ئارام دروست بکرێت و ئاوارەکانی شەڕی سووریای لێ نیشتەجێ بکرێن. بەڵام کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئەرێنی وەڵامی ئەو داواکارییەی تورکیاوە نەدایەوە. دوای گرتنی شارۆچکەی تل رەفعەتیش، رۆژنامەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە تورکیا دەخوازێ ئەمریکا رازی بکات بەوەی ناوچەیەکی ئەمنی بە قووڵایی 10 کیلۆمەتر دروست بکرێت.

ئێستا هێزە دیموکراتەکانی سووریا کە یەپەگە بە لایەنی سەرەکیی ئەو هێزە دادەنرێت، تەنیا حەوت کیلۆمەتر لە عەزاز دوورن. نێوان عەزاز و دەروازەی سنووریی بابوسەلامە لەگەڵ تورکیاش تەنیا هەشت کیلۆمەترە. هێزە ئیسلامیەکان کە تورکیا وەکو ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەو لە قەڵەمیان دەدات، لەو ناوچەیەدا تەنیا شارۆچکەی عەزاز و مارعیان بەدەستەوەیە.

گەیشتنی یەپەگە و هێزە هاوپەیمانەکانی بۆ سنووری عەزاز، تورکیای ناچار کردووە باسی دەستێوەردانی سەربازی بکات بۆ ناوچەکە کە ئەمەش وەکو کارێکی شێتانە دەخوێندرێتەوە. ژەنەراڵی خانەنشین ئەردۆغان قاراقوش لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەکانی تورکیا، بە حکومەتی ئاکپارتی دەڵێت "ئەگەر سوپا بنێرینە نێو سووریا بە فڕۆکە ناتوانن پشتگیرییان بکەین. رووسیاش لە بەرامبەرمان دەوەستێ. ئەوکات سوپا ناچار دەبێت شەڕی هێزەکانی رووسیا بکات. بینینی پەیەدە تەنیا وەکو بەشێک لە پەکەکە هەڵەیە. رووسیا زۆر بەجددی پشتگیرییان دەکات. پەیوەندییان لەگەڵ ئەمریکا باشە. تۆپباران بەسە بۆ پاراستنی هێڵە سوورەکان".

هەر لەوبارەوە ئیسماعیل یڵماز عەقیدی خانەنشین لە سوپای تورکیا دەڵێت "مۆڵەتی پەرلەمان رێگا بە حکومەت دەدات سوپا بنێرێتە دەرەوەی سنوور، بەڵام رەوایەتی نێودەوڵەتی نییە. بەبێ بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەزاندنی سنوور بەمانای داگیرکردن دێت. ئەگەر سوپای تورکیا بە تەنیا یان لەگەڵ هەر هاوپەیمانێکی دیکە لە دەرەوەی مۆڵەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بچێتە ناو خاکی سووریا، دەکەوێتە نێو زەلکاو و زیانی زۆری پێدەگات".

بەرپرسانی ئاکپارتی لێدوانی زۆر توند بەرامبەر پەیەدە دەدەن و بەردەوام هەڕەشەی بەزاندنی سنوور دەکەن، بەڵام سوپا بەو شێوەیە توند نییە.

دۆغو ئەرگیل، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی ئەنقەرە، دەڵێت "بەرپرسانی سوپا دەڵێن بۆ بەرگری لە سنووری نیشتمان ئەوەی پێویست بێ دەیکەین، بەڵام بۆ دەستێوەردانی دەرەکی تەنیا لە چوارچێوەی ناتۆ یان نەتەوە یەکگرتووەکان جوڵە بە هێزەکانمان دەکەین. سوپا ئەو قسەیە دەکات، چونکە دەزانێ تەنیا سوپایەکی لاوازی سووریا لەوێ نییە. میلیشیای شیعەی سەر بە ئێران و رووسیاش هەن".

دۆغو ئەرگیل پێیوایە هەڕەشەی چوونە ناو سووریا تەنیا قسەیەکە و حکومەت دەیکات "ئەگەر تورکیا تەنیا بەبڕیاری خۆی بچێتە ناو سووریاوە، ئێران، سووریا و حیزبوڵڵا لەوێ چاوەڕێی دەکەن بۆ ئەوەی دەرسێک بدەنە تورکیا. لەوکاتەدا ئەمریکاش پشتگیریی تورکیا ناکات، پێش چەند رۆژێک جۆو بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا راشکاوانە گوتی: دەخوازن لەگەڵ رووسیا بەشەڕمان بێنن؟ کاتێک هەموو ئەومەسەلانە هەبن، تەنیا بەهۆکاری ئایدیۆلۆژی، تەنیا لەبەر توورەیی هەندێک کەس، سوپای وڵاتێک ناچێتە ناو خاکی وڵاتێکی دیکە".

تورکیا ماوەی هەفتەیەکە سنووری شاری عەفرین بۆردومان دەکات. ئەرگیل لەبارەی مەبەستی تورکیا لەو تۆپبارانە دەڵێ "تۆپباران نیشانەی بێ چارەیی تورکیایە و پێیانوایە بەو تۆپبارانە دەتوانن مەسەلەکە هەندێک دوابخەن".

لەبارەی ئەوەی ئەمریکا و رووسیا چ شێوازێکی دیکە دەگرنەبەر بۆ راگرتنی تۆپبارانی تورکیا، ئەرگیل دەڵێت: "بە زمانێکی توندتر دەنگیان بەرز دەکەنەوە. هەوڵ دەدەن تورکیا بە شێوازێکی دیکە رازی بکەن. رووسیا نا، بەڵکو ئەمریکا گەرەنتی زیاتر دەداتە تورکیا، پێی دەڵێ کورد بۆ رۆژئاوای فورات ناپەڕنەوە و شتی لەم جۆرە. بەڵام هەموو ئەمانە کاتین و بێکاریگەرین".

بەبڕوای ئەو پسپۆڕەی بواری سیاسەت، ئەگەر کوردی سووریا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا و رووسیا باشتر بکەن، هەروەها گورزی توندتر لە داعش بدەن "تورکیا ناتوانێ هیچ بکات و کانتۆنەکان یەکدەگرنەوە".



تورکیا تۆپباران دەکات و هێزەکانی سووریای دیموکراتیش پێشڕەوی دەکەن

# "هەڵۆکانی ئازادی" ئازادن؟

**روودا و– هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژ بەسەر تەقینەوەکەی ئەنقەرەدا کە رۆژی 17ی ئەم مانگە روویدا، رێکخراوی "تاک" بەرپرسیارێتی هێرشەکەی گرتە ئەستۆ. ئەمەش جارێکی دیکە مشتومڕی لەبارەی ئەو رێکخراوە کردە رۆژەڤ.

هێرشەکە کاروانێکی سەربازیی لە شەقامی دیکمەن (شەقامی دەوڵەت) لە ئەنقەرە کردە ئامانج کە بارەگای چەند دامەزراوەیەکی دەوڵەتی لێیە. رووداوەکە 28 کوژراو و 61 برینداری لێکەوتەوە.

دوای تێپەڕبوونی 12 کاژێر بەسەر رووداوەکەدا، ئەحمەد داودئۆغلو، سەرۆک وەزیرانی تورکیا رایگەیاند، ئەوان گەیشتوونەتە ناسنامەی خۆکوژەکە. داودئۆغلو گوتی خۆکوژەکە خەڵکی شارۆچکەی ئاموودەیە لە رۆژئاوای کوردستان، ناویشی ساڵح محەممەد نەجارە و ئەندامی یەپەگەیە. دوای ئەو لێدوانەی داودئۆغلو، جەمیل بایک هاوسەرۆکی کەجەکە لە لێدوانێکدا رایگەیاند، ئەوان نازانن کێ ئەو هێرشەی ئەنجامداوە، بەڵام بەدووریشی نازانن ئەو هێرشە وەکو کاردانەوەیەک بێت لەناو کورد لەدژی کۆمەڵکوژییەکانی دەوڵەت.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی سێ رۆژ بەسەر هێرشەکەدا، ئاژانسی هەواڵی فورات لە هەواڵێکدا ئاشکرای کرد کە هێرشەکە لەلایەن (هەڵۆکانی ئازادیی کوردستان/ تەیرەبازێن ئازادیا کوردستانێ) ناسراو بە (تاک) هێرشەکەی ئەنقەرەی ئەنجامداوە. بەمەش جارێکی دیکە تاک خۆی کردە رۆژەڤی سەرەکیی تورکیا و هەمان ئەو پرسیارانەی هێنایە ئاراوە کە چەندین ساڵە لەبارەی ئەو رێکخراوەوە دەکرێن.

بەگوێرەی بەیاننامەیەکی تاک، ئەو کەسەی هێرشەکەی ئەنجامداوە ناوی (عەبدولقادر سۆنمەز)ەو ناوی نهێنیشی (زنار راپەڕین)ە. ئەوان دەڵێن هێرشبەرەکە خەڵکی شاری وانی باکووری کوردستانە.

بەیاننامەکە کە لەلایەن ئاژانسی هەواڵی فوراتی سەر بە پەکەکە بڵاوکرایەوە، هەڕەشە لە حکومەتی تورکیا دەکات و دەڵێت "ئێمە چاوەڕێی وەرزی بەهار ناکەین و بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو 60 کەسە مەدەنیەی لە جەزیرە کوژران، لە 60 شوێنی تورکیا هێرش ئەنجام دەدەین".

## تاک چۆن دامەزرا؟

ئەگەرچی لەبارەی دامەزراندنی تاک، زانیاریی یەکلاکەرەوە لەبەردەستدا نین، بەڵام رۆژ وڵات، گوتەبێژی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پەکەکە لە قەندیل لە ساڵی 2010دا لەبارەی دامەزراندنی (تاک) بە سی ئێن ئێن ئینتەرناشناڵی گوتبوو "هەندێک لە ئەندامانی تاک لە رابردوودا لەناو پەکەکە بوون. ئەوە راستە، بەڵام رەخنەیان لە سیاسەتی ئێمە هەبوو. ئێمەیان بە ناچالاک و نەرم ناودەبرد. دەیانگوت دەبێت ململانێی چەکداری چڕتر بکەینەوە. دواتر لە ئێمە جیابوونەوە، بەڵام ئەوانیش وەکو ئێمە ئۆجەلان بە رێبەری خۆیان دەزانن".

رۆژ وڵات زیاتر لەبارەی تاکەوە قسە دەکات و دەڵێت "لەکاتی دەستگیرکردنی ئۆجەلاندا لەناو ئێمەدا کێشە و زەحمەتی جددی هاتنە ئاراوە. هەندێک لە هەڤاڵانمان دەیانگوت سەرۆک ئاگربەستی راگەیاند، بەڵام دەوڵەت لەوە تێنەگەیشت و پیلانگێڕیی کرد. دواتر ئەوانەی رەخنەیان لە ئێمە دەگرت، بوونە گرووپێک. تا دەهات گەورەتر دەبوون و پاشان لە ئێمە جیابوونەوە و رێکخراوی خۆیان دروستکرد".

سەبارەت بەو دەنگۆیەی کە دەڵێن تاک باڵی پەکەکەی نێو شارەکانە، بەرپرسەکەی پەکەکە دەڵێت "لەبەر ئەوەی هەندێک لە ئەندامانی تاک لە ئێمە جیابوونەتەوە، ئەو بانگەشەیە دەکرێت، بەڵام هیچ پەیوەندییەک لە نێوانماندا نییە. تا ئەو رادەیەی تێیدەگەم ئەوانە پەیوەستن بە ئۆجەلان و راستگۆن".

دەزگا پەیوەندیدار و میدیاکانی تورکیا پێیانوایە تاک ناوێکە بۆ لە ئەستۆگرتنی هێرشە خوێناوییەکانی پەکەکە داتاشراوە. جەختیش لەوە دەکەنەوە کە هەردوو سەرکردەی پەکەکە جەمیل بایک و دوران کاڵکان خاوەنی بیرۆکەی تاکن و هەر خۆیشیان تاک بەڕێوەدەبەن.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (روودا و)، ئەندام و کادیرانی تاک کە زۆربەیان دەرچووی زانکۆن و لە شارەکانی تورکیا خوێندوویانە یان لەدایک بوون، پێشتر لەناو پەکەکە پەروەردەی فیکری و سەربازی و تەکنیکییان بینیوە. بەشێوەیەکی ئاسۆیی رێکخراون کە هەر گرووپێکیان لە سێ کەس زیاتر لەخۆ ناگرێ و یەکتر ناناسن. ئەوان رێگەیان پێدراوە ژن بهێنن و شوو بکەن، بۆ ئەوەی لە چاودێریی دەوڵەت بەدوور بن.

بەگوێرەی میدیای تورکیا و بە پشتبەستن بە راپۆرتە هەواڵگرییەکان، بیرۆکەی دامەزراندنی تاک لە کۆبوونەوەی کۆنسەی سەربازیی پەکەکە لە ساڵی 2003 بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام ئەوە تەنیا دەنگۆیە و پەکەکە پشتڕاستی ناکاتەوە.

ئەو رێکخراوە بەگشتی هێرشەکانی لەناوچە گەشتیارییەکانی وەکو موغلا، ئیزمیر، ئەنتالیا ئەنجام دەدات. تا ئێستا ئەو رێکخراوە بەرپرسیارێتی خۆی لە سووتاندنی چەند دارستانێکی گرنگی تورکیا لە ئەستۆ گرتووە.

### هەندێک لەو هێرشانەی تاک لە ئەستۆی گرتوون

- تەقاندنەوەی پاسێکی نەفەر هەڵگر لە 2005/7/16.
- هێرشی سەر بارەگای ئاکپارتی لە ئیستانبوڵ لە 2006/4/5.
- هێرشەکانی دوورگەی مەرمەرە و ئەنتالیا لە 2006/8/28.
- تەقاندنەوەی پاسێک کە سەربازی تێدا بوون لە هەڵکەڵی ئیستانبوڵ لە 2010/4/22.
- تەقینەوەیەک لە تەقسیمی ئیستانبوڵ لە 2010/10/31.
- تەقینەوەیەک لە ئەنقەرە لە 2011/9/20.
- هێرشی سەر فڕۆکەخانەی سەبیحە گۆکچان لە ئیستانبوڵ لە 2015/12/23 .
- تەقینەوەکەی شەقامی دیکمەن لە ئەنقەرە لە رۆژی 2016/2/17.



تەقینەوەکەی شەقامی دیکمەن لە ئەنقەرە، رۆژی 2016/2/17

لە هەندێکیاندا نیپاڵی و بەنگلادیشی کراونەتە مجێور

# لەم دوو ساڵی قەیرانەدا 327 مزگەوت دروستکراون و 50ی دیکەش لەژێر دروستکردندان



پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا 327 مزگەوت لە هەرێمی کوردستان دروستکراون کە تێچوویان نزیکەی 30 ملیۆن دۆلار بووە. ئێستاش 50 مزگەوتی دیکە لەژێر دروستکردندان، بەرپرسێکی ئەوقافیش دەڵێت "بەو مزگەوتانەی دروستکراون و ئەوانەشی دروست دەکرێن، تێچوویان دەگاتە نزیکەی 40 ملیۆن دۆلار".

لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا، قەیرانی ئابووری کە بەهۆی برینی بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا و دابەزینی نرخی نەوتەوە، قورس لەسەر کوردستان کەوتووە و زۆربەی پرۆژەکان راگیراون، تەنانەت حکومەت ناتوانێ مووچەی فەرمانبەرانیشی بدات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دروستکردنی مزگەوت لەلایەن "خێرخواز"انەوە بەهەمان ریتمی جاران بەردەوامە.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە (رووداو)ی راگەیاند "تاوەکو کۆتایی ساڵی 2013 پێنج هەزار و 10 مزگەوت لە کوردستان هەبوون، بەڵام لە دوو ساڵی رابردووەوە ژمارەکە بووەتە 5337 مزگەوت، واتە 327 مزگەوتی نوێ دروستکراون و تێچوویشیان لە 30 ملیۆن دۆلار زیاتر بووە".

بە گوتەی مەریوان نەقشبەندی کەمترین تێچووی مزگەوت لە گوندەکانە کە 80 تاوەکو 100 هەزار دۆلاری تێدەچێت، تێچووی هەندێک مزگەوتیش لە شارەکاندا 600 هەزار دۆلارە.

زۆرترین ئەو مزگەوتانەی لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا دروستکراون لە سنووری پارێزگای هەولێر بوون. مەریوان نەقشبەندی پێیوایە "دروستکردنی ئەو ژمارەیە لەو دوو ساڵەدا و بەراورد بەو قەیرانە داراییەی لە هەرێمی کوردستان هەیە نەک هەر زۆرە، بەڵکو غەریبە، ئاخۆ خەڵک چۆن توانیویەتی بەو پارە زۆرە ئەو هەموو مزگەوتە دروست بکەن!".

بەگوتەی مەریوان، جگە لەو 327 مزگەوتەی کە دروستکراون و رادەستی وەزارەت کراونەتەوە، ئێستاش کارکردن لە 50 مزگەوتی دیکە بەردەوامە "ئەو 50 مزگەوتەش ئەگەر هەریەکەیان بەلایەنی کەمەوە 100 هەزار دۆلاریشیان تێبچێت، ئەوا کۆی گشتییان دەکاتە 5 ملیۆن دۆلار، واتە دەتوانین بڵێین کۆی گشتی دروستکردنی مزگەوت لەو دوو ساڵەدا دەگاتە 40 ملیۆن دۆلار، تەنانەت وای لێهاتووە هەفتانە مزگەوتێکی نوێ وەردەگرینەوە".

لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە چەند مەرجێک بۆ دروستکردنی مزگەوت دانراون، لەوانەش لە شارەکاندا دەبێت نێوانی دوو مزگەوت کیلۆمەترێک بێت و رووبەری تەرخانکراو بۆ مزگەوتەکەش دوو هەزار مەتر کەمتر نەبێت و زەوییەکەش بەناوی ئەوقافەوە تاپۆ بکرێت، لە قەزا و ناحیەکانیشدا دووریی نێوان دوو مزگەوت دوو کلیۆمەتر بێت.

نەقشبەندی دەڵێت "ئێستا لە هەندێک شوێن لە شارەکاندا لە نێوان 200 مەتریشدا مزگەوتێک دروستکراوە، یاخود لەڕووی دابەشکردنی جوگرافییەوە شوێنەکانیان خراپن، چونکە لە هەندێک شوێن زۆر پێویستمان بە مزگەوتە، بەڵام لێی نییە و لە هەندێک شوێنیش سێ مزگەوت هەیە، بۆ نموونە لە نێوان هەولێر و کەسنەزان دوو مزگەوتی گەورە لەو چۆڵەوانییە دروستکراون، بەڵام لەبەر لایەنی ئاینی و کەسایەتی چاوپۆشییان لێکراوە. چونکە ئەگەر رێگە نەدرێت مزگەوت بکرێنەوە لەبەر موزایەدەی حیزبایەتی دەکرێتە هەرایەکی گەورە".

مەرجێکی دیکەی وەزارەتی ئەوقافیش ئەوەیە سەرچاوەی ئەو پارەیەی بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە تەرخان دەکرێت حەڵاڵ بێت و بەڵێننامەش بەو کەسە پڕ دەکرێتەوە هەتا تەواوبوونی مزگەوتەکە نابێت پارە بۆ خۆی کۆبکاتەوە و دەبێت پارکی ئۆتۆمبێلیش بۆ مزگەوتەکە دروست بکات.

عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینیی ئیسلامی کوردستان بێئاگایی خۆی لەو ئامارەی ئەوقاف راگەیاند و بە (رووداو)ی گوت "زانیاری دروستمان سەبارەت بەو ئامارە نییە، بەڵام چەندین شوێنی دیکەش لە کوردستاندا هەن پێویستیان بە مزگەوتە و دەکرێت دەستخۆشی لەو خێرخوازانە بکرێت کە ئەرکی حکومەتیان کەم کردووەتەوە".

مەلا عەبدوڵڵاش تێبینی لەسەر دروستکردنی مزگەوتەکان هەیە و دەڵێت "لە هەندێک شوێن مزگەوتەکان لە یەکدی نزیکن، یاخود لە هەندێک شوێن پێویست نەبووە دروست بکرێن، بەڵام دروستکراون، بۆیە پێویستە ئەو پرۆسەیەش لەلایەن حکومەتەوە چاودێری بکرێت".

ئایا ئەو 40 ملیۆن دۆلارە زۆر نییە بۆ دروستکردنی مزگەوت؟ سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی دەڵێت "مەسەلە ژمارە نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە خێرخواز توانیویانە ئەرکی حکومەت کەم بکەنەوە و ئەگەر دروست نەکرابایە دەبوو حکومەت دروستی بکات، بۆیە حاڵەتێکی ئاساییە".

زۆربەی سەرمایەدار و خێرخوازانی کوردستان تەنیا مزگەوت دروست دەکەن. ئەوانەی قوتابخانە و نەخۆشخانەیان دروستکردووە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردرێن.

شۆرش غەفووری لە بەشی راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند، بەپێی ئاماری ساڵی 2014 – 2015، ئێستا 6474 باڵەخانەی قوتابخانە و باخچەی ساوایان لە کوردستان هەن و ئێستاش پەروەردە پێویستی بە نزیکەی 300 قوتابخانەی دیکە هەیە "لە دوو ساڵی رابردوودا لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و خێرخوازانەوە ژمارەیەک باڵەخانە دروستکراون، بەڵام ئەوانەی لەلایەن خەڵکەوە دروستکراون ژمارەیەکی زۆر کەمە".

نەقشبەندی داوایەکی کرد و گوتی "داوا لە خێرخوازان دەکەین لە شوێنێک مزگەوتی لێیە پێویست بە مزگەوتی دیکە ناکات و دەکرێت ئەو پارەیە لە دروستکردنی قوتابخانە یان نەخۆشخانە خەرج بکرێت".

بەڵام سەرۆکی یەکێتی زانایان دەڵێت "دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت خێرن، واتە دەبێت بەپێی پێویستیی شوێنەکان، قوتابخانە و نەخۆشخانە و مزگەوت دروست بکرێن".

## بەرپرسێکی وەزارەتی ئەوقاف:
## لەبەر موزایەدەی حیزبی ناتوانین رێ لە دروستکردنی مزگەوت بگرین

### نیپاڵی و بەنگلادیشی دەبنە مجێور

هەر بەهۆی قەیرانی داراییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوو ساڵی رابردوودا هیچ فەرمانبەرێکی بۆ وەزارەت و دامودەزگاکان بەشێوەی هەمیشەیی و گرێبەستیش دانەمەزراندووە. مەریوان نەقشبەندی بۆ خزمەتکاری هەندێک لەو مزگەوتە تازانە باسی حاڵەتێکی نوێی کرد و گوتی "لەو دوو ساڵەدا هیچ فەرمانبەرێکی نوێمان بۆ دانەمەزرێنراوە، بۆیە لە هەندێک لەو مزگەوتانە لەلایەن خاوەنی مزگەوتەکەوە خەڵکانی نیپاڵی و بەنگلادیشی وەکو مجێور دانراون".

---

چێشتلێنەرەکەی سەددام لە ئەلقۆشە

# کێ دەڵێ سەددام لە سێدارە دراوە؟

کەریم تۆما ئیسرائیل، تەمەن 81 ساڵ، ئێستا بە تاقی تەنیا لە ماڵێکدا لە ناحیەی ئەلقۆش دەژی. ساڵانێکی زۆر لە کۆشکەکانی سەددامدا وەکو چێشتلێنەر کاری کردووە. کەریم بۆ یەکەمجار لە رێگەی (رووداو)ەوە چەندین نهێنی لەبارەی حەزی سەددام حوسێن بۆ خواردن ئاشکرا دەکات و دەڵێت سەددام زۆر حەزی لە شلەی بامیە بووە و زۆربەی ئێوارانیش بە دەستی خۆی گۆشتی دەبرژاند. هەروەها مانگانەش دەبووایە لانیکەم جارێک دۆڵمەی بۆ ئامادە بکەن.

ناسر عەلی
رووداو - هەولێر





**رووداو: تۆ لە ئەلقۆش لەدایکبووی، چی تۆی گەیاندە کۆشکەکانی سەددام؟**

**کەریم تۆما:** بەشێک لە خزمەکانم لە بەغدا بوون، زوو زوو سەردانم دەکردن. دوای ئەوەی پۆلی شەشی ئامادەییم تەواوکرد، چوومە بەغدا و لەوێ لە یانەیەکی خواردنەوە لەگەڵ خزمێک کارم دەکرد. زۆر حەزم لەوە بوو فێری چێشتلێنان بم، بۆیە بەردەوام دەچوومە چێشتخانەی یانەکە و سەیری دەستی وەستاکانم دەکرد، لەوێ زۆر شت فێر بووم.

**رووداو: ئەی چۆن بوویتە چێشتلێنەری سەددام؟**

**کەریم تۆما:** پێش ئەوەی بچمە چێشتخانەی سەرۆکایەتی کۆمار، لە ساڵی 1956ەوە لە چێشتخانەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا کارم دەکرد، ساڵانێکی زۆر لەوێ مامەوە، پاشان کاتێک زانیم چێشتخانەی سەرۆکایەتی کۆمار پێویستی بەچێشتلێنەرە، لە رێگەی برادەرێکمەوە چوومە سەرۆکایەتی کۆمار کە ئەوکات ئەحمەد حەسەن بەکر لەسەر حوکم بوو، زۆر پرسیاریان لێکردم، پاشان پێیانگوتم وەرە کار بکە. سەرەتا وەکو کارمەندێکی ئاسایی لە چێشتخانە دەوامم دەکرد، پاشان بوومە چێشتلێنەر.

**رووداو: یەکەمجار کەی سەددامت بینی؟**

**کەریم تۆما:** جارێکیان لە چێشتخانە خەریکی دروستکردنی شەعریە بووم بۆ سەر برنج، پیاوێک هاتە نێو چێشتخانە، ژمارەیەک پاسەوانی لەگەڵدا بوو، نانێکی بەدەستەوە گرتبوو، گوتی برسیمە، چی ئامادەیە؟ منیش پێمگوت هاتنە ژوورەوە بۆ چێشتخانە قەدەغەیە. دوایی کە رۆیشت یەکێک لە هاورێکانم پێیگوتم ئەوە بۆ واتگوت، تۆ نازانی ئەوە کێیە؟ گوتی ئەوە سەددام حوسێنە، جێگری سەرۆک کۆمارە.

**رووداو: سەدام زیاتر حەزی لە چ خواردنێک بوو؟**

**کەریم تۆما:** بەیانیان هێلکەی کوڵاو یان ماستی دەخوارد، نیوەڕۆیانیش هەرچی هەبووایە دەیخوارد، بەڵام ئێواران زیاتر حەزی لە گۆشتی برژاو بوو، زۆربەی جار خۆی گۆشتەکەی دەبرژاند.

**رووداو: ئەی ئەو خواردنانەی لە کوردستان هەبوون، بۆتان ئامادە نەدەکرد؟**

**کەریم تۆما:** بەردەوام هەشت جۆر خواردنمان هەبوو، هەتا دۆڵمە و کوبەشمان دروست دەکرد. لەو خواردنانەی لە کوردستان هەبوون، سەدام زۆر حەزی لە دۆڵمە بوو، مانگانە دەبووایە جارێک بۆی ئامادە بکەین.

**رووداو: پێداویستی خواردنەکانی چێشتخانەتان لەکوێ دەهێنا؟**

**کەریم تۆما:** هەموو شتێکمان لە ئیتاڵیاوە بۆ دەهات.

**رووداو: قەت هەوڵ دراوە لە رێی خواردن و خواردنەوەوە سەددام بکوژرێ؟**

**کەریم تۆما:** بەڵێ ئەوکاتەی من لەوێ بووم، سەددام ئێوارەیەک لە باخچەی کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار دانیشتبوو، ئەوکات جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، گەنجێک شەربەتی بۆ هێنا، بەڵام پاسەوانێکی سەددام کە ناوی کامل حەننە بوو یەکسەر گڵاسە شەربەتەکەی هەڵگرت و نەیهێشت بیخواتەوە. سەددام زۆر توورە بوو گوتی بۆ واتکرد. ئەویش گوتی گەورەم دواتر بۆت دەردەکەوێ بۆچی وامکرد، کامل گڵاسەکەی هەڵگرت و بردییە تاقیگەی چێشتخانە دوای نیو کاژێر گەڕایەوە و پارچە کاغەزێکی پێبوو. ئیتر سەددام یەکسەر چووە ژوورەکەی خۆی و گوتی ئەو گەنجەم بۆ بێنن، بەڵام نەمانزانی چی لەو گەنجە کرد.

## 80%ی کارمەندانی چێشتخانەکانی کۆشک کریستیان بوون

**رووداو: چەند کەس لە چێشتخانەکانی سەددام کارتان دەکرد؟**

**کەریم تۆما:** ئێمە لە چێشتخانەکانی کۆشکی دیجلە و سەرۆکایەتی و کۆماری کارمان دەکرد، هەشت چێشتلێنەر بووین، بەدوو شیفت کارمان دەکرد، چوار لە شیفتی بەیانیان و چواریش لە شیفتی ئێواران. ژمارەی کارمەندانی هەر چێشتخانەیەک 400 کەس بوون، بەڵام بەپێی پێویست دەوامیان دەکرد. کاتێکیش وەفدێکی بیانی دەهات، زۆربەی کارمەندەکان لە دەوام بوون.

**رووداو: هیچ کوردێک لە چێشتخانەکانی سەرۆکایەتی کۆمار هەبوو؟**

**کەریم تۆما:** سەددام زۆر متمانەی بە مەسیحیەکان بوو، 80%ی کارمەندی چێشخانەکانی مەسیحی بوون، بەڵام کوردیشی لێبوون، من لەوێ کوردێکی ئێزدیم دەبینی.

**رووداو: مووچەکەت چەند بوو، ئێستاش مووچە وەردەگری؟**

**کەریم تۆما:** ئەوکاتەی لە چێشتخانەی کۆشکی سەرۆک کۆمار وەرگیرام مووچەکەم 120 دینار بوو، دوای 15 ساڵ کارکردن لە چێشتخانەکانی سەددام، لە ساڵی 1991 خانەنشین بووم، مووچەی خانەنشینییەکەشم 750 هەزار دینارە.

**رووداو: سەدام خەڵکێکی زۆری کوشت، تۆش ئاگاداری ئەمە بووی، پەشیمان نیت لەوەی خزمەتی ئەو پیاوەت کردووە؟**

**کەریم تۆما:** نەخێر، سەددام پیاوێکی خراپ نەبوو، داروودەستەکەی خراپ بوون، ئەگینا ئەو کەسێکی زۆر جیاواز بوو، هەڵەی لە باوکی خۆی قبووڵ نەدەکرد، لەگەڵ منداڵ منداڵ، لەگەڵ سەرۆکەکان سەرۆک بوو، لەگەڵ پیرەکان پیر بوو. بەڵام کوڕەکانی باش نەبوون، بەتایبەتی عودەی وەکوو سەگ بوو، قوسەی باشتر بوو چارەی کوردی دەویست، حەزی لێبوو فێری کوردی ببێ.

**رووداو: هیچ یادگاریەکی سەددامت لەلا ماوە؟**

**کەریم تۆما:** دوو سوپاسنامەی سەددام بە ئیمزای خۆی لەلام ماون، بەڵام هیچ وێنەی ئەوم لەلا نییە، چونکە ئێمە دەچووینە ژوورەوە دەیانپشکنین، بردنە ژوورەوەی کامێرا قەدەغە بوو، دوای نیوەڕۆیەک لە لێواری مەلەوانگەی کۆشک دانیشتبووم سەدام هات مەلەی کرد، پاشان هاتە لای من و دانیشت و پێیگوتم زۆرم حەز لە خواردنەکانی تۆیە، بانگی وێنەگرەکەی کرد و چەند وێنەیەکمان پێکەوە گرت، بەڵام وێنەکانی نەدامەوە.

**رووداو: دوایین جار کەی بوو سەددامت بینی؟**

**کەریم تۆما:** ساڵی 1991 کە خانەنشین کرام، دوایین رۆژم بوو لە کۆشک، سەددام ئێمەی خەڵات کرد و پێنج هەزار دینار و سوپاسنامەیەکی پێشکەش کردین، ئیدی لەو رۆژەوە نەمبینی.

**رووداو: ئەوکاتەی سەددام لە سێدارە درا، هەستت چۆن بوو؟**

**کەریم تۆما:** کێ دەڵێت سەددام لە سێدارە دراوە، تا بە چاوی خۆم نەبینم باوەڕ ناکەم.

## لە سلێمانی فێستیڤاڵێکی بەبازاڕکردن بەڕێوەدەچێت.


**ڕووداو– سلێمانی**

ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بە هاوکاری کۆمپانیایەکی میسری فیستیڤاڵی نەورۆز بۆ بەبازاڕکردن ڕێکدەخەن. سیروان محەممەد سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسـازی سـلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو فیسـتیڤاڵە لە ڕۆژانی 1-2016/3/5 لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت و کۆمپانیای نێوخۆیی و بیانی بەشداری تێدا دەکەن. گوتیشی "کۆمپانیا میسرییەکە بانگهێشتی کۆمپانیا بیانییەکان دەکات و لەو فیستیڤاڵەشدا کاڵای کۆمپانیاکان نمایش دەکرێن و ڕێژەی 70%ی داشکاندن دەکرێت، مەبەستیشمان هاوکاریکردنی خەڵکی هەرێمی کوردستانە کە ئێستا لە قەیرانێکی سەختی داراییدا ژیان دەگوزەرێنن".

**لە ساڵی ڕابردوودا**

# هاوردەکردنی کەلوپەل بەبڕی 6 تریلیۆن دینار کەمی کردووە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**



ئامـاری یەکێتیــی هــاوردە و هەناردەکارانـی کوردســتان دەریدەخات کە ساڵی ڕابردوو ئاستی هاوردە بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بە جۆرێک کـە بەراورد بە سـاڵی 2014 نزیکەی 6 تریلیۆن دینار کەمی کردووە.

بەپێی ئاماری ئەو یەکێتییە، لە ساڵی 2014دا بازرگانانـی ناوخـۆ و دەرەکی بایـی 10 تریلیۆن و 584 ملیـار و 150 ملیـۆن دینـار کەلوپەلیان هـاوردەی کوردسـتان کـردووە، بەڵام لە سـاڵی ڕابـردوودا هاوردەکردنی کەلوپەل بۆ 4 تریلیۆن و 736 ملیار دینار دابەزیوە.

بەگوێـرەی کۆپییەکی ئەو ئامـارە کە دراوەتە (ڕووداو)، دەردەکـەوێ هاوردەکـردن لـە ڕێگەی دەروازەکانـی کوردسـتانەوە لـە سـاڵی 2014دا بـە ڕێژەیەکـی زۆر بەرچاو بـووە، بەجۆرێک کە 10 تریلیـۆن دینـاری تێپەڕانـدووە. زۆرتریـن هاوردەکردنیـش لـە ڕێگـەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلـەوە بووە کە بایی 4 تریلیۆن و 972 ملیار و 250 ملیـۆن دینـار کاڵای لێوە هاتووە، لەدوای ئەویش گومرگی باشماخ دێت کە بایی 3 تریلیۆن و 577 ملیار و 400 ملیۆن دینار کاڵای لێوە هاوردە کراوە. کەمترین کاڵاش لە ڕێی مەرزی پیشـابوور بووە لە زاخۆ کە بایی تەنیا 22 ملیار دینار کاڵای لێوە هاتووە.

### "مەترسی بۆ خەڵک نییە"

شێخ عەتا محەممەد، جێگری سەرۆکی یەکێتی هاوردە و ناردنکارانی کوردستان هۆکاری دابەزینی هــاوردەی بۆ قەیرانی داراییـی گەڕاندەوە و گوتی هاووڵاتیـان تەنیا ئەو کاڵایانەیان بەکارهێناوە کە زۆر پێویستیانە، بەتایبەتی خۆراک و جلوبەرگ.

شـێخ عەتـا بـە (ڕووداو)ی گـوت "دابەزینی قەبارەی هاوردەکردن مەترسـیی بۆ خەڵک نییە، بەڵکـو بـۆ بازرگانـان و گومرگ زیانـی هەبووە. هاوردە لەڕووی بیناسـازی و ئامێری کارەباییەوە کەم بووەتەوە و ئەوەش کارێکی باشترە، چونکە ڕەنگـە پێشـتر کەلوپەلی زۆرتر خـەرج کرابێت، بەتایبەتیـش ئامێری کارەبایی کە بەهۆی کەمیی هــاوردەوە ڕێــژەی بەکارهێنانــی کارەباش کەمتر دەبێتــەوە، جگــە لــەوەش پێشــتر خەڵــک زۆر گرنگییان بە خواردن نەدەدا و فڕێیان دەدا".

### "ئامارەکە واقیعی نییە"

بــەڵام فەلاح ئەنوەر کە خاوەنی کۆمپانیایەکی گواســتنەوەیە، تێبینی لەســەر ئامارەکە هەیە و دەڵێــت "ئەو ئامارە خوێندنەوەیەکی واقیعی نییە بۆ ئابووریی کوردستان، چونکە تەنیا دەروازەکانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، لە کاتێکدا 90%ی کەلوپەلی هاوردە لە شاری بەسرەوە بۆ کوردستان دێـن و هیچ پەیوەندی بە دەروازەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نییە".

باخەڵــی زۆربــەی مووچەخۆرانی کوردســتان بەتاڵــە، ئەوانیشــی پارەیان هەیــە، بەهۆی ئەو بارودۆخــەوە ئەگــەر ناچــار نەبــن دەســتی بــۆ نابەن، ئەمــەش کاریگەری لەســەر هاوردەکردنی ئــەو کەلوپەل و کاڵایانەش هەیە کە پێداویســتی ڕۆژانەن.

پشــتیوان کانەبــی کــە بازرگانــی بــواری پاککەرەوەیــە، دەڵێت پارســاڵ بایــی نزیکەی 6 ملیــۆن دۆلار کەلوپەلــی پاککەرەوەیــان هاوردە کــردووە، لە کاتێکدا ســاڵی 2014 بایی نزیکەی 9 ملیــۆن دۆلار کەلوپەلیان هێنابوو. ئەو بازرگانە گوتــی "ڕاســتە هەمــوو کەســێک پێویســتی بە پاککەرەوە هەیە، بەڵام ئەمساڵیش ئەگەر مووچە هــەر بەو شــێوەیە بێت، هــاوردەی پاککــەرەوە خراپتریش دەبێت".

### سێو و هەناری کوردی هەناردە دەکرێ

لــە ئامارەکەی یەکێتی هــاوردە و ناردنکاراندا ئامــاژە بەو کەلوپەلانــەش کراوە کە لــە هەردوو ســاڵەکەدا هەناردە کراون. ئەوانیش بریتی بوون لە: خورما، مس، کۆکراوەی پاشــماوەی خاشاک، پێســتە، خوری، مــووی بزن، پلاســتیکی هاڕاو، هەنگویــن، میوە، تاڵە بنێشــت، زەیتون و چەند بەرهەمێکــی دیکــە کــە هەندێکیــان لــە ڕێگەی بەشداریی فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییە ئابوورییەکانەوە هەناردە کراون.

هەروەها ســاڵی 2014 بە هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و ســەرچاوەکانی ئاو 200 تۆن پەتاتە هەناردەی سعودیە کراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بڕی هەنــاردەی پەتاتــە بۆ 500 تۆن زیــادی کردووە. یەکێتی هەناردە و هاوردەکاران پێشبینی دەکات، ئەمســاڵ هەنار و سێوی کوردســتانیش هەناردە بکرێت.

### "ئابووریی کوردستان لە هەرەس نزیکە"

ئامانج جەلال کە ماستەری لە زانستی ئابووری هەیە و مامۆســتای زانکۆی ســلێمانییە، لەبارەی ئامارەکــەی یەکێتیــی هــاوردە و هەناردەکارانەوە دەڵێــت "ئــەو ئامــارە نیشــانی دەدات ئابووریــی کوردســتان لە هــەرەس نزیک بووەتــەوە، چونکە کاتێک هاوردە دابەزێت، کاریگەری لەســەر داهاتی حکومەتیش دەبێت".

ئــەو پســپۆڕە کەمبوونــەوەی هــاوردەی تەنیا کاتێک بەلاوە باشــە کــە بەرهەمی نێوخۆیی باش بێت و ئەو بەرهەمە ڕکابەری دەرەوەش بکات "لەم کاتە خێرایەشدا کە قەیرانمان هەیە ناتوانین بڕەو بە هەناردە بدەین، چونکە کشتوکاڵ و پیشەسازیشمان زۆر خراپە، بۆ بەرهەمی نێوخۆییش دەبێت سەرەتا بیر لە پڕکردنەوەی پێداویستی نێوخۆیی بکەینەوە، پاشان هەناردەی دەرەوەیان بکەین".

### ئاماری هاوردە لە ساڵی 2015دا

| گومرگەکان | ژمارەی مۆڵەت | (ملیار ) دینار |
|---|---|---|
| ئیبراهیم خەلیل | 1,500 | 2,500 |
| حاجی ئۆمەران | 125 | 100 |
| باشماخ | 300 | 1,000 |
| پەروێزخان | 290 | 200 |
| کێلێ | 20 | 36 |
| فڕۆکەخانەی هەولێر | 180 | 500 |
| فڕۆکەخانەی سلێمانی | 120 | 400 |
| کۆی گشتی | 2,534 | 4,736 |

### ئاماری هاوردە لە ساڵی 2014دا

| گومرگەکان | ژمارەی مۆڵەت | (ملیار ) دینار |
|---|---|---|
| ئیبراهیم خەلیل | 1,949 | 4,972.25 |
| حاجی ئۆمەران | 173 | 289.05 |
| باشماخ | 1,185 | 3,577.4 |
| پەروێزخان | 308 | 575.6 |
| کێلێ | 31 | 92.5 |
| پیشابوور | 7 | 22 |
| فڕۆکەخانەی هەولێر | 262 | 365.1 |
| فڕۆکەخانەی سلێمانی | 140 | 89.55 |
| کۆی گشتی | 4,096 | 10,584.15 |

**بازاڕی جلی کوردی کزە**

# پاشەکەوتی مووچە نەورۆزی لەبیر خەڵک بردەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو– هەولێر**

ســاڵانی ڕابردوو دووکانی بەرگــدرووەکان لە بــەرە نــەورۆزدا جمەیان دەهات لەو کەســانەی حەزیان دەکرد نەورۆز بە جلێکی تازەوە بکەن و زۆر لە بەرگدرووەکانیش، مانگێک بەر لە نەورۆز پێشــوازییان لە موشتەریی تازە ڕادەگرت، بەڵام ئەمســاڵ بێ بــازاڕی باڵی بەســەر بەرگدرووەکاندا کێشاوە.

بەرگدروویــەک دەڵێت بەهۆی قەیرانی دارایی و جێبەجێکردنی سیســتەمی پاشــەکەوتکردنی مووچــە لەلایەن حکومەتــەوە، گیرفانی خەڵک خاڵیــە و کــەس ئاگای لە کڕینــی جلی کوردی و ئامادەکاری بۆ جەژنی نەورۆز و بەهار نییە.

لە کوردستان بە تایبەتی لەو ساڵانەی دوایی، خەڵــک بەر لە نــەورۆز وەک نەریتێک ڕوویان لە دروینی جلوبەرگی کوردی دەکرد، بەڵام ئەمساڵ بەهــۆی قەیرانی داراییەوە جلــی کوردی زۆر بە هەرمێن نییە.

هێرش عەبدولڕەحمــان، خاوەنی بەرگدووری دڵــزار بــۆ دوورینــی جلوبەرگــی کــوردی بــۆ ئافرەتان کە 8 ســاڵە ئەوە پیشەیەتی، دەڵێت "هیچ نەورۆزێک بەقەد نەورۆزی ئەمســاڵ بێکار نەبووین، ساڵانی پێشتر بۆ دروینی جلی نەورۆز ڕۆژانە بە چوار مەکینەوە لە هەشتی بەیانییەوە تاوەکو 11ی شــەو کارمان دەکرد، بەڵام ئێستا کارمــان زۆر کز بــووە و بە هەفتەیەک کڕیارێک ڕوومان تێناکات".

ئــەو بەرگــدرووە بەردەوامیــی قەیرانــی داراییــی و بێکاری و جێبەجێکردنی سیســتەمی پاشــەکەوتکردنی مووچە لەلایــەن حکومەتەوە بەهۆکاری لاوازیی پێشوازیی گەنجان لە دروینی جلــی تازەی کوردی بۆ جەژنــی نەورۆز و بەهار دەزانێــت و دەڵێت "بەراود بە نەورۆزی ســاڵانی پێشتر کارمان زۆر دابەزیوە".

لــە نــەورۆزی ڕابــردوودا چوار بەرگــدروو لە دووکانەکــەی هێرشــدا تاوەکو درەنگانی شــەو کاریــان دەکــرد، بەڵام ئێســتا هێــرش بەتەنیا کار دەکات و ئەوانــی دیکــە بەهــۆی کزبوونــی کار وازیان هێناوە. هێرش دەڵێت "سیســتەمی پاشــەکەوتکردنی مووچە لەلایەن حکومەتەوە، گیرفانــی فەرمانبــەران و مامۆســتایانی خاڵی کــردووە، کەس ئــاگای لە کڕینــی جلوبەرگ و ئامادەکاری بۆ جەژنی نــەورۆز و بەهار نەماوە، ئەمــەش کاری کــردە ســەر ئیشــی ئێمــە و هاوکارەکانم وازیان لە کار هێنا".

بۆ ڕاکێشــانی ســەرنجی کڕیار، بەشــێک لە بەرگــدرووەکان بەنــاوی پێشــوازی لە نــەورۆز نرخی دروینیان دابەزانــدووە و دیزاینی تازەیان خســتووەتەڕوو، بەڵام ئەوەش کاریگەری لەسەر گەشانەوەی بازاڕی جلی کوردی نەبووە.

یاسین ئیســماعیل، لە بەرگدرووی سالار کە جلــی ئافرەتان دەدروێت، دەڵێــت "گەرمبوونی بــازاڕی ئێمــە هاوتەریبــە لەگــەڵ گەرمبوونــی گیرفانی مووچەخۆران، بۆیە ئەگەر ئەوان پارەی باشیان لەگیرفان نەبێ، دابەزینی نرخ و دیزاینی تازە فریای بێ بازاڕیی ئێمە ناکەوێت".

یاســین ئیســماعیل باســی ســاڵانی ڕابردوو دەکات و دەڵێــت "ئافــرەت هەبوو دەهاتە لامان بە یەکجار سێ دەست جلی کوردی بۆ نەورۆز بە ڕادان دەدا، بەڵام ئەمساڵ بازاڕمان زۆر زۆر کزە".

بــێ بــازاڕی تەنیــا بەرگــدرووی ئافرەتانــی نەگرتووەتــەوە، بەڵکــو بەرگــدرووی پیاوانیش بازاڕیان لاوازە.

مەلا مستەفا حەســەن، خاوەنی بەرگدووری بڵباس، بۆ دروینــی جلوبەرگی کوردیی پیاوانە لە قەیســەریی شــاری هەولێر، دەڵێت "ئەمساڵ بەراورد بە ســاڵانی ڕابردوو خەڵک زۆر بە کەمی جلی کــوردی بۆ نەورۆز دەکــەن، دەتوانم بڵێم بازاڕەکە لەچاو نەورۆزی ڕابردوو 80% لە کورتیی داوە".

بەگوتەی ئەو، ئەگەر تاوەکو چەند مانگێکی دیکە سیستەمی پاشەکەوتی مووچە بەمشێوەیەی ئێســتا بــەردەوام بێــت، کاری بەرگــدرووەکان هەنــدەی دیکــە لاواز دەبێــت. مــەلا مســتەفا دەڵێت "ئێســتا بەشــێکی زۆر لە بەرگدرووەکان بێکارن، مانگــی وا هەیە کرێی دووکان و کارەبا و خەرجیەکانی دووکانیان دەست ناکەوێت، بۆیە ئەگــەر ئەم بارودۆخــە بەردەوام بێــت لەوانەیە بەدەیــان بەرگــدروو واز لەکارەکانیــان بهێنن".



بەرگدرووێک: ئەگەر سیستمی پاشکەوت کردنی مووچە بەردەوام بێت لەوانەیە بەدەیان بەرگدروو واز لەکارەکانیان بهێنن (فۆتۆ:ڕووداو)

مەلا مســتەفا گوتیشــی "بازاڕمان لەم مانگەدا هێندە لاوازە هەســت ناکەین لــە وەرزی نەورۆز و بەهارداین".

عەبدولڕەحمان ســدیق، خاوەنی بەرگدرووی ئــاکام لە بــازاڕی قەیســەریی شــاری هەولێر، کاریگەریی قەیرانی دارایی لەســەر کارەکەی بە ئاشــکرا دەرکەوتووە و دەڵێت مانگی ڕابردوو لە گیرفانی خۆی کرێــی دووکان و پارەی کارەبای داوە. عەبدولڕەحمــان گوتــی "کاری ئێمە زیاتر لەگەڵ پێشمەرگە و کاسبکار و فەرمانبەراندایە، ئەوانەش بەهۆی کەمیی مووچەکانیان و بێکاری توانــای کڕینیــان زۆر لاواز بــووە، بۆیــە کاری ئێمەش کەم بووە".

زۆر لەوانــەی ســاڵانی ڕابــردوو دەســتە جلێکــی کوردییــان بــە ڕادان دەدا، جامانەیەک و کڵاشێکیشــیان دەکڕی، بەڵام ئێســتا زۆر بە دەگمەن خەڵک بەلای دووکانی کڵاش و جامانەدا دەچێت.

بەختیــار مامەســێنی، خاوەنی پێشــەنگای بەختیار کە زیاتر لە 20 ساڵە دووکانی فرۆشتنی کڵاو و جامانەی هەیە، دەڵێت "ســاڵانی پێشتر مانــگ و نیوێک بەر لە نــەورۆز خەڵک خەریکی ئامادەکاری بوو، جلی کوردی و جامانە و کڵاویان دەکــڕی، ڕۆژی وا هەبوو لــە بەیانییەوە تاوەکو ئێــوارە موشــتەریمان هەبــوو، مەجالمان نەبوو نانێک بخۆین، بەڵام ئەمســاڵ بازاڕمان زۆر کزە و بە دەگمەن خەڵک شت دەکڕن".

بەختیار مامەسێنی گوتیشی "پێشتر خەڵک بــەدوای جوانی و کواڵیتیدا دەگــەڕان، کڵاوێک یان جامانەیەکیان لەلا جوان بووایە بەهەرچەند بووایــە دەیانکــڕی، بەڵام ئێســتا بەهــۆی ئەو قەیرانــەوە مامەڵەیەکــی زۆر دەکــەن و زۆر لە کواڵیتیش ناپرسن".



# کاریگەرییەکانی بەرزبوونەوەی هەناردەکردنی نەوتی ئێران

ڕووداو - CSIS

کاتێک لە 14ی تەمووزی پارساڵ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی 5+1 لە ڤیەننا واژۆ کرا، هەموو لایەنەکان چاوەڕێی دوو ئەگەریان دەکرد، یەکەم بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران کە دەکرا هۆکاری بەرزبوونەوەی داهاتی ئێران و قەرەبووکردنەوەی ئەو خەسارە گەورەیە بێت کە بەهۆی سزا ئەتۆمییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاوە تووشی ئێران بووبوو. ئەگەری دووەمیش کرانەوەی دەرگای بازرگانیی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەسەر تاراندا بوو، کە بەشێکی بازرگانیی نەوت لە نێوان ئێران و وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپای دەگرتەوە.

## هەناردەکردنی نەوت لە ماوەی سزاکان و پاش سزاکان

سەرەڕای ئەم پێشبینییە پێشوەختانە، ناوەندی توێژینەوە نێودەوڵەتییە ستراتیژییەکان، ناسراو بە "CSIS"، لە ڕاپۆرتێکی نوێدا ئاشکرای دەکات کە پێناچێت ئێران لەم قۆناغەی ئێستادا سوودێکی ئابووریی ئەوتۆ لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ گرووپی 5+1 ببینێ، لە کاتێکدا نرخی نەوت لەچاو نیوەڕاستی ساڵی 2014 بە ڕێژەی 70% دابەزیوە و ئاستی بەرهەمهێنانیش ئاستی داواکاریی نەوتی تێپەڕاندووە.

CSIS پشت بەو ڕاپۆرتانە دەبەستێ کە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئاژانسی زانیارییەکانی وزەی ئەمریکا ناسراو بە EIA، سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ڤیەننا لەسەر ئابووریی ئێران ئامادەی کردووە. لە یەکێک لەو ڕاپۆرتانەشدا کە لە کانوونی دووەم ئامادەکراوە، شرۆڤەیەکی نوێ بۆ ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستای نەوتی ئێران و پێشبینییەکان بۆ بەرزبوونەوەی ڕادەی هەناردەکردنی نەوتی ئەم وڵاتە لە کورتماوەدا دەخاتەڕوو.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی 19ی کانوونی دووەمی EIA ، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خاوی ئێران لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوودا، واتە لە 2012 هەتا 2015، گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە ماوەی ئەم 3 ساڵەی سەپاندنی سزا ئەتۆمییەکاندا 2.8 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بووە، ئەمەش 9%ی تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت "ئۆپێک" پێکدەهێنێ. بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکەی هەمان ئاژانس مەزندە دەکرێت لە کاتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە هەتا کۆتایی ئەمساڵ تێکڕای بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران بگاتە 3.1 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، بەمەش پشکی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لەناو ئۆپێکدا دەگاتە 10%. هەروەها چاوەڕێ دەکرێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە 2017 هەتا 3.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبێتەوە. ڕاپۆرتەکەی EIA پێشبینی دەکات ئاستی بەکارهێنانی ناوخۆیی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەیەت، بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ زۆربەی ئەو نەوتەی بەهۆی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنان (بڕوانە دایاگرامی ژمارە 1) لە ڕێگەی کێڵگە نەوتییە کۆنەکانی ئێرانەوە دەبێت، بەشێکی کەمیشی لە ڕێگەی کێڵگە نەوتییە نوێیەکانەوە دەبێت کە بە هاوکاریی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئێران و چین کاریان لەسەر کراوە. کێڵگە نوێیەکان توانای ئەوەیان هەیە هەتا کۆتایی 2017 بەبڕی 100 بۆ 200 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەشداری لە بەرزبوونەوەی ڕادەی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێراندا بکەن.

## کاریگەریی ڕێککەوتنەکە لەسەر بازاڕی نەوت

ئاژانسی زانیارییەکانی وزەی ئەمریکا لە مانگی کانوونی دووەمدا ڕاپۆرتێکی دیکەی بڵاوکردەوە کە تێیدا کاریگەرییەکانی سزا ئەتۆمییەکانی لەسەر پشکی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکانی نەوتدا خستووەتەڕوو. بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە، ئێران پاش لاچوونی سزاکان نابێ تەنیا بیر لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی نەوت و غاز بکاتەوە، بەڵکو بەر لەمە دەبێت هەوڵ بدات کڕیاری نوێ بۆ نەوتەکەی بدۆزێتەوە، یانیش ئەوەتا ئەو بازاڕانەی بەهۆی سزا ئەتۆمییەکانەوە لە کیسی دابوون، جارێکی دیکە بەدەستیان بهێنێتەوە. (بڕوانە دایاگرامی ژمارە 3).

سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران لە ڕۆژی 16ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ هەڵگیران، دوای ئەوەی ئاژانسی وزەی ئەتۆمیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ئێران هەموو پابەندییەکانی جێبەجێ کردووە، بەمەش ئێران دەتوانێت جارێکی دیکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بەرز بکاتەوە کە پێشتر و بۆ ماوەی سێ ساڵ بەهۆی سزا ئەتۆمییەکانەوە دابەزیبوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی CSIS ، کاتی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 14ی تەمووز زۆر لە بەرژەوەندیی تاراندا نەبوو، لەبەر ئەوەی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە نێو بازاڕێکدا ڕوودەدا کە هەتا دێت داواکارییەکان لەسەر نەوت دادەبەزن، هەروەها دابینکاری نوێی نەوت لەناو بازاڕی نەوتدا چالاکن (ئەمریکا بۆ نموونە)، لە هەمووشیان زیاتر دابەزینی 60 بۆ 70%ی نرخی نەوت لە ماوەی یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا کە بە گوێرەی ڕاپۆرتەکە چاوەڕێ ناکرێت بەم زووانە نرخی نەوت بگەڕێتەوە ئەو ئاستەی بەر لە قەیرانی نرخی نەوت هەیبوو، واتە 110 دۆلار بۆ هەر بەرمیلە نەوتێک.

تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی ئۆپێک لەساڵی پاردا 31.6 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بووە، ئەمەش 0.9 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا زیاتر بووە لە تێکڕای بەرهەمی ڕۆژانەی ساڵی 2014. عێراق لە 2015 پێشەنگی زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێک بووە، لە کاتێکدا بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق 0.7 ملیۆن بەرمیلی بەخۆیەوە بینیبوو، پاشان سعودیە دێت کە لە پێناو پاراستنی پشکی خۆی لە بازاڕی جیهانیی نەوتدا ئاستی بەرهەمهێنانی 0.3 ملیۆن بەرمیل بەرزکردەوە.

CSIS پێشبینی دەکات ڕادەی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی ئۆپێک 0.5 ملیۆن بەرمیل گەشە بکات و ئێران بە هۆی نەمانی سزا ئەتۆمییەکانەوە پشکی شێری بەربکەوێت. هەروەها لە ساڵی داهاتووشدا بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوت 0.6 ملیۆن بەرمیلی دیکە بەرزبێتەوە. CSIS پێشبینیش دەکات بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە 2016 دا بەبڕی 0.3 ملیۆن بەرمیل و لەساڵی دواتریشدا 0.5 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزبێتەوە.

## ڕکابەریی ئێران لەگەڵ هەناردەکارانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ڕکابەریی ئێران بۆ بەدەستهێنانی کڕیار لە بازاڕەکانی نەوتی جیهانیدا، هەمانکات ڕکابەرییە لەگەڵ هەناردەکارە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم وڵاتانەش کە بەشێوەیەکی سەرەکی لە وڵاتانی کەنداو پێکدێن، تەنیا ئامانجیان بەرزکردنەوەی پشکی خۆیان لەناو بازاڕەکانی جیهاندا نییە، بەڵکو خوازیاری ئەوەشن بە وەرگرتنی پشکە سەرەکییەکانی بازاڕی نەوت ئابووریی ئێران لاواز بکەن، لە کاتێکدا بەشێکی زۆری ئەو وڵاتانە ئێران وەکوو هەڕەشەیەکی ستراتیژیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا دەبینن. (بڕوانە دایاگرامی ژمارە 3)

EIA لە ڕاپۆرتێکی دیکەی مانگی کانوونی دووەمدا ئاشکرای کردبوو کە ئاستی بەرهەمهێنانی تاران لەچاو ڕکابەرە سەرەکییەکانی لە ناوچەکەدا زۆر سنووردارە (بڕوانە دایاگرامی ژمارە 2). ڕاپۆرتەکەی EIA هەروەها ئاشکرای دەکات کە ئێران لەڕووی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی لە دوای وڵاتانی دیکەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

هەر هەوڵدانێک بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بازاڕی نەوت و بەرزکردنەوەی بەهای نەوت بە مۆسکۆ و ریازدا تێدەپەڕێت. ڕووسیا لەگەڵ قەیرانێکی ئابووریی جدیدا بەرەوڕووە. بۆیەش ئامادە نییە بەبێ هەنگاوی هاوشێوە لەلایەن هەناردەکارە سەرەکییەکانی دیکەوە بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی وڵاتەکەی کەم بکاتەوە. شانشینی سعودیش بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەنیازن بەرهەمهێنانیان لەو ئاستە بەرزەی ئێستادا بهێڵنەوە. خالید ئەلفالح سەرۆکی کۆمپانیاکانی Aramco لە کۆنفرانسی داڤۆس ڕایگەیاند: "ئێمە ئامادە نین بەرهەمهێنانی خۆمان کەم بکەینەوە و جێگە بۆ لایەن و وڵاتانی دیکە بکەینەوە بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە".

لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی پەیوەندییە دیپلۆماتیکەکانی ئێران و سعودیە، چاوەڕێ دەکرێت سعودیە لە جاران زیاتر لەسەر ئەم هەڵوێستە سوور بن.

ڕۆژی سێشەممە 16ی شوبات، هەر چوار وڵاتی سعودیە، قەتەر، ڕووسیا و ڤەنزوێلا لەسەر ڕاگرتنی ئاستی بەرهەمهێنان ڕێککەوتن، بەڵام ئێران ڕەتیکردەوە ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی لە هی مانگی یەکەمی ساڵی 2016دا ڕابگرێت. وەزارەتی نەوتی ئێران ڕایگەیاند "ئەم چوار وڵاتە لە ماوەی سزا ئەتۆمییەکانی سەر ئێران ئاستی بەرهەمهێنانی خۆیان 4 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزکردەوە، ئێستاش هەر ئەوان دەبێت هەوڵ بدەن باڵانسەکە بگەڕێننەوە. ئێران ئامادە نییە هاوکارییان بکات".

## هەناردەی نەوت و کاریگەریی لادانی سزاکان

داهاتی هەناردەکردنی نەوت و غازی ئێران لە ساڵی دارایی 2012/2011دا نزیکەی 118 ملیار دۆلار بووە، ئەم داهاتە لەساڵی دارایی 2013/2012 بەڕێژەی 47% دابەزی و گەیشتە 63 ملیار دۆلار. بە گوێرەی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، داهاتی نەوت و غازی ئێران لەساڵی دارایی 2014/2013 جارێکی دیکە 10% دابەزی و گەیشتە 56 ملیار دۆلار. بەڵام لە ساڵی دارایی 2015/2014 ئاستی داهاتی غازی سروشتیی ئێران بەهۆی تەواوبوونی چەند قۆناغێکی کێڵگەی غازی سروشتیی فارس بەرزبووەوە و گەیشتە 69.2 ملیار دۆلار.

کۆمەڵێک هۆکار هەن ئەوە دەستنیشان دەکەن کە ئێران کەی بتوانێت بڕی بەرهەمهێنانی نەوت و غازی خۆی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبکاتەوە، لەوانەش ئاستی سەقامگیریی ناوەندەکانی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێران. وەبەرهێنانی بیانی و خێرایی هەنگاوەکانی وەبەرهێنەرە بیانییەکان و ئەو تەکنەلۆژیایەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان پێویستە. جیا لەمە دیار نییە ئێران بە چ خێرایییەک دەتوانێت بازاڕ بۆ ئەو نەوت و غازە بدۆزێتەوە کە لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا عەمباری کردوون.

ڕاپۆرتەکەی CSIS جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەپێچەوانەی هەموو بەڵێن و پێشبینییەکان، کاریگەریی لادانی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر کەرتی نەوت و ئابووریی ئێران بە گشتی بەم زووانە دەرناکەوێت.

CSIS مەزندە دەکات لە باشترین حاڵەتدا ئێران هەتا کۆتایی 2016 نەتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ ئاستی 2011-2012 بگەڕێنێتەوە (بڕوانە دایاگرامی ژمارە 1). ئەگەر ئێران بتوانێت ئاستی بەرهەمهێنانی بۆ ئاستی 2011-2012 بەرز بکاتەوە، لەم ڕەوشە نوێیەی بازاڕی نەوتدا دۆزینەوەی کڕیاری نەوت کارێکی ئاسان نییە. هەروەها بەهۆی نزمیی لەڕادەبەدەری بەهای نەوت، ئێران ناتوانێت بە ئاسانی کورتهێنانی داهاتی نەوت پڕ بکاتەوە، لە کاتێکدا ئێران توانای بەرهەمهێنانی نەوتی هێندە بەرز نییە بتوانێت هاوسەنگی لەنێوان دابەزینی نرخی نەوت و بەرزکردنەوەی ڕادەی بەرهەمهێناندا دروست بکات، بە تایبەتیش ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگیرێت کە ژمارەی دانیشتووانی ئێران زیاتر لە 80 ملیۆنە، تێکڕای بەرهەمی پاڵفتەنەکراوی ناوخۆیی (GDP)ی ئێران 1.4 بۆ 1.6 ترلیۆن دۆلارە.

گومانی تێدا نییە کە لادانی سزاکان دەستکەوتی ئابووریی گەورە لە کەرتەکانی دیکەی ئابووریی ئێراندا دەهێننە ئاراوە، لەوانەش کەرتی بانک و گواستنەوەی ئەلیکترۆنیی پارە بۆ هەموو جیهان و بە پێچەوانەشەوە. ئێران جارێکی دیکە دەتوانێت دەستی بە پارەی یەدەگی وڵاتەکەی لە بانکەکانی جیهان ڕابگات کە لە نێوان 100 بۆ 125 ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت. کۆمپانیا غەیرە ئەمریکییەکان دەتوانن لە کەرتی نەوت و غازی ئێراندا وەبەرهێنان بکەن و هتد، بەڵام سزا غەیرە ئەتۆمییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەکرێت کاریگەریی لەسەر وەبەرهێنەرە غەیرە ئەمریکییەکان هەبێت کە هەندێک بە وریاییەوە لە ئێران وەبەرهێنان بکەن.

## سیاسەتی ناوخۆیی ئێران، ڕەوشی ناوچەکە و نەوت

دەسەڵاتی ئێران لە ناوخۆدا بەسەر دوو بەرەی سەرەکیی میانڕەوە پراگماتیستەکان و ئیدیۆلۆگە موحافەزەکارەکاندا دابەش بووە.

دژایەتی ڕوئیای ئەم دوو لایەنە بۆ سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەی ئابووری و پیشەسازیی ئێران دەبێت، بۆ نموونە کاریگەری لە دیاریکردنی ئەو وڵاتانەدا دەبێت کە لە قۆناغی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەدا لە ئێران وەبەرهێنان دەکەن، هەروەها کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر متمانەی کۆمپانیا بیانییەکان بەوەی تاچەند سەرمایەکانیان لە ئێراندا پارێزراو دەبێت.


پەیوەندییەکانی ئێران و وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتیش وڵاتانی عەرەبیی سوننە، تادێت ئاڵۆزتر و پڕکێشەتر دەبێت، وەبەرهێنانی بیانی پێویستی بە کەشێکی ئارام و سەقامگیر هەیە، ئەگەرچی ئێران دوای لادانی سزاکان ئامانجێکی سەرنجراکێشە بۆ وەبەرهێنەرە بیانییەکان، بەڵام ڕەوشی ناسەقامگیری ناوچەکە دەکرێت کار لە ئاستی دڵنیایی و متمانەی کۆمپانیا بیانییەکان بە ڕەوشی ئێران بکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر خواستی وەبەرهێنەرە بیانییەکان بۆ دانانی پلانی درێژخایەنی کارکردن لە ئێران دەبێت.

دایاگرامی ژمارە 1

### بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە ڕابردوو و داهاتوودا:


بەرهەمهێنانی و بەکارهێنانی نەوت لە 1982-2012:

بە پێی هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا




### بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی ئێران: 2017-2011:


بە پێی ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا




دایاگرامی ژمارە 2

### بەرهەمهێنانی نەوتی خاو و غازی شل لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست2014:

بە پێی هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا




دایاگرامی ژمارە 3

### کاریگەریی سزا ئەتۆمییەکان لەسەر پشکی ئێران لە بازارە جیهانییەکاندا

(بە پێی % و ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا)

| جێگرەوەکانی دیکە | جێگرەوەی سەرەکی ئێران لە بازاڕی نەوت | ئاستی کەمکردنی پشک بە پێی هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا | ڕێژەی کەمکردنی پشکی ئێران | پشکی ئێران لە 2014 | پشکی ئێران لە 2011 | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئیمارات، عێراق، نایجیریا، ئەنگۆلا | ڕووسیا | 536 | %3 | %5 | %9 | ئاسیا |
| ئەنگۆلا، عێراق، سعوودیە | نایجیریا | 584 | %5 | %0 | %5 | ئەوروپا (بەدەر لە تورکیا) |
| نایجیریا | عێراق | 84 | %22 | %30 | %51 | تورکیا |
| ئەنگۆلا، ئیمارات، سعوودیە، عێراق، کوێت | نایجیریا | 76 | %20 | %0 | %20 | ئەفریقای باشوور |

رووداو
ژمارە (397) دووشەممە 2016/2/22

# حەشدی شەعبی..
# ئەزموونی بەسیجی ئێران لە عێراق دووبارە دەبێتەوە؟



رووداو- هەولێر

لەم زمینەیەی ئێستادا، گرنگە تێبینی ئەو وێکچوونە بکەین کە لەنێوان دەستکەوتە ئابوورییە مێژووییەکانی دامەزراوەی وەکوو سوپای پاسداران، یاخود بەسیجی ئێران و حەشدی شەعبیی عێراقدا هەیە. ئاکامی بەرایی ئەم وێکچوونە دەمانگەیەنێت بەوەی کۆمەڵێک ئیمتیازات و دەستکەوتی ئابووریی راستەوخۆ، یانیش ناڕاستەوخۆ هەن کە دامەزراوە ئێرانییەکان (واتە سوپا و بەسیج) بەدەستی دەهێنن و زۆر زیاترن لەو دەستکەوت و ئیمتیازاتەی حەشدی شەعبی بەدەستیهێناون، بەڵام وێکچوونە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی نێوان بەسیجی ئێران و حەشدی شەعبیی عێراق دواجار ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە حەشدی شەعبیش بەهەمانشێوەی هاوتا ئێرانییەکەی، لەناو ئابووریی عێراقدا دەستکەوت و کاریگەریی زیاتر بێت.

## دەستکەوتەکانی جەنگ

بەرلەوەی د.فوئاد مەعسووم، سەرۆک کۆماری عێراق، بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2016 پەسەند بکات، حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی بۆ ماوەی چەند مانگێک لە دانوستاندنێکی سەختدا بوون بۆ ئەوەی برە بودجەی حەشدی شەعبی دیاری بکەن، حەشدی شەعبی لەم دانوستاندنانەدا داوای دەکرد برە بودجەی زیادکراویان لە هی هەر هێزێکی دیکەی عێراق زیاتر بێت. ئەگەرچی چەکدارانی حەشدی شەعبی لە جەنگی دژی داعشدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان تۆمار نەکردووە، بەڵام بێگومان پاش سەرکەوتن لە جەنگی کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکانی عێراق لە 2015 کە تکریت بەرجەستەترینیان بوو، کاریگەریی حەشدی شەعبیش رووی لە زیادبوون کرد، بەڵام دابەزینی ئاستی ئابووریی عێراق بەهۆی دابەزینی بەهای نەوت بۆ خوار 40 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک، بەو مانایەیە کە هەوڵەکانی حەشدی شەعبی بۆ بەرزکردنەوەی بودجەی ئەم گرووپە ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت. بە گوێرەی پێشبینییەکان بۆ بودجەی 2016، کۆی گشتیی داهاتی عێراق لە چاو ساڵی پێشتر بە رێژەی 13% دادەبەزێت و بەمەش بودجەی عێراق بۆ 71 ملیار دۆلار کەم دەبێتەوە.

حەشدی شەعبی کە دواتر بووە دامەزراوەیەکی فەرمیی حکومەتی عێراق، لەسەر ماڵپەڕەکەی خۆیان رایانگەیاندووە کە بودجەیان لەساڵی 2015دا نزیکەی 1.2 تریلیۆن دیناری عێراقی، واتە یەک ملیار دۆلار بووە. وەکوو دیارە ئەم ژمارانە ئامانجی سەرکردەکانی حەشدی شەعبی تێر نەکردووە، لە کاتێکدا ئەوان داوای چوارچێوەیەکی یاساییان کردووە کە تێیدا حەشدی شەعبیش وەکوو نوخبەیەکی سەربازیی پێناسە بکرێ. یەکێک لە گوتەبێژەکانی حەشدی شەعبی لەوبارەیەوە رایگەیاند "ئێمە یاسایەکمان دەوێت حەشدی شەعبی بپارێزێت و بەهێزتریشی بکات، هاوکات پێگەی هێزێکی فیدراڵی نوخبەمان پێبدات".

لە حوزەیرانی 2014دا ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی، کەسایەتی ئاینیی شیعەکانی عێراق، فتوایەکی دا کە تێیدا جەختی لەسەر پێویستیی جیهاد لە دژی چەکدارانی داعش و پاراستنی یەکێتی و ئاسایشی عێراق کردەوە. پاش ئەم فتوایەی سیستانی، هەزاران کەسی عێراقی وەکوو خۆبەخش خۆیان ناونووس کرد. ژمارەی چەکدارانی حەشدی شەعبی لەنێوان 100 بۆ 130 هەزار کەسە، بەمەش بە یەکێک لە گەورەترین هێزە چەکدارەکانی جیهان لە قەڵەم دەدرێت.

حەشدی شەعبی بە گوێرەی مەزەندەکانی داوای نزیکەی 4 تریلیۆن دیناری عێراقی، واتە نزیکەی 3.5 ملیار دۆلاری ئەمریکی دەکەن. پەرلەمانی عێراق لە هەنگاوێکدا کە پێدەچێت بۆ رازیکردنی حکومەت و حەشدی شەعبی بێت، بڕی نزیکەی 3 تریلیۆن دیناری عێراقی، واتە 2.6 ملیار دۆلاری بۆ مووچە و پێویستییە سەربازییەکانی حەشدی شەعبی تەرخان کردووە. ئەم بڕیارە پاش کۆبوونەوەی پەرلەمان لەسەر بودجەی عێراق لە کانوونی یەکەمی 2015، لەلایەن فالح ئەلساری، سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقەوە راگەیەندرا. بەپێی ئەم بڕیارە 3.6%ی کۆی خەرجییەکانی حکومەت بۆ حەشدی شەعبی تەرخان دەکرێت. زیادکردنی بڕی بودجەی حەشدی شەعبی بەهۆی ئەو گوشارە زۆرەوە بوو کە لەلایەن فراکسیۆنەکان و دەسەڵاتە ئاینییەکانەوە لە چەند مانگی رابردوودا خرایە سەر پەرلەمانی عێراق.

## زیادبوونی کاریگەریی حەشدی شەعبی:

زۆر لە ئاماژەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە کاریگەری و قورسایی حەشدی شەعبی هەم لەڕووی سیاسی و هەمیش لەڕووی ئابوورییەوە لە زیادبووندایە، ئەوانەی لای خوارەوە ئەو بوارانەن کە کاریگەریی حەشدی شەعبی تێیاندا پەرەی سەندووە:

1- هەوڵەکان بۆ بەدامەزراوەییکردنی حەشدی شەعبی: نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق بۆ ئەوەی بەر لە تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیی حکومەتی خۆی فۆرمولەی یاسایی و فەرمیی حەشدی شەعبی دابڕێژێت، فەرمانی دیوانیی ژمارە 47ی ساڵی 2014ی دەرکرد، بەپێی ئەم فەرمانەش لیژنەی پێکهێنانی حەشدی شەعبی پێکهێنرا. لە هەنگاوێکی دیکەدا بۆ بەدامەزراوەکردنەوەی زیاتری حەشدی شەعبی، سەرۆک وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی نیسانی 2015دا بڕیارێکی دەرکرد. بەپێی ئەم بڕیارەش ناوەندە فەرمییەکانی حکومەتی عێراق پێویستە وەکوو هێزێکی فەرمی مامەڵە لەگەڵ حەشدی شەعبیدا بکەن، لە بڕیارەکەدا حەشدی شەعبی دامەزراوەیەکە کە بەستراوەتەوە بە سەرۆکایەتی حکومەتی عێراق و ئەرکانی سوپای عێراق. بەپێی ئەم هەنگاوە، ئەم هێزە نوخبەیەکی سەربازیی نوێی عێراقە لە پاڵ پۆلیس و سوپای عێراقدا. ئەگەرچی هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت حەشدی شەعبی لەنێو چوارچێوەیەکی یاسایی دیاریکراودا کار ناکات، بەڵام هەوڵەکانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق بەردەوامن بۆ ئەوەی لەناو رەشنووسی یاسای "گاردی نیشتمانی"دا جێگەیەک بۆ حەشدی شەعبیش بکەنەوە کە یاساکە پەیوەندی بە هێزە حەشدییەکانەوە هەیە.

2- فراوانبوونی رۆڵی ئەمنیی حەشدی شەعبی: حەشدی شەعبی وەکوو هێزێکی چالاک لە پاراستنی ئاسایشی عێراقدا ماونەتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی سوپا و پۆلیسی عێراق نەیانتوانی لە تاقیکردنەوەی جەنگی دژی داعشدا لە ناوەڕاستی 2014 سەرکەوتوو بن، پاش ئەمە بەرپرسانی عێراقی هیواخواز بوون حەشدی شەعبی بتوانێت ئاسایشی عێراق بپارێزێت. یەکێک لە زەقترین بەڵگەکان بۆ فراوانبوونەوەی رۆڵی ئەمنیی حەشدی شەعبی لە بارەگای سەرەکی پۆلیسی پارێزگای موسەننا بەدی دەکرێت، کاتێک رایانگەیاند کە سەرقاڵی ئەوەن ئامادەکاری بکەن بۆ ئەوەی ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەیان بخەنە ئەستۆی حەشدی شەعبی، ئەم ئەرکەش پاراستنی دامەزراوە حکومی و تایبەتییەکان لە ناوچە بیابانەکان لەخۆدەگرێت. هەروەها کۆمەڵێک راپۆرت ئاماژە بەوە دەکەن کە حەشدی شەعبی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی خاڵە سنوورییەکان و شارە کۆنترۆڵکراوەکانی لە ئەستۆ گرتووە.

3- دەستئاوەڵایی حکومەت لە ئاست حەشدی شەعبی: ئەگەرچی بەرپرسانی حەشدی شەعبی پێیانوایە بڕی بودجەکەیان لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئەواندا نییە، بەڵام ئاماژەکان پشتڕاستی دەکەنەوە کە لە داهاتوودا حکومەتی عێراق بڕێکی زیاتری پارە بۆ ئەم هێزانە دابین دەکات. هەر ئێستاش حکومەت زۆر دەستئاوەڵا بووە بۆ ئەوان، لە کاتێکدا 3%ی کۆی خەرجییەکانی حکومەتی عێراق بۆ مووچەی 2016 بۆ حەشدی شەعبی تەرخان کراوە، 100 ملیار دینار، واتە 90 ملیۆن دۆلاری دیکەش بۆ پڕچەککردنی میلیشاکانی دیکە و هێنانیان بۆ ناو حەشدی شەعبی تەرخان کراوە. سەرچاوەیەکی دیکەی دارایی حەشدی شەعبی کۆمپانیاکان و بزنسمانەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەمانەش هاوکاریی دارایی بۆ ئەو ئەندامانەی حەشدی شەعبی دابین دەکەن کە لە جەنگدا کوژراون یانیش برینداربوون، هەروەها ئەرکی چاودێریکردنی دارایی و تەندروستی ئەوانیشیان لەئەستۆ گرتووە.

## حەشد وەکوو کۆپییەکی بەسیج

ئەگەرچی دەشێت کاڵفامانە بێت کە بەراورد لە نێوان دامەزراوەیەکی دابڕاوی سیستەمێکی سیاسی لەگەڵ دامەزراوەیەکی چالاکی ناو سیستەمێکی دیکە بکەین، بەڵام ئاماژەدان بە وێکچوونەکانی نێوان سوپای پاسداران، یانیش بەسیجی ئێران لەگەڵ حەشدی شەعبیی عێراق، رەنگە سوودی خۆی هەبێت.

سەرەتا و ئەو بیرۆکەیەش کە لەپشت دامەزراندنی ئەم دوو گرووپەوە هەیە لە یەک دەچێت، هەڵبەت دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە ئەو چوارچێوە یاساییانەی بە هۆیانەوە حەشدی شەعبی ئاراستە دەکرێت، هێشتاش کاری لەسەر دەکرێت. بە کورتی هەردوو لایەن لەڕووی دامەزران و میکانیزمەکانی دەستخستنی هاوکاری و پشتیوانیی دارایی هاوشێوەن. لەڕووی دامەزرانەوە هەردووکیان لەسەر بنەمای فەتوای ئاینیی شیعی دامەزراون: حەشدی شەعبی لەسەر بنەمای فەتوای ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی لە حوزەیرانی 2014 دامەزراوە. بەسیجی ئێرانیش بەپێی فەرمانی خومەینی، رێبەری شۆڕشی گەلانی ئێران دامەزرا. لەڕووی وەرگرتنی پشتیوانیی مادیشەوە حەشدی شەعبی و بەسیج پارە لە حکومەتەکانی وڵاتەکەیان وەردەگرن.

بەڵام گومانی تێدا نییە حەشدی شەعبی لەڕووی ئەزموونەوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە، هەتا ئێستاش ئەو ئیمتیازاتەی وەرنەگرتووە کە هیواخوازە وەریبگرێ و زیاتر پشت بەو هاوکارییانە دەبەستێ کە لایەنە جیاوازەکان و حکومەت دابینی دەکەن، ئەمەش لە چاو دەستکەوتە داراییەکانی بەسیج کە ئێستا بەشێکە لە سوپای پاسداران، زۆر کەمە. سوپای پاسداران خاوەنی کۆمەڵێک دامەزراوەی بەرهەمدارن کە لەناو ئابووریی ئێراندا کار دەکەن و لە هەموو چالاکییە ئابوورییەکانی ئێراندا بەشدارن. بەڵام لەهەمانکاتدا چوار هۆکاری سەرەکی هەن کە ئاماژە بەوە دەکەن حەشدی شەعبیش دەشێت لە داهاتوودا مۆدێلی سوپای پاسداران کۆپی بکات:

1- حەشدی شەعبی ئاواتەخوازە توێژێکی نوخبەی سیاسی دروست بکات بۆ ئەوەی زیاتر دزە بکەنە ناو تۆڕی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی عێراقەوە.

2- ئەگەری ئەوە زۆر بووە کە ئەم رێکخراوە بە شێوەیەکی کارا جموجۆڵی سەرچاوە دارایی و بازرگانییەکانی عێراق کۆنترۆڵ بکات، لە کاتێکدا رۆڵی ئەمنیی حەشدی شەعبی فراوانتر بووەتەوە و چەندین ئەرکی ئەمنی جێبەجێ دەکات.

3- هەنگاونان بەرەو بەشداری لە چالاکیی نوێی ئابووری، بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی دارایی سەقامگیر بۆ چالاکییەکانی ئەم گرووپە دەستەبەر بکەن، بە تایبەتیش لە کاتێکدا هاوکارییەکانی حکومەت بۆ حەشدی شەعبی ئەگەری هەڵکشان و داکشانی زۆرە.

4 - قووڵتربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان حەشدی شەعبی و ئێران: ئێران پێشتریش هاوکاریی سەربازی و لۆجستیکی پێشکەش بە حەشدی شەعبی کردووە، ئەمە دەکرێت هەنگاوێکیش بێت لەلایەن ئێرانەوە بۆ ئەوەی دەستکەوتی زیاتر لە بازاڕی عێراقدا بەدەستبهێنێ. لە کاتێکدا چاوەڕێش دەکرێت عێراق هاوبەشی بازرگانیی سەرەکیی ئێران بێت لە ناوچەکەدا. ئێران هەروەها خوازیارە لە پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا بەشدار بێت، ئەمەش بەبێ دانانی کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی ئابووریی حەشدی شەعبی لە عێراق ئاسان نییە.

بە گوێرەی ئەوەی لە سەرەوە باسکرا، پێدەچێت دەستکەوتە ئابوورییەکانی ئێستای حەشدی شەعبی سنووردار بێت، بەڵام گومانی تێدا نییە ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی جێگیر بۆ ئەم هێزانە دابنرێت، ئەوە دەستکەوتە ئابوورییەکانی حەشدی شەعبیش بەرز دەبێتەوە. هاوکاریکردن لەگەڵ ئێران دەشێت هێز و رێخۆشکەری سەرەکی بێت بۆ ئەوەی دەسەڵات و کاریگەریی حەشدی شەعبی بەسەر ئابووری عێراقدا گەشە بکات.

**ئەم راپۆرتە لەلایەن سەنتەری ئیقلیمی بۆ توێژینەوە ستراتیژییەکان (RCSS) کە بارەگاکەی لە قاهیرەیە، ئامادە کراوە.**

## پەیکەری باڵیۆزی کۆچ لە سلێمانی دادەدنرێ

**ڕووداو- سلێمانی**

ڕۆژی 2016/2/21 پەیکەری ئالان کوردی ئەو منداڵەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە دەریای ئیجەدا خنکا لەنزیک ئاوی پارکی ئازادی سلێمانی دانرا، بەختیار هەڵەبجەیی دروستکەری پەیکەرەکە بە (ڕووداو)ی گوت "لەدوای خنکانی ئالانەوە، سنوورەکان بۆ کۆچبەران کرانەوە و بڕیاری سیاسی گۆڕا، بۆیە نازناوی باڵیۆزی کۆچم لێنا". گوتیشی "مەرگی ئالان زۆر کاری تێکردم و بەهاوکاری هاوڕێیەکم کە سپۆنسەری کردم لەماوەی پێنج مانگدا توانیم پەیکەرەکە دروست بکەم کە حەوت ئەوەندە و نیوی جەستە ئالانە و هۆکاری دروستکردنیشی بەو شێوەیە بۆ ئەوە بوو لە نزیک ئاوەوە دابنرێت".



ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (397) دووشەممە 2016/2/22

# "پێشمەرگەیەک لە حەژمەتی خنکانی خێزانەکەی، خۆی لە ئیجەدا خنکاند"

### کۆچبەرێکی کورد: ئەگەر بزانم هەموو منداڵەکانیشم لە دەریادا دەخنکێن هەر دەڕۆم

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- ئیزمیر**

هاوینی 2000 لە ئیزمیر بووم، وەکو ئەو کۆچبەرانەی ئێستا لەوێن بەدوای قاچاخچییەکدا دەگەڕام. ئەوکات هەموو شتێک بە نهێنی بوو. کۆچبەر و قاچاخچی وەکوو یەک بەلای پۆلیسی تورکیاوە داواکراو بوون، بەڵام دوای 16 ساڵ هەموو شتێک بە نهێنییەکی ئاشکرا و لەبەر چاوی دەوڵەت دەکرێ و ڕێگەشی پێدراوە.

(باسمانا) گەڕەکێکی کۆنی شاری ئیزمیری تورکیایە، زۆربەی دانیشتووانەکەی لەو کوردانەن کە لەسەرەتای نەوەتەکانەوە لە ماردینەوە چوونەتە ئەوێ بۆ کارکردن. ئەو گەڕەکە گەورەترین بازاڕی کڕین و فرۆشتنی کۆچبەرانە لەلایەن قاچاخچییەکانەوە، بەبێ ئەوەی کۆچبەر خۆی هەستی پێ بکات.

نووری ماردینی، شۆفێرێکی تاکسییە، لە تەنیشت مزگەوتی گەورەی باسمانا کار دەکات، 10 مەتر لەولاتر بنکەی سەرەکیی پۆلیسی باسمانا هەیە، بەڵام ڕۆژانە لەوێوە سێ وەجبە پەنابەر باردەکات و بۆ قاچاخچییەکانی دەبات. ئەو دەڵێت "قاچاخچی گەورە لە باسمانا دانانیشن، ئەوانەی لێرەن هەموو بەردەست و دەڵاڵن و کاریان پەیداکردنی نەفەرە بۆ قاچاخچییەکان. کەس قاچاخچییە گەورەکان نابینێ".

یەکێک لە دەڵاڵەکان کە کوردی ڕۆژئاوای کوردستانە و تەمەنی نزیکەی 20 ساڵێک دەبێ، گوتی "لێرە شوێن بۆ کۆچبەرەکان دابین دەکەین، تا ژمارەیان زۆر دەبێت، ئینجا قاچاخچییە گەورەکان بڕیاری بەڕێکردنیان دەدەن".

کارێکی دیکەی دەڵاڵەکان کە تەواوکەری کاری یەکەمیانە، کڕینی ئێلەگ و چووپە بۆ کۆچبەران، ئەوان پشکیان لای ئەو دووکانانە هەیە کە کڕیاریان بۆ دەدۆزنەوە. ئەوان ئێلەگەکان بە ناوی ئۆرجیناڵەوە بە کۆچبەران دەفرۆشن، بەڵام لە ڕاستیدا زۆربەی ئێلەگەکان کواڵیتییان هێندە نزمە کە بەرگەی پێنج خولەک مانەوە لەنێو ئاو ناگرن.

باسمانا گەڕەکێکی بێسەروبەری پڕ لە مشک و جرج و سەگی بەرەڵڵایە، ژمارەیەکی زۆر شوقەی دوو نهۆمی و سێ نهۆمی تێدایە کە کراون بە شوێنی حەواندنەوەی کۆچبەران تا ئەو کاتەی ئامادە دەکرێن بۆ پەڕینەوە لە دەریای ئیجە.

شاری ئیزمیری کەنار دەریای ئیجە سێیەم گەورەترین شاری تورکیایە و ژمارەی دانیشتووانی نزیکەی چوار ملیۆن و 500 هەزار کەسە.

مەعسومە خەڵکی دربێسییە لە ڕۆژئاوای کوردستان، 13 کەس لە کەسوکارەکەی لەنێو دەریای ئیجەدا خنکاون، بەڵام حکومەتی تورکیا پێیان گوتووە کە ناتوانن تەرمەکانیان دەربهێننەوە، چونکە قووڵایی دەریاکە لە هەندێک شوێن دەگاتە 280 مەتر.

ئیزمیر تەنیا بریتی نییە لە باسمانا، گەڕەکی زۆری تێدایە کە دانیشتووانیان لە ئاستێکی بەرزی خۆشگوزەرانیدان. شارەکە بە قەڵای پارتی گەلی کۆماری دادەنرێ کە پارتێکی عەلمانیی ئۆپۆزیسیۆنە، بۆیە سەیر نییە کە بەدەگمەن مزگەوتێکی تێدا ببینی.

بەڵام لە باسمانا هەرچی ئەوەی تۆ دەیبینی، خۆی ئامادە کردووە بۆ پەڕینەوە لە دەریا، کۆچبەرانی سەر بە هەموو چین و توێژێک هەر لە پزیشکەوە تاوەکوو کرێکار و پێشمەرگە.

پێشمەرگەیەک کە شوێنەواری گوللەیەک بەسەر ملییەوە دیار بوو، گوتی "من پێشمەرگە بووم لە میحوەری مەخموور (دەستی بۆ ملی درێژ دەکات) ئەوە دەبینی، ئەوە شوێنەواری گوللەی داعشە".

ئەو پێشمەرگەیە کە خێزان و منداڵەکانیشی لەگەڵدا بوو، چاوەڕێی لێدانی زەنگی تەلەفۆنی قاچاخچییەکەی دەکرد، بۆ ئەوەی لە ئیجە بیانپەڕێنێتەوە.

لێم پرسی: تۆ دەڕۆی! ئەی کێ سنووری کوردستان بپارێزێ؟. یەکسەر وەڵامی دایەوە: "ئەوەی من نەپارێزێ، منیش سنوورەکەی ناپارێزم".

زۆربەی ئەوانەی گەیشتوونەتە ئیزمیر بڕیاریان داوە نەگەڕێنەوە. ڕۆژی 2016/2/9 یە، لە باسمانا دوو خێزانی خەڵکی هەولێر لەسەر شەقامەکە وەستاون و چاوەڕێی ساتی ڕۆیشتن دەکەن.

یەکێک لە سەرۆک خێزانەکان گوتی "قاچاخچی بەلەمێکی تایبەتی بۆ دابین کردووین، بۆ هەر نەفەرێک 3500 دۆلار دەدەین". ئەو دوو خێزانە دەبوایە 60 هەزار دۆلار بدەنە قاچاخچییەکە تەنیا بۆ ئەوەی لە دەریا بیانپەڕێنێتەوە.

گوتم: لە کوردستان بەو 60 هەزار دۆلارە دەتوانن لانیکەم چوار ساڵ بژین، بەڵام ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی کە هەر دەڕۆن. چوومە لای کچۆڵەیەکی یەکێک لەو دوو خێزانە و پێمگوتن: سەیری چاوی ئەو منداڵە بکەن، باشە ترستان نییە ئەو کچۆڵەیە خوانەخواستە لە دەریا بخنکێ؟ باوکی کچەکە گوتی "ئەگەر بزانم هەموو منداڵەکانیشم لە دەریادا دەخنکێن هەر دەڕۆم".

زۆربەی ئەو کۆچبەرە کوردانەی لە ئیزمیر بوون، خەڵکی شاری سلێمانی بوون، لە هەر یەکێکیانت دەپرسی بۆچی کۆچ دەکەن؟ دەیانگوت لە کوردستان چی بکەین! لەلایەک قەیرانی دارایی هەیە، ململانێی حیزبەکانیش هێندەی دیکە نائومێدی کردووین.

تورکیا سوودێکی زۆر لە کۆچبەران وەردەگرێ، چونکە هەر کۆچبەرێک تاوەکو لە دەریای ئیجە دەپەڕێتەوە و دەگاتە یۆنان، لانیکەم 1500 دۆلار لەنێو تورکیا خەرج دەکات، کۆچبەر چەند زیاتر بمێنێتەوە پارە زیاتر خەرج دەکات، بە جۆرێک جاری وا هەیە دەگاتە 5000 دۆلار بۆ هەر کۆچبەرێک.

تیمی ڕووداو هەفتەیەک لە ئیزمیر مایەوە. لە فرۆکەخانەی ئیستانبوڵ چاوەڕێی ساتی فڕینی فڕۆکەکەمان دەکرد بۆ هەولێر، لە نێو فڕۆکەخانە بەنیازبووین نانێک بخۆین، لە ناکاو منداڵێک بە زمانی کوردی بانگی کردین و گوتی: حەز دەکەم وێنەیەک بگرین. لێمپرسی: ناوت چییە؟ گوتی: ڕەهەند و خەڵکی هەولێرم. ڕووی لە ژن و پیاوێک کرد کە چەند مەترێک لەولای ئەو لەسەر کورسییەک دانیشتبوون و گوتی: ئەوەش دایکم و باوکمن لەوێ دانیشتوون.

ژن و پیاوەکە ڕەنگیان لەڕوو پەڕیبوو، هەر لە دوورەوە هەستت دەکرد بەڵایەکی گەورەیان بەسەردا هاتووە، پیاوێک لەوێ گوتی: ئەوە دوو لە منداڵەکانیان لە دەریادا خنکاون.

وازمان لە نان خواردن هێنا و چووین بۆ لای دایک و باوکی ڕەهەند. باوکی ڕەهەند پیاوێکی باڵابەرزە، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک، خەیاڵ بردبوویەوە. دایکی ڕەهەند کە ڕەنگی ڕەش هەڵگەڕابوو، یەکسەر دەستی بە قسە کرد و گوتی: "یەختەکەمان لەنێو دەریا سەراوژێر بوو، دوو لە منداڵەکانمان لەنێو دەستمان لە سەرمان ڕەقبوونەوە. یەکێک لە منداڵەکانم پێش ئەوەی گیانی دەربچێ لە سەرمان دەلەرزی و دەیگوت وووووو وووو وووووو لەو کاتەدا گیانی دەرچوو. ئەوی دیکەشیان لە باوەشی باوکیدا بوو، دەمێک بوو گیانی دەرچووبوو، بەڵام شەپۆلەکانی دەریا چەناگەیان دەجوڵاند، وامدەزانی قسە دەکات و داوای شتێک دەکات، کەچی دەمێک بوو ئەویش لە سەرما ڕەق ببووەوە".

پیاوێک لە تەنیشتیان هەستایە سەرپێ و گوتی منیش لەگەڵ ئەوان بووم. ئەو چیرۆکێکی زۆر تراژیدی گێڕایەوە و گوتی: "برادەرێکم لەگەڵ بوو پێشمەرگە بوو، خۆی و خێزان و منداڵەکانی لەسەر یەختەکە بوون، کە یەختەکە تێکشکا، ژن و منداڵەکانی خنکان، کاتێک ئەو دیمەنەی بینی، ئەویش یەکسەر دەستی لە خۆی بەردا و گوتی تازە من ژیانم بۆچییە، ئەویش هەر لە دەریادا خۆی خنکاند".



کۆچبەرێک: منداڵەکەم لە سەرمان دەلەرزی و دەیگوت وووووو وووو وووووو لەو کاتەدا گیانی دەرچوو (فۆتۆ: AFP)

---

### پەنابەران وەکو سەرچاوەی دارایی سەیری دەکەن

# منداڵ و کەمئەندامانی پەنابەر باری سوێد قورس دەکەن

### چالاکڤانێک: پەنابەر، بە فێڵ خۆی دەکاتە پەککەوتە تاوەکو مووچە وەربگرێ

### کەمئەندامێکی سوێدی: تا بتوانم کاردەکەم و تەنازول بۆ دەوڵەت ناکەم

**ڕووداو – ستۆکهۆڵم، هێلسنکی**

زۆریی ژمارەی منداڵ کۆمەڵگە بەرەو گەنجبوونەوە و هێز و توانای گەشەپێدان دەبات، پیر و کەمئەندامانیش بەپێچەوانەوە، بەڵام هەردوو توێژەکە باری دارایی وڵاتانی سکەندەناڤی، بە تایبەتی سوێد و فینلاندیان قورس کردووە.

سوێد بایەخێکی زۆر بە منداڵانی پەنابەر دەدات، بۆ ئەوەی بیانکاتە بناغە بۆ پەروەردەیەکی نوێ. بەهۆی پابەندبوونی بە پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤیش هەمان بایەخی بۆ پیر و پەککەوتە و کەمئەندامان هەیە. ساڵانە نزیکەی 1.5 ملیۆن کرۆن بۆ هەر یەکێک لەو دوو توێژە خەرج دەکات و بەمەش قورساییەکی زۆر لەسەر بودجەی وڵات دروست بووە. نەژادپەرستەکانی سوێد دەڵێن بەهۆی ئەو ئاسانکارییە، ڕەنگە زۆربەی پیر و پەککەوتەکانی جیهان ڕوو لە سوێد و فینلاند بکەن.

بەپێی ئامارێک، لە 9.5 ملیۆن کەسی دانیشتووی سوێد، 38%یان پیر و کەمئەندامن. چالاکڤانان هۆشداری دەدەن لە زۆربوونی ڕێژەی کەمئەندام و دەڵێن هەڕەشەیە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگەکانی سوێد و فینلاند.

پارتە ڕاستڕەوەکان پێیانوایە ئەو ئاسانکارییەی سوێد و فینلاند بۆ کەمئەندامانی دەکەن، بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پەناخوازی کەمئەندام ڕوو لەو دوو وڵاتە بکەن. تەنانەت کارەکە وەکوو جۆرێک لە بزنسی لێهاتووە.

هەرسین حەمەئەمین کە خاوەن پێداویستی تایبەتە و چالاکڤانێکی ئەو بوارەیە لە سوێد، دەڵێت "دەوڵەت بارتەقای نزیکەی سێ خێزان پارە لە کەمئەندامێک خەرج دەکات، بەداخەوە ئەمەش بە هەڵە کەڵکی لێوەرگیراوە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) حکومەتی سوێد مانگانە 8500 دۆلار دەداتە هەر کەمئەندامێک و بۆ دوو کەسیش کە خزمەتی دەکەن، مانگانە بۆ هەر یەکێکیان 3700 دۆلار خەرج دەکات. جگە لە کڕینی ئۆتۆمبێلی تایبەت بە کەمئەندامان کە نرخەکەی 100 هەزار دۆلارە و دابینکردنی خانوو بۆیان.

هەرسین دەڵێت پێشتر لەسەر ئاستی کۆمۆنەکان و تەنانەت پەرلەمانیش باس لە سنووردارکردنی وەرگرتنی پەنابەری کەمئەندام کراوە. هەرسین پێیوایە کۆمۆنەکان ناهەقیان نییە ئەو داوایە بکەن، چونکە ئێستا جۆرێک لە بازرگانی بە کەمئەندامانەوە پەیدا بووە.

هەرسین گوتی "ئێستا زۆر کەس کە کەسێکیان کەمئەندامە، بە هەر شێوەیەک بێ دەیگەیێننە سوێد، پاشان ئەو پەناخوازە کەمئەندامە بەناوی یاریدەدەر (personlig assistent) دوو بۆ سێ کەس لە کەسوکارانی رادەکێشێت، چونکە بەپێی ڕێساکان، کەمئەندام بۆی هەیە دوو لە کەسە نزیکەکانی وەک یاریدەدەر بۆ خۆی دابمەزرێنێ".

بەڕای هەرسین کێشەکە تا ئێرەش ئاساییە، بەڵام وەک دەڵێت "خەڵک هەیە ئێستا لە وڵاتەکەی خۆیەتی و لێرەش لەسەر ئەو بنەمایە و بەهۆی کەمئەندامبوونی کەسێکی، مووچە وەردەگرێت. خەڵک دەناسم ئێستا لە کوردستانە، بەڵام مانگانە ئەو مووچەیە وەردەگرێت". گوتیشی "بەداخەوە، هەندێک کەس بە درۆ خۆیان کردووەتە کەمئەندام، گوایە لەکاتی کار، ئازاریان پێگەیشتووە".

#### کێشەی کۆمەڵایەتی لێکەوتووەتەوە

تارا ناوی خوازراوی کچێکی باشووری کوردستانە و بەهۆی ئەم بازرگانییەوە تووشی ژیانێکی قورس بووە. تارا دەڵێت دوای ئەوەی خوا منداڵێکی کەمئەندامی پێ بەخشین، خۆی و هاوژینەکەی وەک یاریدەدەری منداڵەکەی دادەمەزرێن. تارا دەڵێت "مێردەکەم خراپ سوودی لەو هەلەی حکومەتی سوێد بینی. دوای ئەوەی لێکجیابوویینەوە، خوشکەکەی خۆی بەناوی خزمەتکردنی منداڵەکەی هێنایە سوێد، هەڕەشەی لێکردم کە ئاشکرای نەکەم". گوتیشی "بەداخەوە، دوای ئەوەی هاوژینەکەم بووە خاوەن ڕەگەزنامە، هەموو ساڵێک بەناوی گەشتی کچە نەخۆشەکەم دوو سێ سەفەری دەکرد و پارەیەکی زۆری کۆکردەوە، پاشان جێیهێشتین".

ریتا لە پارتی سڤاریە دیموکرات کە پارتێکی دژە بیانییە، دەڵێت "نابێت پەنابەری نەخۆش و کەمئەندام لە کەمپەکان بهێڵدرێنەوە. دەبێت بەخێرایی سنوورداش بکرێنەوە".

ریتا ئاماژە بە ڕاپۆرتێکی حیزبەکەیان دەدات کە بە گوتەی ئەو، تەنیا لە ماوەی شەش مانگدا بڕی 7 ملیۆن کرۆن بۆ پەنابەرانی نەخۆش خەرج کراوە "ئەمەش باجی کارکردنی هەزار خێزانی سوێدییە". گوتیشی "کۆچبەری کەمئەندام و منداڵی کۆچبەر، نەک تەنیا لە ڕووی دارایی و ئابووری، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیش هەڕەشەن لەسەر داهاتووی سوێد".

ریتا بە توورەییشەوە گوتی "ڕەوا نییە خێزانێکی بیانی 6 منداڵی هەبێت و حکومەت بەخێوی بکات، کەمئەندامی هەبێت و بودجەی دوو خێزانی سوێدی بەرێت".

سیاسییەکی کورد لە فینلاند، بە پێچەوانەی ریتا و هاوبیرەکانی بیر دەکاتەوە و دەڵێت "تەنیا پەنابەران دەتوانن هاوکێشەی پیربوونی کۆمەڵگەی سکەندەناڤی بگۆڕن".


ئیبراهیم مورادی کە لە (پارتی ڤاسەمیستۆ/ چەپ)ی فینلاندی بەرپرسیارێتی باڵای هەیە، گوتی "نەژادپەرستەکان هەمیشە وا بیر دەکەنەوە، ئێمە لە ڕێگەی زۆرکردنی منداڵ، داهاتی وڵات دەبەین، بەڵام من لێمپرسین، ئەگەر ئێمەی پەنابەر منداڵ نەخەینەوە، داهاتووی فینلاند چۆن دەبێت؟". گوتیشی "ئەوە ئێمەین دەتوانین کۆمەڵگەی وڵاتانی سکەندەناڤی لە پیربوون ڕزگار بکەین".

#### ئەوروپییەکان پەککەوتەیی قبوڵ ناکەن

ئێڤا ژنێکی تەمەن 61 ساڵە و دەستێکی کار ناکات. بەپێی هەموو پێوەرەکان، ئەو مافی هەیە مووچەی کەمئەندامیی وەربگرێت و دوو کەسیش خزمەتی بکەن، بەڵام ئەو ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێت "تا بتوانم کار دەکەم و ئەو تەنازولە بۆ دەوڵەت ناکەم کە ئەو بەخێوم بکات".

ئێڤا ئێستا لە خانوویەکی 16 مەتریدا دەژی و لە قوتابخانەیەکی فێربوونی زمان، بۆ بیانییەکان وانە دەڵێتەوە. گوتیشی "زۆرجار بەهۆی خاویی هاتن و چوونم و زۆریی تەمەنم، قوتابییەکان لێم بێزار دەبن". بەڵام بە هیواوە گوتی "تا ئەو کاتەی بتوانم کار دەکەم". بە هەناسەی ساردیشەوە گوتی "کاتێکیش پەکم کەوت، پەڕی فەرمیم بۆ دەوڵەت پڕ کردووەتەوە کە لەو سەروەتەی هەمە، حکومەت خەڵکم بۆ دابمەزرێنێ".

هەرسین دەڵێت "لە سوێد نموونەی ئێڤا و نموونەی پەنابەری 43 ساڵیشمان هەیە کە خۆی نەخۆش خستووە و حکومەت بەخێوی دەکات و دوو کەسی لە بنەماڵەکەی خۆی بۆ دامەزراندووە، بەو شێوەیە بووەتە خاوەنی دوو خانوو لە کوردستان".



لە 9.5 ملیۆن کەسی دانیشتووی سوێد، 38%یان پیر و کەمئەندامن

## کتێبێک بۆ کابان چاپ دەکرێت



**ڕووداو- سلێمانی**

کتێبێک لەسەر ژیانی هونەریی هونەرمەندی کۆچکردوو، کەریم کابان لە چلەکەیدا بڵاودەکرێتەوە.
بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری تەلای هونەر لە سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/2/24 یادێک بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو کەریم کابان ساز دەکرێت. لە یادەکەدا جگە لە چەند چالاکی و نیشاندانی فیلمێکی دۆکیومێنتاری، کتێبێکیش چاپ و بڵاودەکرێتەوە. بەختیار سەعید گوتی "ئەو کتێبە 100 لاپەڕەیە و ناوی (ڕێحانەیەک لە دەنگی خۆش)ە، ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەو بابەتانەی کە لەسەر گۆرانی و ئاوازەکانی کەریم کابان نووسراون".
هونەرمەند کەریم کابان ڕۆژی 2016/1/14 لە تەمەنی 88 ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کرد



# هونەرمەندانی کورد بە هیوای نەورۆزی ئەوروپان

**عەزیز وەیسی:** بۆ حەوت ئاهەنگ لە دەرەوە بانگهێشت کراوم

**عارەب عوسمان:** بەشداریی هیچ ئاهەنگێک ناکەم

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

بەشێک لە هونەرمەند و گۆرانیبێژانی کورد خۆیان بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز لە دەرەوە ئامادە کردووە و چاوەڕێی گرێبەستن لەگەڵ کۆمپانیا هونەرییەکان. هەندێکیشیان دەڵێن ئەگەر لە کوردستان ئاهەنگ هەبێت ئامادەن بەشداریی تێدا بکەن.
ئەو قەیرانە داراییەی بەرۆکی کوردستانی گرتووە، کاریگەریی خراپی لەسەر چێژی خەڵک داناوە و ئێستا کەمتر دەچنە ئاهەنگ و بۆنەکان، بۆیە هونەرمەندانی کورد بەهیوای نەورۆزی کوردستان نین و لەو باوەڕەدا نین وەکو ساڵانی رابردوو کۆنسێرت و شەوە ئاهەنگی گەرم سازبکرێ. ئەوان هەموو ئومێدێکیان بە کوردی تاراوگەیە و چاوەڕێی گرێبەستی کۆمپانیاکان دەکەن بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات.

نزیکەی مانگێکی بۆ نەورۆز ماوە، هەندێک هونەرمەند لە ئێستاوە خۆیان یەکلایی کردووەتەوە کە دەچنە ئەوروپا بۆ سازکردنی ئاهەنگ.

### عەزیز وەیسی بەرناکەوێت

عەزیز وەیسی، گۆرانیبێژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا لە شاری تاران نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی گوت کە بۆ حەوت ئاهەنگ لە دەرەوە بانگهێشت کراوە، بەڵام بەهۆی کەمیی کاتەوە تەنیا لە پێنج ئاهەنگیان بەشداری دەکات.
عەزیز وەیسی گوتی "ئاهەنگەکانم لە ڕۆژی 18ی ئادار دەستپێدەکەن و تاوەکو 27ی ئادار بەردەوام دەبن، ئاهەنگەکانیش لە نەرویج، سوێد و ئەڵمانیا و دانیمارک دەبن".
سەبارەت بە نرخی گرێبەستی ئاهەنگەکانیش، عەزیز وەیسی گوتی "تا ئێستا تەنیا گرێبەستەکەی سوید یەکلایی بووەتەوە کە بڕی 8000 دۆلارە، بەڵام هەموو پارەکە بۆ خۆم نییە و بەشێکی بۆ کاری خێرخوازییە".
گۆرانیبێژ بەختیار ساڵحیش بۆ ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز سێ داواکاری لەلایەن کوردانی نەرویج و سویسراوە بۆ هاتووە بۆ ئەوەی نەورۆزیان بۆ بەجۆشتر بکات.
بەختیار ئاهەنگەکانی لە ڕۆژانی 18 – 2016/3/26 ساز دەکات و سەبارەت بە نرخی گرێبەستەکانیش گوتی "هێشتا لەسەر نرخی گرێبەستەکان یەکلایی نەبووینەتەوە، بەڵام نرخەکان ئەوەندە زۆر نین".

### هەڤاڵ مەرجی هەیە

گۆرانیبێژ هەڤاڵ ئیبراهیم لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە بانگهێشتی بۆ هاتووە بۆئەوەی لەم نەورۆزەدا ئاهەنگ بکات. هەڤاڵ گوتی "لە ئەڵمانیا و نەرویج، هەروەها لە شاری هەولێریش لەلایەن ماجیدی لاندەوە بانگهێشت کراوم بۆ ئاهەنگگێڕان، بەڵام بۆ هیچیان نەگەیشتووینەتە گرێبەست، خۆم پێمخۆشە بۆ ئاهەنگی نەورۆز لە کوردستان بم، بەڵام ئەوەش ماوەتەوە سەر گرێبەستەکان".
هەڤاڵ ئیبراهیم بۆ بەشداریکردن لەو ئاهەنگانەدا مەرجی هەیە و دەڵێت "بەلای منەوە گرنگە ئەو ئاهەنگەی بەشداری تێدا دەکەم لەڕووی میوزیک و ڕووناکی و دەنگەوە کێشەی نەبێت".

### ئاهەنگەکەی حەمید بەخۆڕاییە


گۆرانیبێژ حەمید عوسمانیش لە جەژنی نەورۆزدا بۆ سازدانی کۆنسێرتێک لە ڕۆژی 2016/3/26 لە نەرویجە کە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی کولتوورییەوە ئامادەکراوە. حەمید گوتی "بەشداریکردنم بە مەبەستی قازانجی ماددی نییە و تەنانەت بلیتی فڕۆکەش لەسەر خۆمە".

### عارەب عوسمان بایکۆتی کردووە

حەیرانبێژ عارەب عوسمان، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی زۆرترین ئاهەنگ بۆ ڕەوەندی کوردی لە ئەوروپا و ئەمریکا دەکات، کەم نەورۆز و سەری ساڵی زاینی هەیە عارەب عوسمان لە دەرەوە ئاهەنگ نەکات، بۆ ئەمساڵیش کۆمپانیایەکی هونەری گرێبەستی پێشکەش کردووە کە لە ئەڵمانیا و دانیمارک لە نەورۆزدا ئاهەنگ بکات. هەرچەندە داواکاریشی بۆ ڤیزا پێشکەشی کونسوڵخانەی ئەڵمانیا کردووە، بەڵام وەکو خۆی گوتی "بەهۆی ئەو بارودۆخەی بەسەر کوردستاندا هاتووە لە قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، هیچ کەسێک لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان دڵیان خۆش نییە، بۆیە ئەگەر ڤیزاش وەربگرم ئامادە نیم ئەمساڵ بچمە دەرەوە".
بەپێچەوانەی گۆرانیبێژانی دیکەوە، عارەب نەک هەر لە وڵاتانی دەرەوە، بەڵکو بایکۆتی هەر ئاهەنگێکیش دەکات کە لە هەرێمی کوردستان بکرێت و گوتی "لە کوردستان کێ دڵی خۆشە و چ شوێنێک ئاهەنگ دەکات؟ لە هەر شوێنێکیش بانگهێشت بکرێم بەشداری ناکەم".
ساڵانی ڕابردوو کۆمپانیای بابیلۆن بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، بەهەماهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێردا لە جەژنی نەورۆز لە شارەکانی کوردستان ئاهەنگی ساز دەکرد، بەڵام ئەوانیش تائێستا نازانن ئاخۆ بۆ ئەمساڵ ئاهەنگ دەگێڕن یان نا.
نەشوان زەیتۆ، بەڕێوەبەری کارگێڕیی کۆمپانیای بابیلۆن بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەوان هەماهەنگییان لەگەڵ پارێزگای هەولێردا هەیە و پارێزگاش تائێستا هیچیان باس نەکردووە "پێدەچێت لەم هەفتەیەدا لەلایەن پارێزگاوە یەکلایی ببینەوە کە ئاخۆ ئاهەنگ دەکەن یان نا، ئەگەر بارودۆخ هەر بەمشێوەیەی ئێستا بێت، پێناچێت هیچ ئاهەنگێک بکرێت".

**هونەرمەند مەهرۆ مستەوفی بۆ (ڕووداو):**

# ئەمساڵ ئەلبوومێکی نوێ و یەکەمین کلیپ بڵاودەکەمەوە



- پێمخۆشە لەگەڵ شەهێن تاڵەبانی گۆرانی بڵێین
- کاریگەریی مامۆستا مەزهەری خالقیم لەسەرە

(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

خاتوو مەهرۆ مستەوفی، ژنە هونەرمەندی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تارانی پایتەختەوە سەدان کیلۆمەتری بڕی، بۆ ئەوەی لە گەرمەی قەیرانەکانی باشووری کوردستان و شەڕی داعشدا، لەگەڵ گرووپی موزیکی لوڕ، گۆرانی بۆ ئاشتی و ژیان بڵێت. ڕۆژی 2016/2/20-19 لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی کۆنسێرتێکی ساز کرد.
مەهرۆ مستەوفی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. تەمەنی شەش ساڵان بووە کە لەگەڵ خێزانەکەی لە شاری تاران نیشتەجێ بووە و لەوێ لە بواری هونەردا بەشێوەیەکی ئەکادیمی خوێندوویەتی. تائێستا دوو ئەلبوومی بەناوەکانی ئاشتی و لایلایە بڵاوکردووەتەوە. ئێستاش ئەلبوومێکی ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە. دوای تەواوبوونی کۆنسێرتەکەی لە شاری سلێمانی، (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ ساز کرد.

هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

**ڕووداو: تۆ جگە لەوەی گۆرانیبێژی، شێوەکاریشی، هەردوو بوارەکەشت بەشێوەی ئەکادیمی خوێندووە، کامیان لەلای تۆ لەپێشترن؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بەبیرم دێ زۆر منداڵ بووم، خولیای وێنەکێشانم هەبوو، کە ئامادەییم تەواوکرد، چوومە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و لەوێ لە بواری شێوەکاری دبلۆمم بەدەستهێنا. لەکاتی وێنەکێشاندا زۆرجار گۆرانیم دەگوت، بۆیە خولیای گۆرانیگوتنیشم لەلا دروستبوو. دوای ئەوەی شووم کرد، چوومە دانیشگایەکی تاران و لەوێ میوزیکم خوێند. بەڵام هەردوو هونەرەکە لەلای من جیاوازییان نییە و گرنگی بە هەردووکیان دەدەم.
**ڕووداو: لە گۆرانیدا کاریگەریی چ هونەرمەندێکت لەسەر بوو؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** زۆر حەزم لە دەنگی هونەرمەندی گەورە مامۆستا مەزهەری خالقییە.
**ڕووداو: ئەوەندەی تێبینیمان کردووە، زۆرتر بەرهەمی فۆلکلۆرت گوتووەتەوە، بۆچی؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** زۆرتر حەزم لە هونەری فۆلکلۆر بووە و زیاتر هەستم بۆی جووڵاوە.
**ڕووداو: بەشداریی ئافرەتانی ئێران لە کاری هونەریدا چۆن دەبینی؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** زۆر باشن، بە تایبەتی لەبواری گۆرانی و ئاوازدانان و موزیک، خێزانەکانیشیان زۆر هاوکاریانن. وەکو خۆیشم پێش ئەوەی شوو بکەم، خێزانەکەم زۆر هاوکارم بوون، دواتریش منداڵەکانم و هاوژینەکەم.
**ڕووداو: تۆ لەچاو هونەرمەندانی دیکەی وەکو شەهێن تاڵەبانی و فەتانەی وەلیدی و مەرزیە فەریقی، لە باشووری کوردستان کەمتر ناسراویت، هۆکاری چییە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** هۆکارەکەی بە دیاریکراوی نازانم، بەڵام ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کەمتر کۆنسێرت و کلیپم کردووە، بەڵام ئەوەندەشی بزانم ئەوانەی حەزیان لە موزیک و گۆرانییە دەمناسن.
**ڕووداو: ئەلبوومێکی نوێت ئامادەیە، ناوی چییە و لە چەند تراک پێکهاتووە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** ئەلبوومەکە ناوی ڕێبوارە و نۆ بەرهەمی لەخۆگرتووە کە یەکێکیان تەنیا موزیکە. هۆنراوەی سیمین چایچی تێدایە و پێنج ئاوازیشی لەلایەن فەردین لاهورپوورەوە دانراون کە لە هەندێک گۆرانیشدا لەگەڵمدا گوتوویەتی و ئەوانەی دیکەش فۆلکلۆرن. گۆرانییەکانیش بەشێوەزاری هەورامی و سۆرانی و بۆ یەکەمجاریش بەشێوەزاری کرمانجی گۆرانییەکم گوتووە.
**ڕووداو: کرمانجی بۆ تۆ قورس نەبوو؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بێگومان زۆر سەخت بوو، بەڵام ئاوازی گۆرانییەکە فۆلکلۆرە و بەلامەوە جوان بوو، بۆیە گوتم.

## زۆر حەز لە باشووری کوردستان دەکەم

ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ ژنە هونەرمەندانی ڕۆژهەڵات هەیە؟
مەهرۆ مستەوفی: ئێستا لەڕێگەی فەیسبووکەوە پەیوەندیم لەگەڵ هونەرمەند شەهێن تاڵەبانی هەیە.
**ڕووداو: پێتخۆشە کارێکی هاوبەش لەگەڵ شەهێن تاڵەبانی بکەی؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بەڵێ پێمخۆشە.
**ڕووداو: لەگەڵ هونەرمەندانی باشوور نێوانت چۆنە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** ماوەی 10 ساڵە هاتوچۆی باشووری کوردستان دەکەم و پەیوەندیم لەگەڵیان زۆر باشە.
**ڕووداو: تۆ ماوەی 25 ساڵە کاری هونەری دەکەیت، بەڵام بڵاوکردنەوەی دوو ئەلبووم کەم نییە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بێگومان کەمە، چونکە پێشتر زۆر بیرم لە بڵاوکردنەوەی ئەلبووم نەدەکردەوە و لەڕووی ماددیشەوە زۆر سەختە، چونکە ئاوازدانەر و ستۆدیۆ پارەی دەوێ و داهاتیشمان دەستناکەوێتەوە. بەڵام گۆرانیم لە کۆنسێرتەکاندا گوتووە.
**ڕووداو: بۆچی تائێستا کلیپت نییە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** لەلایەک باوەڕم پێی نەبووە و لەلایەکی دیکەشەوە ویستوومە کلیپێکی پلە یەک بکەم، یان حەزم لێی نەبووە لەبن دارێکەوە بوەستم و کلیپ بکەم، ئەگینا وەکو لایەنی دیکە هیچ ڕێگرییەک نەبووە.
**ڕووداو: کەواتە پێتوایە هۆکارێکی کەمتر ناسینت لە باشوور، نەبوونی کلیپە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** پێدەچێت ئەوەش هۆکارێک بێت.
**ڕووداو: بەڵام دەگوترێ بەنیازی کلیپێکی؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بەڵێ بەنیازین ئەمساڵ کلیپێک بکەین.
**ڕووداو: بە سەردان دەڕۆیتەوە شاری سنە؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** بەڵێ ساڵانە سەردانی دەکەمەوە و کە دەڕۆمەوە ئەوێ فرمێسک بە چاومدا دێتە خوارەوە، چونکە هەموو یادەوەرییەکانم لەوێن.

## هەموو یادگارییەکانم لە سنەن

**ڕووداو: لە شاری سلێمانی کۆنسێرتێکت بۆ ئاشتی و ژیان سازکرد، ویستت لەو ڕێگەیەوە چ پەیامێک بگەیەنیت؟**
**مەهرۆ مستەوفی:** زۆر حەز لە باشوور دەکەم و خەڵکەکەی خوێنگەرمن، کۆنسێرتەکەشم بۆ ئاشتی بوو، چونکە کەس نییە ڕقی لە ئاشتی بێت و بەو هیوایەی ئەو کۆنسێرتەش ئاشتی زیاتر بەرقەرار بکات.


+964 (0) 0773 000 2222
+964 (0) 0773 000 3333
DANIA CITY
better life style
daniacity
info@daniacity.com
www.daniacity.com
سلێمانی - شەقامی بازنەیی مەلیک محمود
پشت گردی ئیبراهیم احمد


جیهان ستی...
جیهانی شادی و دڵنیایی
★ ئەپارتمانەکانمان لەسەر تازەترین شێواز دروست کراوە.
★ کەرستەی بەکار هاتوو لە باڵەخانەکان و لە دروستکردنی ئەپارتمانەکان لە باشترین براندەکانی جیهانە.
★ چوار ئەسانسور (مەسعەد)، پرسگەی تایبەت لەهەر باڵەخانەیەکدا.
★ کاتژمێر چاودێری.
★ فوتابخانە.
★ مزگەوت.
★ نورینگەی پزیشکی.
★ سەنتەری وەرزشی و مەلەوانگەی کراوە و داخراو.
★ رووبەرێکی فروانی سەوز.
★ مۆلی بازرگانی.
CIHAN CITY
www.cihancity.com
CIHAN CITY
جیهان ستی..
یەکێك لە پرۆژەکانی جیهان گروپ
CABA
هەولێر - ڕێگای کەرکوك - پشت بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر
ژمارەی مۆبیل: 07502324343 / 07707043131



## لە دهۆک ژن و پیاوێک دەسووتێن

**رووداو- دهۆک**

لە شاری دهۆک ژنێک خۆی سووتاندووە و مێردەکەشی هەوڵی رزگارکردنی داوە، بەڵام هەردووکیان سووتاون و ئێستا لە نەخۆشخانەی ئیمێرجنسی دهۆک لەژێر چاودێری پزیشکدان. رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند "سەرلەبەیانی 2016/2/21 لە گەڕەکی سەربەستی شاری دهۆک ژنێکی تەمەن 36 ساڵ ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە و دواتریش مێردەکەی هەوڵی رزگارکردنی داوە، بەڵام ئەویش سووتاوە. ژنەکە 90% و پیاوەکەش 85%ی جەستەی سووتاوە". گوتیشی "هۆکاری خۆسووتانی ژنەکە پێدەچێت کێشەی خێزانی بێت".

## (رووداو) ئاماری چوار ساڵی توندوتیژی بەرامبەر ژنانی کەرکووک بڵاودەکاتەوە

# 185 ژن لە کەرکووک کوژراون



**پشتیوان جەمال**
**رووداو- کەرکووک**

بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی کەرکووک کە دراوەتە لێژنەی کاروباری ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا 3028 حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر ژنانی ئەو پارێزگایە تۆمار کراوە، لەوانەش کوشتنی 185 ژن کە 8یان بە هەڵە کوژراون.

لە ئامارەکاندا جۆری توندوتیژییەکان پۆلێن کراون بەسەر کوشتنی بە ئەنقەست، کوشتن بە هەڵە، هەڕەشە، هەوڵی کوشتن و دەستدرێژی، بەڵام ئامارەکە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا هەڵکشان و داکشانی بەخۆیەوە بینیوە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کە رێژەی توندوتیژی بەرەو زیادبوونە یان کەمبوونەوە.

بەپێی ئامارەکە لە ماوەی نێوان ساڵانی 2012 تاوەکو 2105دا 185 ژن کوژران کە زۆرترینیان لە ساڵی 2014 دا بووە و ژمارەی قوربانییەکان 55 ژن بوونە.

جوان حەسەن، سەرۆکی لیژنەی کاروباری ژنان لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەڵێت کوشتنی 185 ژن لە ماوەی چوار ساڵدا ژمارەیەکی گەورەیە و داوا دەکات رێکاری توند بۆ کەمکردنەوەی بگیرێتەبەر.

دادگاکانی کەرکووک کار بە یاساکانی حکومەتی عێراق دەکەن، بە تایبەتی یاسای سزاکانی ساڵی 1969 کە لە هەرێمی کوردستان هەموار کراوەتەوە و یاساکە سزایەکی زۆر کەمی بۆ ئەو کەسانە داناوە کە ژن بە پاساوی پاراستنی شەرەف دەکوژن.

جوان گوتی "پیاو هەیە ژنەکەی دەکوژێ و خۆی رادەستی پۆلیس دەکات و دەڵێت ژنەکەم لەسەر مەسەلەی شەرەف کوشتووە، ئیدی سزایەکی کەم دەدرێ".

لە مادده 409ی یاسای سزاکانی عێراقدا هاتووە "سزا دەدرێت بە حەپسکردن بۆ ماوەیەک نابێ لە سێ ساڵ زیاتر بێت، هەر کەسێک ژنەکەی یان یەکێک لە مەحرەمەکانی لە حاڵەتی زیناکردن بکوژێ".

سروود محەممەد بەرپرسی ئۆفیسی کەرکووکی رێکخراوی هیوا بۆ داکۆکیکردن لە مافی ژنان، پێیوایە ئەو ژمارەیەی لە ئامارەکەدا هاتووە کەمە، چونکە دەڵێت هەندێک لەو ژنانەی خۆیان کوشتووە، توندوتیژی هۆکار بووە بۆ خۆکوشتنیان، بۆیە دەبێ ئەو خۆکوشتنانەش بچنە خانەی کوشتنی بە ئەنقەست.

هەر بەپێی ئامارەکە، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا حەوت ژن بە هەڵە لەلایەن کەسوکاریانەوە کوژراون، بەڵام سروود گومانی لەو ژمارەیەش هەیە و دەڵێت "ئەو ژمارەیەش زۆر مایەی سەرسوڕمانە و کەمە، دڵنیاین ئەو کوشتنانەش زیاترن. هەندێجار پیاو کە بە سەرخۆشی چووەتەوە ماڵەوە ژنەکەی کوشتووە و گوتوویانە بە هەڵە کوشتوویەتی".

### 99 هەوڵی کوشتنی ژنان

هەر لەو چوار ساڵەدا 99 هەوڵی کوشتنی ژنان دراوە یاخود کارئاسانی بۆ کوشتنیان کراوە. جوان گوتی "جاری وا هەیە کچێک هەڵەی کردووە و دایکیشی ئەو هەڵەیەی بۆ مێردی یاخود کوڕەکەی گێڕاوەتەوە و لەسەر ئەوە هەوڵی کوشتنی کچەکەیان داوە، یاخود کەسێک پارەی بە کەسێکی دیکە داوە بۆ ئەوەی ئافرەتێکی لە شوێنێک بۆ بێنێتە دەرەوە و بیکوژێت".

لێدان و بریندارکردن و ئازاردانی بە ئەنقەست زۆرترین ئەو توندوتیژییانەن کە لە دژی ژنان ئەنجامدراون و ژمارەیان 581 حاڵەت بووە. جوان حەسەن گوتی "ئەو توندوتیژییانە زۆرن، بەڵام هەندێکیان لەلایەن خودی ژنانەوە بووە". هەر لەو چوار ساڵەدا 412 هەڕەشە لە ژنان کراون.

### لەسەر کچەکانی لە سێدارە درا

بەپێی ئامارەکەی پۆلیس، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا 42 ژن دەستدرێژییان کراوەتە سەر. هەندێک لەو دەستدرێژیانەش لەلایەن مەحرەمی ئەو ئافرەتانەوە بووە.

جوان حەسەن، باسی یەکێک لەو حاڵەتانەی کرد و گوتی "دوو ساڵ لەمەوبەر باوکێک بە زۆر دەستدرێژی کردبووە سەر دوو کچی خۆی، دواتر کە ئاشکرا بوو لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا، دوای دادگاییکردنی لەسێدارە درا".

### 153 هەوڵی رفاندن

لەو چوار ساڵەدا 153 هەوڵی رفاندنی ژنان و کچان تۆمار کراوە، یاخود کەسێک داوای لە کەسێکی دیکە کردووە بۆ رفاندنی کچێک هاوکاریی بکات، بەڵام جوان حەسەن دەڵێت "هەموو رفاندنێک تاوان نییە، بۆ نموونە کچێک لەگەڵ کوڕێک بەخواستی خۆی رۆیشتووە و دواتر باوکی دەڵێت رفێنراوە، بەڵام ئەوە ناچێتە چوارچێوەی تاوانەوە".

**ئاماری توندوتیژی بەرامبەر ژنانی کەرکووک (2015-2012)**

| جۆری توندوتیژی | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| کوشتنی ئەنقەست | 52 | 37 | 55 | 41 | 185 |
| کوشتن بە هەڵە | 1 | 3 | 2 | 2 | 8 |
| هەوڵی کوشتن | 20 | 33 | 22 | 24 | 99 |
| هەوڵی رفاندن | 37 | 44 | 38 | 34 | 153 |
| لێدان و بریندارکردنی ئەنقەست | 182 | 216 | 159 | 268 | 825 |
| هەڕەشە | 95 | 91 | 68 | 158 | 412 |
| دەستدرێژی | 10 | 14 | 8 | 10 | 42 |
| توندوتیژیی دیکە | 333 | 315 | 341 | 315 | 1304 |
| کۆی گشتی | 730 | 753 | 692 | 853 | 3028 |

# دهۆک.. ژنێکی مەغریبی لە ماڵی خەزووریدا دەکوژرێت



**پشتیوان جەمال و غەریب مەجید**
**رووداو- زاخۆ**

ئەو ژنە هۆڵەندییەی لەلایەن مێردەکەیەوە لە قەزای زاخۆ کوژرا، لە بنەچەدا مەغریبییە و ولاتینامەی هۆڵەندای هەیە. هۆکاری کوشتنەکەشی ئەوە بووە کە داوای لە مێردەکەی کردووە ماوەیەکی زیاتر لە کوردستان بمێننەوە، بەڵام مێردەکەی سوور بووە لەسەر ئەوەی بە زووترین کات بگەڕێنەوە هۆڵەندا، لەسەر ئەمە دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا دروست بووە.

رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2016/2/16 ئاگادار کراونەتەوە کە تەرمی ژنێک لە نزیک کۆمەڵگەی بێرسڤێ لە دەوروبەری زاخۆ دۆزراوەتەوە و دوای گەیشتنی تیمەکانی فریاکەوتنی پۆلیس بە شوێنی رووداوەکە، دەرکەوت ژنەکە تەمەنی 25 ساڵە و لەلایەن مێردەکەیەوە بە گوللە کوژراوە.

بە گوتەی رائید هێمن، لەکاتی گەیشتنی تیمەکەیان، تۆمەتبارەکە تەقەی لە پۆلیس کردووە و رایکردووە، بەڵام دواتر توانراوە کاژێر 12ی شەو دەستگیر بکرێ.

بە گوتەی هێمن سلێمان، تۆمەتبارەکە گوتبووی نەخۆشیی دەروونیی هەیە و نەیویستووە لە کوردستان بژیت، بەڵام ژنەکەی سوور بووە لەسەر ئەوەی لە کوردستان بمێننەوە و نەگەڕێنەوە هۆڵەندا".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، ژنەکە نێوی سافیناز زەرەوییە و لە بنەڕەتدا خەڵکی مەغریبە، بەڵام ولاتینامەی هۆڵەندای هەبووە و تۆمەتبارەکەش نێوی (ر.م)ە و تەمەنی 33 ساڵە و لە دوای ساڵی 2000ەوە چووەتە دەرەوەی وڵات. ئەو ژن و پیاوە دوو کچ و کوڕێکیان هەیە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (رووداو)ی گوت "تۆمەتبارەکە و ژنەکەی سەرلەبەیانی ئەو رۆژە دەمەقاڵێ لە نێوانیاندا دروستبووە، ئەوەش دوای ئەوەی پیاوەکە سوور بووە لەسەر گەڕانەوەیان بۆ هۆڵەندا، بۆیە داوای پاسپۆرتی لە ژنەکەی کردووە، ئەویش نەیداوەتێ بۆ ئەوەی نەگەڕێتەوە، بۆیە پیاوەکە لە ژنەکەی تووڕە دەبێت و تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت".

ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتی "دوای ئەو رووداوە تۆمەتبارەکە هەڵات بۆ شاخێک کە لە نزیک کۆمەڵگەکەی ماڵی باوکێتی، پاشان خوشک و براکانی کە لە ماڵی باوکی بوون، هەوڵیان داوە ژنەکەی بگەیەننە نەخۆشخانە، بەڵام هەر لە ماڵەوە گیانی دەرچووە".

بە گوتەی ئەو سەرچاوەیە، ئەو پیاوە ژنەکەی خۆی زۆر خۆشویستووە، بۆیە ئێستاش باوەڕ بەوە ناکات ژنەکەی خۆی کوشتبێ. سەرچاوەکە گوتی "(ر) سافینازی زۆر خۆشدەویست، بەجۆرێک لە چەند شوێنێکی سەر جەستەی ناوی ژنەکەی خۆی بە تاتۆ نووسیبوو".

برایەکی ئەو تۆمەتبارە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی گوت، برا و براژنەکەی رۆژی 2016/2/12 گەڕاونەتەوە کوردستان، بەڵام براکەی زۆر بە پەلە بووە بۆ گەڕانەوە "براکەمان نەخۆشیی دەروونی هەبوو، لە دەرەوەی وڵاتیش بەردەوام چارەسەری وەرگرتووە، پێشتریش چەند جارێک گەڕاونەتەوە، بەڵام لە گەڕانەوەی ئەمجارەیاندا ژنەکەی ویستبووی بۆ ماوەیەکی زۆر بمێننەوە تا لەنێو کەسوکاری خۆماندا باری دەروونیی براکەمان باشتر ببێت، بەڵام ئەو رووداوەی لێکەوتەوە".

سافیناز بە گوللەیەکی دەمانچە لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا، بەڵام کەسوکارەکەی سەریان سوڕماوە لەوەی کە (ر) ئەم دەمانچەیەی لە کوێ و چۆن دەستکەوتووە، برای (ر) گوتی "نازانم براکەم دەمانچەی لە کوێ دەستکەوتووە، بەس ئەوەندە دەزانین کە رووداوەکە لە ماڵی باوکم روویداوە، ئەوانیش ئاگادار نەبوون ئەو ژن و مێردە دەمەقاڵە لە نێوانیاندا دروستبووە، هەتا گوێیان لە دەنگی تەقە بووە".

# بە خنکاندنیش وازی لێناهێنن

**رووداو- ئاکرێ**

تەرمی ژنێک لە نزیک شارۆچکەی ئاکرێ دەدۆزرێتەوە کە شوێنەواری پێنج فیشەک بەسەر جەستەیەوە دیار بووە. بەڵام سەرچاوەیەکی پۆلیس دەڵێت پێدەچێ سەرەتا خنکێندرابێ و پاشان تەقەی لێکرابێ. تەرمی ژنەکە وەکو تەرمی نەناسراو لە پەیمانگەی دادپزیشکی هەڵگیراوە و تا ئێستا خاوەنەکەی دیار نییە.

تەرمی ئەو ژنە سەرلەبەیانی رۆژی 2016/2/12 لە ناوچەی گەلی زەنتە لە نزیک قەزای ئاکرێ دۆزراوەتەوە. سەرچاوەیەک لە پۆلیسی ئاکرێ بە (رووداو)ی راگەیاند، تەرمەکە سەرەتا لەلایەن کەسێکی ناوچەکەوە دۆزراوەتەوە، پاشان پۆلیسی لێ ئاگادار کراوەتەوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی "ئەو ژنە ماکسییەک و قەمسەڵەیەکی لەبەردا بووە. شوێنەواری پێنج فیشەک بە جەستەوەیە بوو، فیشەکەکانیش زیاتر لە سەری درابوون، بەڵام پێدەچێ پێشتر خنکێندرابێ، دیارە ئەوەی کارەکەی کردووە بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کە ئەو ژنە گیانی لەبەردا نەمێنێ، هەر بە خنکاندن وازی لێنەهێناوە و تەقەشی لێکردووە".

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکە، پێدەچێت ئەو ژنە هەر ئەو رۆژە کوژرابێ کە تەرمەکەی دۆزراوەتەوە و گوتی "جگە لە شوێنەواری ئەو فیشەکانە، هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان بەسەر جەستەیەوە دیار نەبووە. پێدەچوو تەمەنیشی لەنێوان 25-30 ساڵی بێ، هیچ ناسنامەیەکیشی پێ نەبوو".


گەلی زەنتە ئەو ناوچەیەی تەرمی ژنەکەی لێ دۆزراوەتەوە، ناوچەیەکی گەشتیارییە و دەکەوێتە نێوان شارۆچکەی ئاکرێ و ناحیەی دینارتە و نزیکەی 10 کیلۆمەتر لە ئاکرێوە دوورە و رێگایەکی لاوەکیشی پێدا تێدەپەڕێت. ژنەکە بەدووری چەند مەترێک لە رێگاکە فڕێدرابوو.

تەرمەکە دوای گەیاندنی بە نەخۆشخانەی ئاکرێ، رەوانەی پەیمانگەی پزیشکی دادیی دهۆک کراوە. (رووداو) زۆر هەوڵی دا رای پەیمانگەی پزیشکی داد وەربگرێت، بەڵام بەڕێوەبەرەکەیان بە بیانووی ئەوەی درکاندنی زانیارییەکانی پەیمانگەکەیان نهێنییە، ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

تەرمەکە ئێستا لە پەیمانگەکە وەکو تەرمێکی نەناسراو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و تاوەکو ئێستا کەسیش خۆی لێ بە خاوەن نەکردووە. هیچ ناسنامەیەکیشی پێ نییە بۆ ئەوەی کەسوکارەکەی بدۆزرێتەوە.

بەپێی یاسای پزیشکی دادوەری و توێکاری، هەر تەرمێکی بێ خاوەن دوو مانگ لە نەخۆشخانە دەهێڵدرێتەوە، ئەگەر خاوەنی نەبوو، لەلایەن شارەوانییەوە دەنێژرێت، بەڵام ئەگەر تەرم زۆر بوو یاخود کارەبا خراپ بوو، بەوەرگرتنی رەزامەندیی دادوەر، پێش تەواوبوونی دوو مانگەکە لە گۆڕستانێکی تایبەتدا بە خاک دەسپێردرێ.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، ساڵی رابردوو 13 ژن لە سنووری پارێزگای دهۆک کوژرابوون، بەڵام ساڵی 2014 تەنیا 5 ژن کوژرابوون. ئەمساڵیش تەنیا لەو مانگەدا ئەوە دووەمین حاڵەتی کوشتنی ژنانە کە لەلایەن پۆلیسەوە تۆمار کراوە.



## تەرمی گەنجێک دەدۆزرێتەوە

**ڕووداو– سلێمانی**

لە شاری سلێمانی تەرمی گەنجێک دۆزراوەتەوە و تائێستاش کەسوکاری نادیارە. نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شــەوی 2016/2/19 گەنجێک لە گەڕەکی کاریزەووشــکی شــاری ســلێمانی بە کوژراویی دۆزراوەتەوە و تائێستاش هۆکاری کوشتنەکە نەزانراوە. گوتیشی "ئەو گەنجە تەمەنی لە نێوان 25 — 30 ساڵی دەبێت و بە دوو فیشەک کوژراوە و لە کاتی دۆزینەوەشیدا تەنیا یەک مۆبایلی پێبووە و دوای بەدواداچوونەکان دەرکەوتووە ناوی گۆڤارە، بەڵام تاوەکو ئێســتا کەســوکارەکەی نەدۆزراونەتەوە و تەرمەکەشــی لە پەیمانگەی دادپزیشکی سلێمانییە".



**موقەدەمی مافپەروەر**
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

# سزای دەستدرێژیکار چییە؟

زەنگی تەلەفۆنــی بەڕێوەبەرایەتی لێدەدات، بە دڵنیاییەوە ئافرەتێکە و کێشــەیەکی هەیە. هــەرواش دەرچــوو. ئافرەتەکە یەکســەر دوای ســڵاوکردن: دەســتدرێژیم کراوەتە سەر و خۆم دەســووتێنم. سەرەتا دەبووایە ئافرەتەکە هێور بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین کێشــەکەی چییە و چی بۆ بکەین.

ئافرەتەکــە کــە هێشــتا منداڵــکارە، هاتە ســەر گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی و گوتی چەند مانگێکە شــووی کــردووە، مێردەکــەی لەگەڵ برادەرێکــی پێکــەوە کاردەکەن و بــاری دارایی برادەری مێردەکەی باشــە، جگە لەوەی لەگەڵ خۆی دەیبات بۆ کار، جاروبار یارمەتیشی داون. ئــەو ژنە گوتی "بــرادەری مێردەکەم ژنی خۆی تەڵاقــداوە، زوو زوو دەهاتە ماڵمان، لە ســەرنج و ڕوانینەکانی هەستم کرد نیازی باش نییە. تا وای لێهات بەبێ شەرم پێم بڵێ لەگەڵم ڕابوێرە، پارەت دەدەمێ، بەڵام من ڕەتمکردەوە".

ئافرەتەکــە نەیوێراوە بە مێردەکەی بڵێ کە برادەرەکەی خەریکە خیانەتی لێدەکات، چونکە بــە گوتەی خۆی ترســاوە مێردەکەی متمانەی پێنــەکات و تەنانەت لەســەر ئەو "بوختان"ــە تەڵاقیشی بدات.

پیاوەکە بێدەنگی و بێهەڵوێستیی ئافرەتەکە بــە هــەل دەزانێت و ئــەوەی مەبەســتی بووە کردوویەتــی. ئافرەتەکە گێڕایــەوە: "ڕۆژێکیان مێردەکــەم لەگەڵ برادەرەکەی چوون بۆ ســەر کار، زۆری نەبــرد لــە دەرگا درا، کــە کردمەوە بــرادەری مێردەکەم بوو، پرسیم فەرموو چیت دەوێت؟ گوتی هاتووم بۆ ناسنامەی مێردەکەت لــە بیری چــووە، ئیشــمان بە ناســنامەکەیە. منیش پێمگوت ئەی بۆچی تەلەفۆنی نەکردووە پێــم بڵێــت کە تۆ دێــی بۆ ناســنامە! چوومە ژوورەوە ناســنامەکە بهێنــم، ئەویــش لە دوای مــن هاتــە ژوورەوە، یەکســەر دەرگای لەســەر داخستم و ئەوەی مەبەستی بوو لەگەڵم کردی. پاشــان هەڕەشەی لێکردم و گوتی ئەگەر لەلای مێردەکەت باســی بکەی، دەڵێم بــە ئارەزووی خۆی بووە".

پێشــنیازمان بۆ ئافرەتەکە کرد کە ســکاڵا تۆمار بکات و ڕەوانەی نەخۆشــخانەی دەکەین و لەوێ پشــکنینی بۆ دەکرێــت و دەردەکەوێت کە دەســتدرێژی کراوەتە ســەر یان نــا، بەڵام بەهۆی بچووکیی تەمەنی و متمانە بەخۆنەبوون و ناشارەزایی لە یاسا، ئافرەتەکە ڕازی نەبوو سکاڵا تۆمار بکات، تەنیا گوتی بانگی پیاوەکە بکەن و ئامۆژگاری بکەن با ماڵم لێ تێکنەدات.

بــە ئافرەتەکەمــان گوت بــە نامەیەک ناوی خــۆی و ژمــارە مۆبایلی ئەو پیــاوە بنێرێ کە دەســتدرێژی کردووەتــە ســەری. زۆری نەبرد ژنەکــە نامەکەی نــارد، تەلەفۆنمان بۆ پیاوەکە کرد کە ســەردانی سەنتەری ڕاوێژکاریی خێزانی بکات. دواتر ژنەکــە تەلەفۆنی کردەوە و گوتی برادەری پیاوەکەم زانیویەتی من ئێوەم ئاگادار کردووەتــەوە، بەڵێنــی داوە بەهیــچ جۆرێ لێم نزیک نەکەوێتەوە و هەڕەشەشی کردووە ئەگەر بچێت بۆ بەڕێوەبەرایەتــی ئەوا بابەتەکە لەلای مێردەکەشــم بــاس بکات، بۆیــە نامەوێت بێتە بەڕێوەبەرایەتی. لەبەرخاتری ژنەکە و بۆ ئەوەی کێشــەکەی ئاڵۆزتر نەبێت، تەنیا پەیوەندیمان بــە پیاوەکەوە کــردەوە و گوتمان ئەو ژنە بۆیە سکاڵای لەسەر تۆمار نەکردووی، چونکە بەڵێنت پێداوە جارێکی دیکە نزیکی نەکەویتەوە، بەڵام ئەگەر ســکاڵات لەســەر تۆمار بــکات، ئەوا بە توندترین شێوە سزا دەدرێی. ئەویش بەڵێنی دا جارێکی دیکە دووبارەی نەکاتەوە.

ڕەنگە ئافرەتی دیکەش هەبن هەمان کێشەی ئــەو ئافرەتەیان هەبێت، بــەڵام بەهۆی ئەوەی کەســی دەستدرێژیکار کەســی نزیکی خۆیانە، دەترسن ئەگەر باسی بکەن متمانەیان پێنەکەن و تەڵاقیش بدرێــن، بۆیە ناوێرن ســکاڵا تۆمار بکەن.

ئەو ژنە سکاڵای تۆمار نەکرد، ئەگەر سکاڵای تۆماركردبا، ئەوا بەپێی مادده 393 لە یاســای سزادانی عێراقی کە تایبەتە بە دەستدرێژی و نێربازی و ئابڕووبردن، مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی دەکرا. ناوەڕۆکی ماددەکە دەڵێت "هەر کەسێک بەبــێ ڕەزامەندی لەگەڵ ژنێک جووت بێت، یان لەگەڵ نێرێک یان مێینەیــەک بەبێ ڕەزامەندی خــۆی نێربــازی بــکات، ئەوا بە حەپســکردنی هەتاهەتایی یان کاتی، سزا دەدرێت".

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# مێرمنداڵێک بە پەت خۆی دەخنکێنێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– دەربەندیخان**

مێرمنداڵێکــی دانیشــتووی گوندێکــی ســەر بــە قــەزای دەربەندیخــان بە پەت خــۆی دەخنکێنێ، کەسـێکی نزیکیشــی دەڵێــت ئــەو کوڕە هیچ کێشــەی نەبووە و پێدەچــێ بەهــۆی لاســاییکردنەوەی دراماکان خۆی خنکاندبێ.

محەممــەد حوســێن، 12 ســاڵ، دانیشــتووی گونــدی پونگــەی ســەر بــە شــارۆچکەی دەربەندیخــان، دوای نیــوەڕۆی ڕۆژی 2016/2/15 لەشــوێنی بەخێوکردنــی ئاژەڵەکانیــان لەڕێــی خۆهەڵواســینی بە پەت خــۆی خنکاند، بــەڵام تاوەکو دوو کاژێر دوای ڕووداوەکە کەسوکارەکەی پێیان نەزانی.

ســەرکان محەممــەد کــە هاوڕێی ئەو مێرمنداڵەیــە و لــە مزگەوتــی گوندەکــە لە پرســەکەی دانیشــتبوو، بە (ڕووداو) ی گوت "ئــەو ڕۆژە بەیانییەکەی پێکەوە بوویــن، دواتــر محەممــەد ماڵئاوایی کرد و گوتــی دەچمەوە ماڵەوە، بەڵام باســی هیچی نەکرد و زۆریش ئاسایی دیار بوو، هیچ شتێکی ناخۆشی لێ بەدی نەدەکرا".

ســەلام حاجــی محەممەدیش کــە کەسـێکی نزیــک و ئــاگاداری ژیانی ئەو ماڵەیــە، بــە (ڕووداو)ی گوت، محەممەد کــوڕە گــەورەی باوکی بــوو، تەنیا پۆلی یەکەمی سەرەتایی خوێندووە، زۆر حەزی لە خوێندن نەبووە و باوکیشــی زۆری لێ نەکردووە، ئەویش هیچ کارێکی نەدەکرد، تەنیا جارجار لە کاری ئاژەڵداری یارمەتی باوکی دەدا.

ســەلام کە خۆی محەممــەدی بردووە بــۆ نەخۆشــخانە، گوتــی "محەممــەد لە شــوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان خۆی خنکاندبوو، چەند گونیەیەکی خســتبووە ســەر بەرمیلێــک و پەتێکی بە ســەقفی ژووری ئاژەڵەکانەوە هەڵواســیوە و خۆی پێ خنکاندووە. دوای عەسر کە گەیاندمە نەخۆشــخانە گوتیان نزیکەی دوو کاژێرە مردووە".

ســەلام بەو ڕووداوە تاساوە و نازانێت بۆچــی محەممــەد ئــەو کارەی کــردووە "زۆر بــە باشــی ئــاگاداری ژیانیانم، ئەو منداڵــە کێشــە و نەخۆشــیی و نەبووە و خێزانەکەشــیان کێشــەیان نییە. زۆرجار بــە باوکیــم دەگوت بۆچــی لەگەڵ خۆت نایبــەی بــۆ ئیشــکردن، دەیگــوت با لە ماڵەوە بێــت. لەبەرئەوەی کوڕە گەورەی بوو لە منداڵەکانی دیکەی زیاتر خۆشــی دەویست".


ســەلام پێیوایــە محەممــەد بەهــۆی لاســاییکردنەوەی فیلمەکانــەوە خــۆی خنکاندبێت و گوتی "وەکو باســی دەکەن محەممــەد شــەوانە تاوەکو نزیکەی 12ی شــەو ســەیری فیلمی کــردووە و وای بۆ دەچم بۆ تاقیکردنەوە وای کردبێ".

ئــەوە یەکەمین حاڵەتــی خۆخنکاندنە لــەو گوندە ڕوویدات، بۆیە دانیشــتووانی گوندەکــە بە سەرســوڕمانەوە لــە نێوان خۆیانــدا باســی ڕووداوەکەیــان دەکرد. ســەلام گوتی "نەک هەر لە ماڵی ئەوان، لــە ماڵــی هەمــووان پرســەیە، چونکــە یەکەمجــارە حاڵەتــی لــەو شــێوەیە لە گوندەکەمان ڕوودەدات".

ئەو کاتەی محەممەد خۆی خنکاندووە، باوکــی لــەلای ئــاژەڵ بــووە. محەممەد عەلی کە دراوســێی ئــەو ماڵەیە، دەڵێت "دایکــی محەممــەد بــۆی گێڕامــەوە کە محەممەد نانی نیــوەڕۆی خواردووە و بە دایکی گوتووە دەچێتە لای باوکی، بەڵام چووەتە شوێنی ئاژەڵەکان و لەوێ خۆی خنکاندووە".

هەروەها گوتی "ســەرەتا خوشــکێکی ویســتوویەتی لــە شــوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵــەکان کا بۆ ئاژەڵــەکان دەربکات، بــەڵام کە چووەتە ئــەوێ محەممەدی بە هەڵواســراوی بینیوە، بۆیە بەهاوارکردن ڕایکردووەتــە ماڵــەوە و دایکــی ئاگادار کردووەتــەوە، ئەویش بــە چەقۆیــەک پەتەکــەی پچڕانــدووە، بــەڵام کار لــە کار ترازابــوو". محەممــەد نازانێــت ئــەو مێرمنداڵە بۆچی خۆی کوشتووە و گوتی "مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت ئەو منداڵە بۆچی خۆی خنکاندووە".

ئەو ڕووداوە لەلایەن بنکەی پۆلیســی دەربەندیخانــەوە لێکۆڵینــەوەی تێــدا دەکرێــت. نەقیب ســەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێــژی بەڕێوەبەرایەتــی پۆلیســی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەلایەن تیمەکانی بەڵگەی تاوانــەوە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەستی پێکردووە و بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانیش ڕووداوەکە خۆکوشتنە.



# ژنێک لەلایەن کەسوکارەکەیەوە بەند دەکرێ



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو– سلێمانی**

ژنێکــی دانیشــتووی ســلێمانی لەلایــەن کەســوکاری خۆیــەوە لــە ژێرزەمینــی ماڵەکەیانــدا بــە زنجیــر دەبەســترێتەوە، بــەڵام کاتێک لایەنــە پەیوەندیــدارەکان بۆ ئازادکردنی ســەردانی ئەو ماڵەیان کردووە، کەسوکاری ژنەکە نکۆڵییان لەوە کردووە.

نووســینگەی ســلێمانیی دەســتەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ڕایگەیاند کە ساڵی ڕابــردوو بەدواداچوونیــان بــۆ نزیکەی 80 دۆسیەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ کردووە. لەوانەش دۆسیەکانی توندوتیژیی خێزانی و توانیویانە بەشێکیان چارەسەر بکەن.

نەوشــیروان کاکــی، بەڕێوەبــەری نووسینگەکە دەڵێت "ژمارەی دۆسیەکانمان بەراورد بە ســاڵی 2014 کەم بوونەتەوە کە 100 دۆســیەمان هەبوو، ئەوەش نیشــانەی هۆشیاربوونەوەی هاووڵاتیانە، بەڵام هێشتا دۆسیەکان لە دەرەوەی شار زیاترن تاوەکو سەنتەری شار".

## سێ منداڵ بە پەت دەبەسترێنەوە

نەوشیروان کاکی ئاماژەی بەو پێشێلکاریە دیارانــە کــرد کــە ســاڵی ڕابــردوو کاریان لەســەر کردووە، یەکێک لەو پێشــێلکاریانە بەســتنەوەی ســێ منــداڵ بــووە لەلایــەن کەســێکی نزیکیانــەوە، ئــەو ســێ منداڵە دایــک و باوکیان لە یەکدی جیابوونەتەوە و خزمێکیان بەخێویان دەکات.

نەوشــیروان گوتــی "ئەو ســێ منداڵە لە ژوورێکــی ئەو ماڵەدا بۆ ماوەی چوار مانگ، ڕۆژانە قاچێکیان بە گوریس بەستراوەتەوە، منداڵێکیش وەکو چاودێر بەدیاریانەوە بووە و خواردنی پێداون و پاکی کردوونەتەوە".

بــە گوتــەی نەوشــیروان، لەلایــەن هەواڵدەرێکەوە ئــەو زانیارییانەیان پێدراوە و ئەوانیــش بەدواداچوونیان بــۆ کردووە و بــە ئاگاداریــی پۆلیس و دادگا، ســەردانی ماڵەکەیــان کــردووە. ئــەو گوتــی "کاتێک تیمەکانمــان چوونــە ماڵەکــە، دەرکــەوت زانیارییــەکان ڕاســتن، ئــەو منداڵەشــی چاودێریــان بــووە هەموو شــتێکی بۆ باس کردبوون".

کاتێک لەو پیاوەیان پرسیوە بۆچی بەو شــێوەیە مامەڵــە لەگــەڵ ئەو ســێ منداڵە دەکات، گوتوویەتــی بەهــۆی دەوامــەوە ناتوانێت وەکو پێویست چاودێرییان بکات و ناشیەوێت تووشی ڕووداوێکی ناخۆش ببن.

## ژنێک لە ژێرزەمیندا بەند کراوە

حاڵەتێکــی دیکــە کــە نووســینگەی ســلێمانی مافی مــرۆڤ بەدواداچوونیان بۆ کردووە و تائێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە، بەندکردنــی ژنێکە بەهۆی تووشــبوونی بە نەخۆشیی دەروونی.

نەوشــیروان کاکــی گوتــی "لەلایــەن هەواڵدەرێکــەوە زانیاریمان پێدرا کە ژنێکی تەمــەن 54 ســاڵ لــە گەڕەکێکــی شــاری ســلێمانی لەلایەن مێــرد و منداڵەکانییەوە لەژێرزەمینی ماڵەکەیاندا بەندکراوە و ڕۆژانە خواردنــی دەدەنــێ، دوای بەدواداچــوون دەرکەوت ئەو ژنە پێشــتر لە نەخۆشخانەی دەروونیــی ســۆز بــووە. بەڕێوەبەرایەتــی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنانمان ئــاگادار کردەوە، بەڵام کاتێک ســەردانیان کردن، ئەوان ڕەتیانکردەوە کە ئەو کارەیان کردبێ؟ هەواڵدەرەکەشــمان ئامادەیی تێدا نەبــوو لــە دادگا زانیارییەکــە پشتڕاســت بکاتەوە، بۆیە نەمانتوانی ئەو ژنە لەو ژیانە دەرباز بکەین و تائێستاش وەکو خۆیەتی".

## هەڕەشەی کوشتن لەسەر ئایین

کەیســێکی دیکــەی جیــاواز کە ســاڵی ڕابــردوو ئەو نووســینگەیە بەدواداچوونیان بۆ کردووە، کەیســی دانیشتووی یەکێک لە شارۆچکەکانی سنووری پارێزگای سلێمانی بــووە کــە بە گوتەی خــۆی بەهۆی ئەوەی ڕەخنــەی لــە ئاییــن گرتووە، هەڕەشــەی لێکراوە.

نەوشــیروان گوتی "ئەو کەسە بە قسەی خــۆی پێشــتر زۆر دینــدار بــووە، بــەڵام دوای وردبوونــەوەی لــە دیــن، ڕەخنەی لە ئایینی ئیسلام گرتووە و بەو هۆیەشەوە و بەتۆمەتی هەڵگەڕانــەوە لە ئایین، لەلایەن خەڵکانی دیکەوە هەڕەشەی لێکراوە و هاتە لای ئێمە سکاڵای تۆمار کرد".

هەندێــک لــەو کەســانەی ســەردانی نووسینگەی مافی مرۆڤی سلێمانی دەکەن، کێشەکانیان زیاتر خێزانی و کۆمەڵایەتییە، بەڵام هەر بەدواداچوونی بۆ دەکرێت.


ســابیر عەبدوڵــڵا، بەرپرســی بەشــی یاســایی لە نووســینگەی ســلێمانیی مافی مرۆڤ باسی دۆســیەی خێزانێکی ڕۆژئاوای کوردســتانی کرد کە لە کێڵگەی کەســێکدا کار دەکــەن، پیاوەکە گومانــی لە ژنەکەی هەیــە پەیوەنــدی لەگــەڵ خاوەنکارەکەی هەبێت و گوتــی "لەســەر ئــەو گومانەی سەردانی پۆلیس و دادگای خێزانی کردووە و نزیکەی 10 مانگ بەو شــێوەیە بەردەوام بووە، دادگاش خاوەنکار و ژنی پیاوەکەیان بانــگ کــردووە، ئــەوان ڕەتیانکردووەتەوە پەیوەندییان هەبووبێت و هیچ بەڵگەیەکیش لەسەر ئەو پەیوەندییە نەبووە".

بــەڵام ئــەو پیــاوە هێشــتا دڵــی ئــاو ناخواتــەوە. ســابیر عەبدوڵــڵا گوتی "لای ئێمەش سکاڵای تۆمارکردووە و هەر لەسەر ئەو گومانەشی لێپرسینەوەی توندی لەگەڵ ژنەکــەی کــردووە، ئێســتاش ســکاڵاکەی گەیاندووەتە دەســتەی ســەربەخۆی مافی مــرۆڤ و تەنانــەت یۆنامیــش، چونکــە بە قســەی خــۆی، کەیســەکەی ڕاســتە و لە سلێمانی باوەڕی پێناکەن".

هەر بە قسەی سابیر، گومانی زۆری ئەو پیاوە وایکردووە پەنا بۆ جیابوونەوە لەگەڵ ژنەکەی ببات و گوتی "ئەو ســوورە لەسەر جیابوونــەوە و ژنەکەشــی دەیەوێ پێکەوە بن، منداڵەکانیشی دەڵێن دایکمان دەوێ".

# ئەلێکساندەر دوگین..

# ئایدیۆلۆگی فلادیمیر پوتین و خاوەنی تیۆری چوارەم





ئیدریس شێخ شەرەفی

پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و مەعریفە پەیوەندییەکی کێشەزایە، هەندێک لە بیرمەندان پێیانوایە ئەم دووە بەردەوام یەکتری تەواو دەکەن و درێژە بە ژیانی یەکتر دەدەن. لەم نێوەدا زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان رۆڵێکی سەرەکیتر دەگێڕن لە هەمبەر دەسەڵات. ئەلێکساندەر دوگین لە رووسیای ئێستادا وەک بیرمەندێکی سیاسی لە پشت سەری پوتینەوە وەستاوە و رووی مەعریفیی ئەو پرۆژەیە پێشان دەدات کە پوتین لە واقیعدا بۆی دەگەڕێت.

دوگین لە موسکۆ لەساڵی 1962 لەدایک بووە، باوکی جەنەراڵی هەواڵگریی سەربازی دەستەی ئەرکانی گشتیی رووسیا بووە. بە سوود وەرگرتن لە پێگەی خێزانەکەی، توانیویەتی لە ئینستتیوتی مۆسکۆ بۆ فرۆکەوانی بخوێنێت، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی پەیمانگاکەی تەواو نەکردووە. دواتر لە بەشی بەڵگەنامەی (کەی جی بی) دادەمەزرێ و ئەوەش دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی زانیارییەکی زۆری نهێنی سەبارەت بە فاشیزم و ئۆراسیاگەرایی و ئەدیان لەم بەشەدا کۆبکاتەوە کە هەموو کەسێک شانسی دەست پێڕاگەیشتنی نەبووە. هەر لە درێژەی رەوتی زانستیی خۆیدا توانیویەتی دکتۆرا لە فەلسەفە وەربگرێت و دواتر دکتۆرای دەوڵەتی لە زانستە سیاسیەکان بەدەست بهێنێ.

لە دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا بەشداری ئۆپۆزیسیۆنی دژی یەکێتی سۆڤیەت بووە و لە 1988دا بەشداری کردووە لە حیزبێک بەناوی (پامیات "یادەوەری") کە خاوەن ئاراستەیەکی ناسیۆنالیستی بووە. لەساڵی 1993دا بەشداریی کردووە لە راپەڕینی جەماوەریی دژی بۆریس یەڵسن و هێرشکردنە سەر پەرلەمان لەلایەن یەڵسنەوە کە بە یەکێک لە کارەساتە شەخسییەکانی ژیانی خۆی وەسفی دەکات. هەر بۆیە حیزبێکی نەتەوەیی بەلشەفیی بەرهەڵستکاری یەڵسن دادەمەزرێنێ کە ئەوکات لایەنگری ئەمریکا و بەهاکانی لیبراڵیزم بووە. ساڵی 1998 واز لە حیزب دەهێنێ و دەبێتە راوێژکاری سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما و سەرۆکایەتی "سەنتەری ئەزموونی جیۆسیاسی و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی" وەردەگرێ لای سەرۆکی دۆما، لە هەمان کاتدا لە دەستەی ئەرکانی گشتیی رووسیا موحازەرە پێشکەش دەکات سەبارەت بە بابەتی جیۆسیاسی.

پاش گەیشتنە دەسەڵاتی (فلادیمیر پوتین) قۆناغێکی نوێ لە چالاکیی سیاسی دۆگین دەستپێدەکات و لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی رادیکاڵەوە دەچێتە بەرەی دەسەڵات. لە 2001 حیزبی ئۆراسیا و پاشان بزووتنەوەی ئۆراسیا بە پاڵپشتیی پوتین دادەمەزرێنێ. خەونی ئەم بزووتنەوەیە بریتییە لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی رووسیا کە هەموو ئەوروپا و ئاسیا بگرێتەوە جگە لە (ژاپۆن و ئینگلتەرا). ئێستا پرۆفیسۆر و بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی تایبەتی زانستە کۆمەڵایەتییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی حکومیی مۆسکۆ و شارەزای 8 زمانی بێگانەیە.

## دۆگین و ئۆراسیاگەرایی:

بەشێوەیەکی گشتی تیۆری ئۆراسیاگەرایی، رووسیا وەک وڵاتێک لە نێوان ئاسیا و ئەوروپا دەبینێت کە خاوەن شوناسێکی جیاوازە لە شوناس و کولتووری رۆژئاوا. رەگی ئەم تێڕوانینە لەڕاستیدا بۆ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی 1917ی بەلشەفیک دەگەڕێتەوە، بە تایبەتی لەنێو کۆچبەر و نەفیکراوەکانی ئەوروپادا، لەم قۆناغەدا جۆرێک لە هەستی نوستالژیا ژیانی هەندێکیانی داگیرکردبوو کە بۆچی ئیمپراتۆریەتی مەزنی قەیسەری بەم شێوەیە هەرەسی هێنا؟ لەلایەکی دیکەوە غوربەتی ئەوروپا جۆرێک لە پەرچەکرداری لەنێو ئەرستۆکرات و خێزانی پاشایەتی و ناسیۆنالیست و سەرۆکەکانی کڵێسای ئۆرسۆدۆکسی، واتە دەسەڵاتدارانی جاراندا دروست کردبوو کە ئێستا ئیدی تەنیا ئاوارە بوون، هەر بۆیە لە بنەڕەتدا ئۆراسیاگەرایی لە هەناوی (ئەزموونێکی تاکەکەسی: واتە قبوڵنەکردنی ئەوروپا)وە سەری هەڵدا. پرسیاری سەرەکی بریتی بوو لە: گەڕان بە دوای هۆکارەکانی رووخانی ئیمپراتۆریەتی رووسیا. لە سەردەمی (ستالین) و بەهێزبوونی ناوەندگەراییدا لە ناوخۆ و ئاراستەی ئینتەرناسیۆنالیزم و بەجیهانیکردنی کۆمۆنیزم لەدەرەوە، رەوتی ئۆراسیاگەرایی بەرەو نەمان چوو، لە سەردەمی ستالیندا بونیادی ئیداریی ئیمپراتۆریەتی نوێ لەسەر بنەمای دابەشکردنی جیۆگرافی بوو، سنوورەکان بەجۆریک کێشران کە زۆربەی کات لەگەڵ واقیعی دانیشتوواندا نەدەگونجا و یەک نەتەوە دەکەوتە نێوان دوو بونیادی کارگێڕی، دیارە ئەمەش بە ئامانجی پەرتەوازەکردنی شوناسی نەتەوەیی و ئاینی و دروستکردنی شوناسی نوێ دەکرا. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤیەت جارێکی دیکە ئەم رەوتە سەری هەڵدایەوە.

پرسیارە کۆنە نوێیەکە سەری هەڵدایەوە، چونکە لە سەدەی بیستەمدا و لە ماوەی 74 ساڵدا ئیمپراتۆریەتی رووسیا دوو جار هەڵوەشایەوە: ساڵی 1917 و ساڵی 1991.

ئەوەی مایەی تێبینییە، ئەوەیە کە لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی قەیسەریدا (250) قەوم و ئاین و زمانی جیاواز هەبوون و ئێستاش خەونی ئۆراسیا لە سەردەمی پوتیندا دەیەوێت 194 ئەتنیک و پێکهاتەی جیاواز لە چوارچێوەی یەکێتییەکدا کۆبکاتەوە. دروستکردنی یەکێتیی ئۆراسیا (بە تایبەتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی پێشوو) بە یەکێک لە ستراتیژییە سەرەکییەکانی سیاسەتی پوتین دادەنرێت.

## دوگین و نیوئۆراسیاگەرایی:

رووخانی یەکێتی سۆڤیەت بەشێوەیەکی رادیکاڵ هەڵوێستی دوگین دەگۆڕێ و تێکشکانی یەکێتی سۆڤیەت لە جەنگی ساردا لە رووی جیۆسیاسییەوە بە سەرکەوتنی شارستانیەتی دەریا بەسەر وشکانیدا وەسف دەکات، هەربۆیە جارێکی دی بەرەو فەلسەفەی بەلشەفیکی نیشتمانی و میتافیزیکی کۆمۆنیستی و رێبازی ئۆراسیایی دەگەڕێتەوە. دوگین دامەزرێنەری رەوتی نیوئۆراسیاگەراییە و رەخنەگرێکی توندی بەجیهانیکردنی رووسیایە و لایەنگری شوناسی تایبەتی رووس و خوازیاری کاریگەریی رووسیایە وەک هێزێکی خاوەن شوناسی تایبەت و جیاواز لە شوناسی رۆژئاوا لەڕووی شارستانییەوە.

بەڕای دوگین نیوئۆراسیاگەرایی فەلسەفەیەکی سیاسییە کە لە سێ ئاست پێکهاتووە:

**1- دەرەکی:** جیهانی فرە جەمسەر (ئۆراسیا یەکێکە لە ناوەندەکان)

**2- ناوەندی:** وڵاتانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران (مۆدێلی بان نەتەوەیی)

**3 - ناوخۆ:** بونیادی سیاسیی کۆمەڵگا وەک بەهایەک لە بەرامبەر مافی هاووڵاتیبوونی لیبراڵی و پێچەوانەی گلۆباڵیزم و تاکجەمسەری و ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم و لیبرالیزم.

ئەمەش وا دەکات دوگین قوتابخانەیەکی نوێی جیۆپۆلەتیکی دابمەزرێنێ کە رەگەکانی بۆ هالفۆرد جۆن ماکیندەر و کارڵ شمیس دەگەڕێتەوە. لە تیۆری کلاسیکی جیۆپۆلیتیکدا گۆی زەوی بەسەر دوو ناوچەی جیۆسیاسیدا دابەش دەکرێت:

یەکەم- ناوچەی وشکانی (ئەتلانتیزم) یان دەسەڵاتی زەمینی کە لە بنەڕەتدا و لەهەناوی خۆیدا هەندێ بەهای وەک نەریت و ئاین و کۆگەرایی هەڵگرتووە. ماکیندەر دەڵێت: جیهانی وشکانی لە سێ دوورگە پێکدێت:

1- دوورگەی جیهان- ئاسیا و ئەفریقیا و ئەوروپا (جگە لە ژاپۆن و ئینگلتەرا)

2- دوورگەی کەناراوەکانی جیهان- بەریتانیا و ژاپۆن

3- دوورگەی پەراوێزی جیهان- ئەفریقیا و ئۆسترالیا

دڵی دوورگەی جیهان لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا تا چیاکانی هیمالایا و سیبیریا لە رۆژئاوا و بانی ئێران لە باشوور درێژ دەبێتەوە: هەرکەسێک ئۆکراینا بگرێ دڵی دوورگەی جیهان و هەموو جیهان داگیر دەکات.

دووەم- ناوچەی دەریایی (تالاسۆکواسی) یان دەسەڵاتی دەریایی کە گەل و وڵاتانی ئەم ناوچەیە لە هەندێ بەهای وەک پێشکەوتن و ئیلحاد و تاکگەراییدا هاوبەشن. ئەم دابەشکرنە تا بەر لە هاتنەئارای هێزی ئاسمانی و شۆڕشی زانیاری وەک دوو راستی جیۆپۆلیتیکی سەیر دەکران کە لەسەر بنەمای ئەم پۆلێنبەندییە پێگەی دەوڵەت و هێزە ناوچەیی و جیهانییەکان دیاری دەکرا.

## کتێبی: (چوارەمین تیۆری سیاسی)

پاش سەقامگیربوونی بارودۆخ لە رووسیا، دوگین دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەشکردنی موحازەرات لە زانکۆی مۆسکۆ لەژێر ناوی "رێبازەکانی پاش فەلسەفە" و تێیدا رەخنە لە چەمکە فەلسەفییە سەرەکییەکان دەگرێت لە چوارچێوەی سێ فۆرماسیۆنی مێژووییدا کە ئەوانیش بریتین لە: پێش مۆدێرنە و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە.

ساڵی 2007 موحازەرەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە " تیۆری سیاسیی چوارەم" و تێیدا دژایەتی سێ تیۆرە سەرەکییەکەی سەدەی بیستەم دەکات واتە: تیۆری لیبراڵیزم و تیۆری کۆمۆنیزم و تیۆری فاشیزم و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم سێ تیۆرییە لەڕووی واقعییەوە شکستیان خواردووە، بەڵام ئەمە کۆتایی رێگا نییە و رووسیا بەپێی تیۆری چوارەم هەنگاو دەنێت. رووسیا کۆمۆنیزم و لیبراڵیزمی تاقیکردووەتەوە و ئێستا سەرەتای قۆناغێکی نوێیە بۆ ئەوەی رووسیا لەسەر بنەمایەکی بەرز دابمەزرێ کە پشت بە ئۆراسیای فراوان دەبەستێ. لەم سۆنگەیەوە دەتوانێ هەندێ بیرۆکەی میتافیزیکی بەکاربهێنێ و جیهان لەسەر بنەمای پرەنسیپی نوێی ئەخلاقی دابمەزرێنێ، نەک لەسەر بەهای ماددیی ئیستهلاکی بۆرژوازی. لە وتارێکدا بەناوی"نیهێلیزمی لیبراڵی وەک دوایین قۆناغی بەجیهانیکردن" دەڵێت: ئایدیۆلۆژیای مافی مرۆڤ بەسەر شوناسی جەماعی و سۆلیدارێتی کۆمەڵایەتی و ئاینی و چینایەتیی ئێمەدا زاڵ بووە". وەک دژایەتی بۆ بەها سەرەکییەکانی رۆژئاوا ئاماژە بەوە دەکات: "مافی مرۆڤ پرەنسیپی سەرەکیی ستراتیژیەتی لاوازکردنی مافی سەروەریی نەتەوەییە". بەم جۆرە لای دوگین دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی لەسەر بنەمای سەروەریی رەها دادەمەزرێ کە ناشێت هەندێ پرەنسیپی وەک بەدیموکراسیکردن و مافی مرۆڤ بیبەهژێنن و ئەمەش لە هەمەکیەتی خۆیدا دژایەتیکردنی هێز و هەژموونی تاکجەمسەری رۆژئاوایە. لە ساڵی 1997دا وتارێک لەژێر ناوی (فاشیزم: بێ سنووری و سووربوون) بڵاودەکاتەوە و باسی هاتنەوەی فاشیستە راستەقینە و رادیکاڵ و شۆڕشگێڕەکان دەکات بۆ سەر شانۆی سیاسیی رووسیا. لێرەدا جیاوازی دەکات لە نێوان فاشیزمی رووس و ئەڵمانیدا و پێیوایە فاشیزمی ئەڵمانی یەکسانە بە زیادەڕۆیی ئایدیۆلۆژی، ئەوە لەکاتێکدایە کە فاشیزمی رووسی تێکەڵەیەکە لە کۆنسێرڤاتیزمی نەتەوەیی و خواستێکی قووڵ بۆ گۆڕانکاری. لە 2008دا کۆمەڵە وتارێکی نووسیوە لەژێر ناوی " قۆناغی پێش مۆدێرنە" و ئاماژە بەوە دەکات کە مۆدێرنەی ئەوروپا لە زەمینەی رووسیدا جێگیر نابێت، تەنانەت لەنێو نوخبەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشدا، چونکە کۆی کۆمەڵگای رووسیا لە قۆناغی پێش مۆدێرنەدا دەژیت.

لە 2000ەوە دۆگین داکۆکی لە نەزعەی ئۆراسی کۆنسێرڤاتیڤ دەکات و وەک بنەمای ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی رووسیای نوێ پێشکەشی دەکات و لەم سۆنگەیەوە کتێبێک دەنووسێ بەناوی: (رێگای ئۆراسی وەک هزرێکی نیشتمانی). ئەو لایەنگری رەسەنایەتی و وەفادارییە بۆ نەریت و ئەخلاقی نیشتمانی و ئابووریی چەپ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سنووردانان بۆ فەوزای بازاڕ و رزگاربوون لە کۆیلایەتیی سوود و یاساغکردنی موزارەبە لە بۆرسە و مۆنۆپۆل و سەرکەوتنی کاری پاک بەسەر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پارە.

سەرەڕای هەندێ بانگەشەی دوگین بۆ خستنەڕووی تیۆرییەک وەک ئەڵتەرناتیڤی هزری لیبراڵیزم، بەڵام لەڕاستیدا کۆی بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی، پەرچەکردارە لە بەرامبەر نەریتەکانی رۆژئاوا و داکۆکی لە هەندێ بەها و نۆرم دەکات کە بەنیسبەت هزری رۆژئاواوە بوون بە رابردوو. بۆ نموونە دوگین لایەنگری کۆنسێرڤاتیزمی چالاک و رەخنەگرتن لە عەقڵانییەتە، هەروەها دیموکراسی رەت دەکاتەوە و داوای گەڕانەوە بۆ مەعنەویەت دەکات و دەڵێت: (ئەوە مەعنەویەتە کە نوخبە دروست دەکات). زیاتر لەوە سوکایەتی بە لیبراڵیزم دەکات و دژی پێشکەوتن و لایەنگریی حکومەتێکی ناوەندیی بەهێزە و لە روانگەی ئەوەوە پێویستە بۆ هاتنەئارای رووسیایەکی بەهێز کەنیسە و سوپا و پاشان کرێملن یارمەتی دەوڵەت بدەن. گرنگی بە مەزهەبی ئەرسۆدۆکسیی کۆن دەدات وەک ئامرازێک بۆ یەکێتی و بووژاندنەوەی دابونەریتی ئۆرسۆدۆکسیی کۆن لە چوارچێوەی کەنیسەی ئۆرسۆدۆکسیی رووسیای هاوچەرخدا. لەڕاستیدا ئێستا پێویستە کەنیسە رۆڵی حیزبی کۆمۆنیست بگێڕێت بۆ هاندان و ئامادەکردنی خەڵک بۆ چوونە ناو سوپا. دوگین لە ساڵی 2013 دا بەرهەمێکی تری بەناوی "هاواری ئۆراسیا" لەگەڵ ئالان دوبنوا-ی (راستی نوێ) بڵاوکردەوە کە دیسان تیۆردارشتنە بۆ یەکێتییەکی ئۆراسیی بەهێز کە بتوانێ لە بەرامبەر رۆژئاوا رابوەستێ.




## دوگین و پوتین:

وەک ئاماژەی بۆ دەکرێت، دوگین یەکێکە لەو تیۆریسیەن و بیرمەندانەی کە لە پشت پوتین وەستاوە، بە تایبەتی لە نەخشەدانان بۆ نەزعەی فراوانخوازی و گەڕاندنەوەی هەژموونی رووسی و لە بنەڕەتیشدا جۆرێک لە گونجان هەیە لە نێوان فەلسەفەی ئۆراسیی میتافیزیکی دوگین و هەڵسوکەوتی پراگماتیکی پوتین بۆ دامەزراندنی فەزای ئابووریی ئۆراسی و یەکێتی ئۆراسیی بەرفراوان کە رووسیا و کازاخستان و بیلارووس و ئۆکراینا دەگرێتەوە. پرۆژەی یەکێتی ئۆڕاسیای پوتین، بازاڕێکی هاوبەشی گرنگی ئابوورییە بە بەهای 80%ی سەردەمی سۆڤیەت و ئەمەش وادەکات ئابووریی لاوازی رووسیا ببووژێتەوە. لەڕووی هزریشەوە پوتین وەک دوگین هێرش دەکاتە سەرکولتووری رۆژئاوا و دەڵێت: "رۆژئاواییەکان بە یەک شێواز هەڵسوکەوت لەگەڵ خێر و شەڕدا دەکەن و جیاوازی دانانێن لە نێوانیاندا". ئەمەش وەک جیاوازیی جەوهەریی نێوان نۆرم و بەهای رووسی و رۆژئاواییەکان سەبارەت بە چاوگی بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان و داکۆکی لە نەریتەکانی خێزان دەکات و دەڵێت: ئەم بەهایانە بنەمای مەزنێتی رووسیا و سەنگەرێکە لە بەرامبەر بەناو لێبووردەیی. پوتین پێیوایە کۆنسێرڤاتیزم (موحافزەکاری) نابێتە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتنی وڵات بەڵکو پێش بە پاشەکشێ و کەوتنی کۆمەڵگا دەگرێ بۆ ناو تاریکستانی پشێوی و رەوشی مرۆڤی سەرەتایی.

کەواتە خەون بینین بە پرۆژی مەزنی رووسی و وەک هێزێک کە بەدوای هێنانەدی مافی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکانەوە بێت، خەونێکە لە جێی خۆیدا نییە، پرۆژەی رووسیا پرۆژەی دابەشکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی دەوڵەتەکانە نەک ماف و ئازادیی تاکەکان.



# ئێران.. هەڵبژاردنێک بە ڕەنگ و بۆنی ئەتۆمی

ڕێبوار قاسم
ڕووداو- هەولێر

26ی شوباتی 2016 دوو هەڵبژاردن لە ئێران بەڕێوەدەچن کە تێیاندا نوێنەرانی خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێران و ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان (خوبرگان) هەڵدەبژێردرێن. ئەم دوو هەڵبژاردنەش یەکەم هەڵبژاردنی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی پێنج کۆ یەکە.

بە فیلتەری ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستووریشدا بڕوات و متمانەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانێت وەکوو کاندیدێک خۆی بپاڵێوێت. هەر بۆیە ئەنجوومەنی پاسەوانان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەوەی کام لایەن کۆنترۆڵی پەرلەمانی ئێرانی لەدەستدا بێت.

بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمان، ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور زیاتر لە 51%ی ئەو ناوانەی ڕەتکردووەتەوە کە وەکوو کاندیدی هەڵبژاردنی پەرلەمان ناوی خۆیان تۆمار کردبوو. ڕاپۆرتە بەرایییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کۆی ئەو 6 هەزار کەسەی ناویان هاتووەتەوە، تەنیا 100 کەسیان سەر بە بەرەی ریفۆرمخوازن، ئەگەرچی گومانیش دەکرێت ژمارەیەک لە کاندیدەکان لایەنگریی سیاسی خۆیان بۆ ریفۆرمخوازان ئاشکرا نەکردبێت، بۆ ئەوەی لە پاڵاوتنەکانی ئەنجوومەنی پاسەوانان دەربچن.

جیا لەمە، هەموو یاسایەک کە لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت، دەبێت لەلایەن ئەنجوومەنی پاسەوانانەوە متمانەی تەبایی لەگەڵ دەستووری بنەڕەتیی ئێران و ئاینی ئیسلامی پێ بدرێت. دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور مافی ئەوەی بەم ئەنجوومەنە داوە کە بەربەست بۆ زۆربەی چاکسازیی سیاسی و ئابوورییەکان دروست بکات.

لەبەر ئەوەی نیوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی لە پەرلەمان پەسەند دەکران، دواتر لەلایەن ئەنجوومەنی پاسەوانانەوە ڤیتۆ دەکران، ساڵی 1989 دامەزراوەیەکی دیکە لە دەسەڵاتی یاسادانانی ئێران دروستکرا بە ناوی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام کە ئەرکی ناوبژیوانییە لە نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەنی پاسەوانانی ئێران.

پەرلەمان ئەرکی پەسەندکردنی بودجە، لێپرسینەوە لە وەزیران و حکومەت و هەروەها پەسەندکردنی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی لەئەستۆیە. دامەزراوە و تاکەکەسەکانی دەرەوەی پەرلەمان مافی ئەوەیان نییە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی پەرلەمان دابنێن، بەڵام ئەم مەرجە هەموو کات جێبەجێ ناکرێت، وەکوو چۆن لەساڵی 2000 عەلی خامنەیی، ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەرمانی بە مەجلیس دا تاوتوێی چاکسازییەکانی یاسای ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئێران نەکەن، ئەمە جگە لەوەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێرانیش دەتوانێت گوشار لەسەر پەرلەمان دروست بکات، بۆ ئەوەی کۆمەڵێک یاسای دیاریکراو پەسەند بکەن.

## ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری:

ئەم ئەنجوومەنە بە یەکێک لە گرنگترین دامەزراوەکانی دەسەڵاتی ئێران لەقەڵەم دەدرێت، بە تایبەتیش لەبەر ئەوەی ئەرکی دیاریکردن، چاودێری و تەنانەت لادانی ڕێبەری ئێران لە ئەستۆی ئەم دامەزراوەیەیە، بەڵام دوو ئەرکەکەی دواییان (واتە چاودێری و لادانی ڕێبەری ئێران) تەنیا لەسەر کاغەز ماوەتەوە و ئەم ئەنجوومەنە هیچکات لێپرسینەوەی لە ڕێبەری وڵات نەکردووە. لەڕاستیدا هیچ میکانیزمێکیش دیاری نەکراوە بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی شارەزایان لە ڕێگەیانەوە چاودێریی ڕێبەری ئێران بکات و بەربەست بۆ بڕیارەکانی دابنێ. ریفۆرمخوازەکانی ئێران هەوڵی زۆریان داوە ئەم دەسەڵاتەی ئەنجوومەنی شارەزایان دامەزراوەیی بکەنەوە، بەڵام هەوڵەکانیان هیچی لێ سەوز نەبووە.

ئەنجوومەنی شارەزایان کە لە 88 یاسادانەری ئیسلامی پێکدێت، پێنج کەسیان لە نێو 12 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور لەلایەن ڕابەری کۆماری ئیسلامی و پەرلەمانی ئێرانەوە دەستنیشان دەکرێن.

ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەزایان هەموو هەشت ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن و لە دەستەی سەرۆکایەتی و 6 کۆمیتە پێکدێت. ئەم ئەنجوومەنە ساڵانە تەنیا دوو جار کۆدەبێتەوە، هەر بۆیە هیچ سەیر نییە کە ئەم ئەنجوومەنە وەکوو دامەزراوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سیاسەتی ڕۆژانەی ئێران نەبێت.

ئەنجوومەنی شارەزایان لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران پێکهات، بۆ ئەوەی ڕەشنووسی دەستووری بنەڕەتیی ئێران ئامادە بکەن. ئەنجوومەنەکە لەو کاتەدا گرووپێکی بچووک بوون لە شارەزایانی یاسا و یاسای ئیسلامی، نەک ئەنجوومەنێکی بەرفراوان کە لە هەموو وڵاتدا هەڵبژاردنی بۆ بکرێت. شێوەی ئێستای ئەم ئەنجوومەنە لە ساڵی 1982 بەپێی مادەی 108ی یاسای ئێران دامەزرێنرا و لەساڵی 1983 دەستی بە کار کرد. لەساڵانی دواتر و لە 1991، 1999 و 2007 هەڵبژاردنی بۆ کراوە.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەنجوومەنی شارەزایان دەبووایە لە ساڵی 2015دا بەڕێوەبچێت، بەڵام بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنەکان کە لە 2009 پەسەندکراوە، دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کە چوار ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێت، هاوکات بکرێتەوە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان کە هەموو 8 ساڵ جارێک ڕێکدەخرێت. ئەگەرچی ئێران هاوکاتکردنەوەی ئەم دوو هەڵبژاردنە بۆ کەمکردنەوەی تێچوونی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام شارەزایان پێیانوایە هۆکاری ئەم هەنگاوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی جەماوەر لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان و زیادکردنی مەشرووعیەتی بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە دەگەڕێتەوە.

بۆ ئەوەی کەسێک مافی ئەوەی هەبێت خۆی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی شارەزایان کاندید بکات، دەبێت شارەزایی تەواوی لە شەرع و فیقهی ئیسلامیدا هەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت بە چەندین تاقیکردنەوەی نووسراو و گوتراوی ئاینیدا چووبێت و بڕوانامەی هەبێت.

## کێ بۆ چ شتێک هەوڵ دەدات؟

ماوەی نزیکەی یەک دەیە دەبێت بناژۆخوازەکان کۆنترۆڵی ئەم دوو دامەزراوە یاسایی و سیاسییەیان لەژێر دەستە، کۆتاییهێنان بەم باڵادەستییەی بناژۆخوازەکان ئامانجی سەرەکیی ریفۆرمخوازەکان و میانڕەوەکانە.

هەڵبژاردنی ئەمجارەی "مەجلیس" بۆ حەسەن ڕووحانی، سەرۆک کۆماری ئێرانیش گرنگە لە کاتێکدا ناردنی ژمارەیەکی زۆر نوێنەرانی ریفۆرمخواز دەشێت دەرفەتی ئەوە بە ڕووحانی بدات کە بەرنامە ئابوورییەکانی پاش لادانی سزاکان بخاتە واری جێبەجێکردنەوە و هەروەها ڕێگەش خۆش بکات بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی داهاتووی ئێرانیشدا جارێکی دیکە پۆستی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئێران وەربگرێتەوە.

ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆر لە ریفۆرمخوازەکان لە پرۆسەی پاڵاوتنەکانی ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور دەرنەچوون، بەڵام دیسانیش ریفۆرمخوازەکان دەیانەوێت وابکەن کەمترین ژمارەی ئوسوڵگەراکان لە خولی دەیەمی پەرلەمانی ئێراندا لەسەر کورسییەکان بن. بۆ ئەم مەبەستەش لایەن و پارتە جیاوازەکانی ریفۆرمخوازیی ئێران لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە بە لیستی هاوبەش بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن. پلاندانەری ریفۆرمخوازەکان محەممەد خاتەمی، سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێرانە کە ئەگەرچی ڕێگەی چالاکیی سیاسی لێگیراوە، بەڵام لە پشتی پەردەوە میانڕەوەکان ئاراستە دەکات.

لە تاران ریفۆرمخوازەکان لیستێکی هاوبەشی 30 کەسییان ئامادە کردووە کە محەممەد ڕەزا عارف سەرۆکایەتی دەکات، عارف پێشتر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی 2013دا لە بەرژەوەندیی حەسەن ڕووحانی، لە هەڵبژاردنەکان کشایەوە.

ژمارەی ئافرەتان لە پەرلەمانی ئێران هەموو کات کێشەیەکی چالاکڤانانی مافەکانی ئافرەتان بووە لە ئێران، لە خولی نۆیەمدا تەنیا 9 پەرلەمانتاری ئافرەت هەبوون، بۆ ئەم خولەش چاوەڕێ ناکرێت ژمارەی نوێنەرە ئافرەتەکان لە 5%ی کۆی کورسییەکانی پەرلەمان زیاتر بێت.

بۆ یەکەمجار لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایانیش بایەخێکی ناوخۆیی تایبەتی پێدەدرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ تەمەن و ڕەوشی فیزیکی ناسەقامگیری عەلی خامنەیی، ڕابەری ئێران دەگەڕێتەوە. خامنەیی تەمەنی 76 ساڵە و لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕەوشی تەندروستی زۆر لەبار نەبووە، هەر بۆیەش گومان دەکرێت ئەرکی دیاریکردنی ڕێبەری نوێی ئێران لە ئەستۆی ئەندامانی ئەم خولەی ئەنجوومەنی شارەزایان بێت، ئەگەر خامنەیی لە ماوەی ئەم خولەی ئەنجوومەنی شارەزایاندا بمرێت، ئەوە ڕێی تێدەچێت یەکێک لە ئەندامانی ئەم خولەی ئەنجوومەنەکە وەکوو جێگرەوەی دیاری بکرێت. کۆنترۆڵکردنی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری دەرفەتی ئەوە بە لایەنەکان دەدات لە دیاریکردنی ڕێبەری داهاتووی ئێراندا پشکی شێریان دەستبکەوێت.

لەلایەکی دیکەوە، ئوسوڵگەراکانی ئێران ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە دەشێت بەهۆی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 14ی تەمووزی 2015 لە نێوان ئێران و گرووپی وڵاتانی 5+1، ریفۆرمخوازەکان پێگەیەکی نوێ لە ئێراندا بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەگەرچی ئوسوڵگەراکان هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکە جگە لە قبووڵکردنی ڕێککەوتنەکە شک نابەن بۆ ئەوەی ئێرانیان لەو بارودۆخە سەختە ئابوورییە ڕزگار بکردایە.

ئوسوڵگەراکان و فەرماندەکانی سوپای پاسدارانی ئێران نیگەرانی ئەوەشن کە دەشێت لە گرێبەستە نوێیەکانی پەیوەندیدار بە نەوت و ژێرخانی ئابووریی ئێران دەستی ئەوان لە ئابووریی ئێراندا کورت بکاتەوە. لەکاتێکدا ڕێککەوتنە نهێنییەکانی پێشتر لەگەڵ ڕووسیا و چین دەرفەتی ئەوەی بۆ هێشتبوونەوە ئاراستەیەکی دیاریکراو بە داهاتی نەوتی ئێران بدەن. هەر بۆیەش دوای گەڕانەوەی ڕووحانی و بیژەن نامدار زەنگەنە، وەزیری نەوتی ئێران لە گەشتەکەی ئەورووپا، هێرشی فیزیکی کرایە سەر زەنگەنە کە ئاماژەکان هەموویان باس لەوە دەکەن سوپای پاسداران لە پشت هێرشەکەوە بووبێت.

لە کۆی 800 کەس کە ناوی خۆیان بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان تۆمار کردبوو، تەنیا ناوی 161 کەسیان دەرچووە بۆ ئەوەی لەسەر 88 کورسی ئەنجوومەنی شارەزایانی ڕێبەری ململانێ بکەن. ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە حەسەن ڕووحانی، سەرۆک کۆماری ئێرانیش خۆی بۆ ئەم ئەنجوومەنە کاندید کردووە.

لەناو ئەو 161 کەسەی ناویان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکە دەرچووە، ناوی هیچ ئافرەتێک بەدی ناکرێت.

کاندیدێکی دیکەی ئەنجوومەنی شارەزایان، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانییە کە بناژۆخوازەکان بە مامۆستای ڕووحانی ناوی دەبەن، لە کاتێکدا هەردووکیان بڕوایان وایە ئێران دەبێت ببێتە بەشێک لە ئابووریی جیهانی و لەو ئاستە لۆکاڵی و ناوچەییەدا نەمێنێتەوە.

## کورد و دوو هەڵبژاردنەکەی ئێران

جگە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک)، پارتە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی ئێرانیان بایکۆت کردووە. بەدەر لە هەڵوێستی حیزبە کوردییەکان، هیچ ئاماژەیەکی سەرانسەریی دیکە بەدی ناکرێت کە خەڵکی ئێران هەڵبژاردنەکان بایکۆت بکەن. فەرهاد سووزەنچی، چاودێر و شارەزای هەڵبژاردنەکانی ئێران لەوبارەیەوە دەڵێت "پێشتر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی مەحمود ئەحمەدی نەژاد بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لە بەرژەوەندیی ئوسوڵگەراکان کەوتەوە."

حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هەڵبژاردنەکانی ئێران بەپێی سیستەمێکی ئازاد و شەفاف بەڕێوەناچن و خەڵک دەبێت لە نێوان ئەو کاندیدانەی دەسەڵاتی ئێران خۆی دیاری کردوون، نوێنەرەکانی خۆیان هەڵبژێرن. ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێنج پارێزگای کرمانشا، سنە، ورمێ، ئیلام و لوڕستان 38 نوێنەری لە پەرلەمانی ئێراندا هەیە.

## پەرلەمانی ئێران

پەرلەمانی ئێران کە ئێرانییەکان پێیدەڵێن "مەجلیس"، یەکەمجار لەساڵی 1906 و لە سەردەمی مزەفەرەدین شای قاجاردا دامەزراوە و ئەوکات ناوی "ئەنجوومەنی شووڕای نیشتمانی" بووە. لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە 1979 و لەگەڵ گۆڕانی ماهیەتی دەسەڵاتی سیاسی، پاشگری "نیشتمانی" شوێنی خۆی بە "ئیسلامی" دا و ناوی پەرلەمانی ئێران بۆ "ئەنجوومەنی شووڕای ئیسلامی" گۆڕا. پەرلەمانی ئێران 290 ئەندامی هەیە کە نوێنەرایەتی 207 بازنەی دەنگدان دەکەن. گەورەترین بازنەی هەڵبژاردن تارانە کە 30 کورسی پەرلەمانی ئێرانی پێدراوە. ئەرکی پەرلەمانی ئێران یاسادانان و چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکانە لەلایەن حکومەتەوە.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران یەکێک لە ئاڵۆزترین هەڵبژاردنەکانی جیهانە. ئەگەرچی پەرلەمانی ئێران لەڕووی ئۆرگانی و دامەزراوەییەوە بە تەواوەتی لە ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور (شووڕای نیگەهبان) جیاوازە، بەڵام ئەنجوومەنی پاسەوانیی دەستوور کە لە 12 موشەریع و یاسادانەری ئیسلامی پێکدێن، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و یاسادانانی ئێراندا هەیە. هەموو کاندیدێکی هەڵبژاردنەکانی "مەجلیس" دەبێت جگە لە وەزارەتی ناوخۆی ئێران،






# لە کوردستان تەندروستیی پیشەیی لە دەست وەزارەتی تەندروستیدا نییە

سەروەر سالار
ڕووداو- سلێمانی

کوردستان خاوەنی دامەزراوەیەکی مۆدێرنی تەندروستیی پیشەیی نییە، لایەنە پەیوەندیدارەکان دەڵێن وەزارەتی تەندروستی تاوەکو ئێستا هیچی بۆ ئەم بوارە نەکردووە و سیاسەتێکی دیاریکراوی بۆی نییە، وەزارەتی تەندروستیش دەڵێ تاوەکو ئێستا دۆسیەی ئەو بوارە نەدراوەتەوە ئەوان و لەلای وەزارەتی دیکەیە.

نەخۆشییەکانی پەیوەست بە پیشە ئەو نەخۆشییانەن کە لە ئەنجامی پیادەکردنی کار و پیشەیەکی تایبەتەوە پەیدا دەبن، یان خراپتر دەبن. بەوەش جیادەکرێنەوە کە لەنێو چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگەدا بڵاوترن بە بەراورد بە کۆی دانیشتووان، ئەوەش بەهۆی سرووشتی کارەکەیان.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەزگایەکی پرۆفیشناڵ هەیە کە فرەلایەنە و سەرنجی تەواوی لەسەر پاراستنی تەندروستی پیشەییە، بەڵام لە کوردستان ئەم بوارە جێگەی سەرنج و گرنگپێدان نییە لانیکەم لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە.

د.خالس قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە دۆسیەی تەندروستی و سەلامەتیی پیشەیی لەلای وەزارەتەکەی ئەوان بێت "ئەو بابەتە دراوەتە وەزارەتی کار و ئەوان کاری تێدا دەکەن، لیژنە و بەڕێوەبەرایەتی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە هەیە". د.خالس بێئاگایی خۆی دەربڕی لەوەی لەو لیژنانەدا پزیشک هەبن.

مامۆستایەکی زانکۆش هیچ پلانێکی جدی نابینێت بۆ بنیاتنانی دەزگایەکی پرۆفێشناڵی تەندروستی پیشەیی لە کوردستان.

د.عەبدولفەتاح هەورامی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە پزیشکیی کۆمەڵ و مامۆستای سکوڵی پزیشکی زانکۆی سلێمانی بە (ڕووداو)ی گوت "وەزارەتی تەندروستی هیچ سیاسەتێکی ڕوونی بۆ ئەم لایەنە نییە، هیچ کەسێکی پسپۆڕی ئەو بوارەشمان نییە".

پیشە لە ڕوانگەی جیاوازەوە مەترسی هەیە هەندێک کاریگەریی پیشە خاو و درێژخایەنن، بۆ نموونە ئەوانەی لە کارگەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی ئەزبێز کاردەکەن تووشی جۆرەها نەخۆشی سییەکان دەبن وەکوو هەوکردنی درێژخایەنی سییەکان و شێرپەنجەی سی و پەردەکانی دەوروبەری سی. هەندێکی دیکەش کاریگەریی کتوپڕن، وەک بەربوونەوەی کرێکاران و زەبری بەرکەوتنی میکانیکی لەکاتی کاردا. بەپێی ئامارێکی سەندیکای کرێکارانی بیناسازیی کوردستان لە ساڵی 2013دا 62 کرێکار بەهۆی بەربوونەوە و زەبرەوە مردوون و چەندینی دیکەش بریندار بوون.

بەگشتی مەترسییە تەندرستییەکانی پیشە یەکێکن لەم پۆلانە: فیزیایی، بایۆلۆجی، کیمیایی، میکانیکی و سایکۆلۆجی.

مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانی دەڵێت تەندروستی پیشەیی دەبێت بەر لە دەستبەکاربوونی کرێکارەکەوە دەستپێبکات. "دەبێت وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنی سیڤی کەسەکە، لەڕووی تەندروستییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت، تاوەکو بزانرێ ئایا ئەو کەسە لەڕووی تەندروستییەوە لێهاتووە بۆ ئەو کار و پیشەیە؟".

## ئەوانەی پێویستیان بە گۆڕینی پیشەکەیان هەیە

کرێکار و پیشەوەر و فەرمانبەران پێویستە بەشێوەی خولی هەڵسەنگاندنی تەندروستییان بۆ بکرێ و لێکبدرێتەوە تا چەند پیشەکەیان کار لە تەندروستییان دەکات، ئایا پێویستیان بەوە نییە جۆری پیشەکەیان بگۆڕن؟ بەڵام لە کوردستان خەم لەو کەسانە ناخورێ کە سروشتی پیشەکەیان دژی باری تەندروستییانە.

د.سۆران محەممەد غەریب، پزیشکی جومگە و ڕۆماتیزم، دەڵێت ڕۆژانە گوێمان لە چیرۆکی ئەو نەخۆشانە دەبێت کە باری تەندروستییان وادەکات لەلایەکەوە نەتوانن وەک پێویست پیشەکەی خۆیان پیادە بکەن و لەلایەکی دیکەش خودی پیشەکەیان باری تەندروستییان خراپتر دەکات، کەچی خەمێک لە گۆڕینی پیشەکەیان ناخورێ "نەخۆش دێت سووانی ئەژنۆی هەیە و نابێ زۆر بە قادرمەدا سەربکەوێ، یان زۆر ئەژنۆی بنوشتێنێتەوە کەچی لە شوێنێک دانراوە کە ڕۆژانە چەندین جار بە قادرمەدا سەردەکەوێ، یان داخورانی دیسکی پشتی هەیە و بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی ئێمەوە ناچارە ڕۆژانە قورسی هەڵبگرێت و پشتی بچەمێنێتەوە".

وەک ئەو پزیشکە باسی دەکات، نموونەی دیکە زۆرن، لەوانە تووشبووی ڕەبۆ کە ناچارە لەنێو تۆز و دووکەڵ بژی، یان بە تیشکی هەتاو هەستەوەرە و کارەکەشی وەهایە زۆربەی کاتەکانی ڕۆژ لەبەر هەتاو کات بەسەر دەبات.



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

## کارێکی فرەجەمسەرە

د.عەبدولفەتاح هەورامی دەڵێت دروستکردنی دەزگایەکی پرۆفێشناڵ کە تەندروستیی پیشەیی خەڵکی بپارێزێ پێویستی بە هەماهەنگیی وەزارەتەکانی تەندروستی و کار و پلاندانان هەیە، هەروەک دەبێت پرۆگرامێکی نیشتیمانی تایبەتمەند ڕێکی بخات.

لە ڕووی یاساشەوە پێویستی بە چەسپاندنی یاساگەلێک هەیە کە کۆمپانیاکان ناچار بکات تەندروستیی پیشەیی کارمەندەکانیان لە پێشینەی کار و پلانەکانیان بێت.

بۆ جێبەجێکردنیشی پێویستی بە بەدواداچوونی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و سەندیکا پیشەییە جیاوازەکان هەیە. هەروەها زانکۆکانیش دەبێ کادیر و پسپۆڕی ئەو بوارە پێبگەیێنن و بیاننێرنە دەزگای تەندروستیی پیشەیی تاوەکو بەشێوەیەکی پرۆفێشناڵ و مۆدێرن درێژە بە کارەکانیان بدەن.

# ئەو کتوپڕانەی بەس کتوپڕ نین

د.زانیار نووری*

هەر کەسێک بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانەکان ئیش بکات، شارەزایی پەیدا دەکات لە ناسینەوەی هەندێک حاڵەتی کتوپڕ کە دێنە نەخۆشخانە و دەزانێت ئەوانە نەخۆشیی مەترسیدار نین. ئەمانە چەند حاڵەتێکی دەروونین و ئەنجامی نەخۆشیی جەستەیی نین، بەڵکو لە ئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی ئەو کەسە دروست دەبن. واتە ئەم حاڵەتانە پێویستیان بە چارەسەری ئەوتۆ نییە، هەرچەند زۆر خراپیش دیار بێت.

## چۆن؟

لە نووسینەکانی پێشوومدا لە (ڕووداو) باسی ئەوەم کرد کە نەخۆشی دەبێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە: ئەندامی (ئۆرگانی وەکو شەکرە و جەڵتە)، دەروونی (وەکو خەمۆکی و دڵەڕاوکێ) و کارئەندامی (وەکو قۆڵۆن).

لێرەدا باسی ئەو حاڵەتە دەروونییانە دەکەم کە نەخۆش وا لێدەکات بێتە بەشی فریاکەوتنەکان و وەکو نەخۆشییەکی مەترسیدار دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا مەترسیدار نین و کتوپڕ نین.

## حاڵەتەکان بە نموونە:

- کچێکی گەنج بە پەلە دەهێننە فریاکەوتن کە گوایە هەناسە نادات و وا دەمرێت، دکتۆر فریا بکەوە ئەی هاوار..
- کوڕێکی گەنج بە پەلە دێت و دەڵێت وا سنگم تەقی، لەولاوە باوکی دەڵێت جەڵتەیە...
- ژنێک دەهێنن بە هاوار هاوار کە بووراوەتەوە و جوابمان ناداتەوە.
- پیاوێک دێت و دەڵێت دەست و قاچم ئیش ناکات، دکتۆر خێرا ئەو فەحس و ئەم فەحسم بۆ بکە ..هیچیشی نییە!
- کچێک دێنن و دەڵێن هەموو گیانی دەلەرزێت.

هەموو ئەمانە حاڵەتی دەروونین، ڕاستە زۆربەیان لە ڕواڵەتدا لە نەخۆشیی ڕاستەقینە دەچن، بەڵام هەموو پزیشکێک دەزانێت کە ئەوە شتێکی دەروونییە و شایانی نیگەرانی نییە و مەترسیی لەسەر کەسەکە نییە.

## ئەی بۆچی ئەمە ڕوودەدات؟

دەڵێن کچەکەمان بووریاوەوە و دکتۆرەکەش دەڵێت هیچی نییە! ئەم حاڵەتانە ڕوودەدەن لەبەرئەوەی:

1- کچە گەنجەکە بۆیە وا دەکات تاوەکو سەرنجی دەوروبەر ڕابکێشێ بەلای خۆیدا و پەشیمان ببنەوە لەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کردووە.

2- کوڕە گەنجەکە ناکۆکی هەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەی و خەفەت زۆر دەخوات و ئیدی بەوە دەردی دەردەبڕێت.

3- ژنەکە ئەو ئێوارەیە دەمەقاڵەی بووە لەگەڵ بووکەکەی و خۆی کردووە بە بووراوە.

4- پیاوەکە ئەوەندە نابێت هاوڕێکەی مردووە بە جەڵتەی دەماغ، ئەمیش دەترسێت وای لێ بێت.

5- کچەکەش کە دەلەرزێت، تووشی ترس بووە، چونکە کارتی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی سێ سفری تێدایە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆربەی حاڵەتەکان هۆکاری کۆمەڵایەتین یان ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی یان بۆ ڕاکێشانی سۆزی دەوروبەرە بەلای خۆیدا. زۆربەی کات تەنیا بە هێورکردنەوە چاک دەبنەوە.

زۆر گرنگ: مەبەستی من لەم نووسینە ئەوە نییە کە هەر کەسێک ئەو حاڵەتانەی هەبێت نابێت بهێنرێت بۆ نەخۆشخانە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە باوەڕ بە پزیشکەکە بکەیت کاتێک دەڵێت حاڵەتەکە دەروونییە. زۆربەی جار کێشەی ئێمە لە فریاکەوتنەکان لەگەڵ نەخۆشەکە نییە، چونکە هەرچییەک بێت هەر نەخۆشە، بەڵکو لەگەڵ هاوەڵەکانیەتی کە سەر لە نەخۆشەکە و پزیشکەکەش تێکدەدەن. ئەم حاڵەتانە لە وڵاتانی دەرەوەش زۆر باون، بەڵام لەوێ بە دەگمەن کەسوکاری نەخۆشەکە هاوار هاوار دەکەن، بەڵکو بە هێمنی گوێ لە پزیشکەکە دەگرن. لای خۆمان دێوەزمەی پزیشک و کارمەندەکان لە فریاکەوتنەکان ئەم حاڵەتە دەروونییانەن، چونکە تێگەیاندنی کەسوکاریان ئاسان نییە.

*بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەناوی لە سلێمانی

# ئەو خۆراکانەی بە گەنجی دەتهێڵنەوە

ڕووداو- هێڵسکلوم


خۆراک بەشێکی گرنگە لە فاکتەرەکانی بەرگرتن بە پیری. خۆراکی دروست هەر لە ناشیرینیی ورگ و کەمەر ناتپارێزێ، بەڵکو ڕۆڵیشی هەیە لە پاراستنی جوانیی پێست و قژ و نینۆک.

پسپۆڕانی خۆراک دەڵێن خۆراکە تەندروستەکان لە ڕوخساریشتدا ڕەنگ دەدەنەوە و دیاریشی دەکات تا چەندە تەندروستانە دەچیتە تەمەنەوە و پێشوەختە پیر نابیت. ئەمانە هەندێک لەو خۆراکە بەسوودانەن:



### 1 - قاوە:

ئەو پێکهێنەرە سروشتییانەی لە قاوەدا هەن، ڕۆڵیان هەیە لە شەڕی دژی شێرپەنجەی پێست، ئەویش بەپێی ڕاپۆرتێکی نوێی جۆرناڵی زانستی. بەگوێرەی توێژینەوەکە، ئەوانەی قاوە بەشێوەیەکی ڕۆژانە دەخۆنەوە، ئەگەری تووشبوونیان بە شێرپەنجەی مەترسیداری میلانۆمای پێست کەمترە لەوانەی قاوە ناخۆنەوە.



### 2 - شووتی:

دژە ئۆکسێنی لایکۆپین ڕەنگی سوور دەداتە شووتی و تەماتە. ئەو دژە ئۆکسێنە کاریگەرییە خراپەکانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی لەسەر پێست کەم دەکاتەوە. شووتی بە ڕادەی 40% لایکۆپینی زیاتری تێدایە لەچاو تەماتەی کاڵ.



### 3 - هەنار:

هەنار بە چەندین دژە ئۆکسێن دەوڵەمەندە، وەکوو ڤیتامین سی کە بۆ پاراستنی پێست لە چرچبوون و وشکبوون گرنگن. لە هەناردا هەروەها ڕەگەزی ئەترۆسیانین هەیە کە بۆ دروستکردنی کۆلاجین و پاراستنی توندی و پتەویی پێست گرنگە، هەروەک ڕەگەزی دژە هەوکردنی ئیلاگینی تێدایە کە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تیشکی سەروو وەنەوشەیی لەسەر پێست گرنگە.



### 4 - بلوبێری:

هەردوو ڤیتامینی C و E تێدایە کە پێکەوە بۆ پاراستنی توندی و پتەویی پێست گرنگن، هەروەک ڕەگەزی ئەروبتنی-ی تێدایە کە بۆ کاڵکردنەوەی ڕەنگی تۆخی پێست بەسوودە.



### 5 - ڕۆبیان:


بە ڕەگەزی زینک دەوڵەمەندە کە دژە هەوکردنە و دروستبوونی زیپکە و پاشهاتەکانی کەم دەکاتەوە. توێژینەوەکان دەڵێن ئەو کەسانەی زۆرتر تووشی زیپکە دەبن، کەمتر ڕەگەزی زینک لە جەستەیاندا هەیە.



### 6 - کەلەرم:

سەوزە گەڵاپانەکانی وەک کەلەرم بە ڤیتامین K دەوڵەمەندن کە پرۆسەی ڕێکخستنی خوێن مەیین ڕێکدەخات. پزیشکانی پێست دەڵێن ئەم خاسیەتە گرنگە بۆ ڕێگەگرتن لە لێچوونی خوێن لە مولوولەکانەوە، ئەوەش پەڵەی نەخوازراو بەگشتی و چواردەوری چاوەکان بە تایبەتی کەم دەکاتەوە.

ئەم جۆرە سەوزانە هەروەها بە ماددەی ئاسن دەوڵەمەندن. کەمیی ئاسن لە جەستەدا دەبێتە هۆی بێڕەنگی و کەم درەوشانەوەی پێست.




### 7 - هێلکە:

نینۆکەکان لە پرۆتین پێکهاتوون و کەمیی پرۆتین لاواز و ناشیرینیان دەکات. هێلکەش سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی پرۆتینە و نابێ فەرامۆش بکرێ.



### 8 - گوێز:

چەوریی بەسوود کە لە پێکهاتەی کاکڵەگوێزدا هەیە، یاریدەی نەرمی و شێداریی تاڵەمووی قژ دەدات. هەروەک ڤیتامین E کە پێکهێنەرێکی سەرەکی گوێز و هاوشێوەکانیەتی، بۆ پاراستنی تەندروستی چیکڵدانەی مووەکان بەسوودە. ئەم دووانەش پێکەوە هۆکارێکی بەهێزی و ئەستووری و درەوشاوەیی تاڵەمووەکانن. جگە لەوانە، لە پێکهاتەی گوێز و هاوشێوەکانیدا، بڕێکی باش لە کانزای مس هەیە کە ڕەنگی سروشتیی قژ دەپارێزێت. توێژینەوەکان دەڵێن ئەوانەی ماددەی مس-یان کەمە، هەر زوو قژیان خۆڵەمێشی و ڕەنگ ژاکاو دەبێت.



### 9 - ئاڤۆکادۆ:

بە ڕەگەزی ترشی ئۆلیک دەوڵەمەندە کە جۆرێکە لە چەورییە بەسوودەکانی ئۆمێگا-9، ئەوەش بۆ ئاوداری و درەوشاوەیی توێژی دەرەوەی پێست گرنگە.



### 10 - کاڵەک:

بە ماددەی بێتاکارۆتین دەوڵەمەندە کە دەگوترێت گەشەی خانەکانی پێستی سەر ڕێکدەخات و کاری چەورییە ڕژێنەکانی پێست باش دەکات، ڕێگەش لە گیرانی کونیلەکانی پێست دەگرێت.



## لوڕەکان بەدوای سپۆنسەردا دەگەڕێن

**چۆمان مەحموود / رووداو- سلێمانی**

گرووپی میوزیکی لوڕ، دوای ئەوەی کۆنسێرتێکیان لە شاری سلێمانی سازکرد، ئێستا بەنیازن لە شاری هەولێریش هەمان کۆنسێرت بکەن، بەڵام چاوەڕێن کەسێک یان لایەنێک ببێتە سپۆنسەریان.

نزار زێوی، سەرپەرشتیاری گرووپی میوزیکی لوڕ، بە (رووداو)ی راگەیاند "لەدوای نمایشی کۆنسێرتی ئاشتی و پێکەوە ژیان لەشاری سلێمانی، داوامان لە بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیریی هەولێر و چەند ناوەندێکی هونەری کرد تاوەکو ئەو کۆنسێرتە لە هەولێریش پێشکەش بکەین، بەڵام بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ لایەنێک هاوکاری نەکردووین، بۆیە چاوەڕێی سپۆنسەرێک دەکەین بۆ نمایشی کارەکانمان".



## عەلیدی بە بەرد کێبڕکێ دەکات

**پەسار فایەق**
**رووداو- هەولێر**


"بیرەوەرییەکانی سەر بەرد"، نوێترین بەرهەمی سینەمایی شەهرام عەلیدییە و لە فێستیڤاڵی فیلمی ئیستانبوڵ لەگەڵ نۆ فیلمی سینەماییدا لە کێبڕکێدایە بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم.

شەهرام عەلیدی، بە (رووداو)ی راگەیاند، فیلمەکەی ئێستا لە فێستیڤاڵی فیلمی ئیستانبوڵ بەشدارە و لە بەشی پێشبڕکێی نێودەوڵەتیدا لەگەڵ نۆ فیلمی سینەمایی کێبڕکێی بەدەستهێنانی خەڵاتی سەرەکیی فێستیڤاڵەکە دەکات.

فێستیڤاڵەکە لە رۆژانی 17-28ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت و فیلمەکانی وڵاتانی ئەمریکا، فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، بەلژیکا و چەندین وڵاتی دیکە لە کێبڕکێدان.

لەم بەرهەمە سینەماییەدا کە ئەسپێک رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، ژمارەیەک ئەکتەری کورد و تورک بەشدارن.

شەهرام عەلیدی، خاوەنی چەندین فیلمە، لەوانە فیلمی سینەمایی "سرتە لەگەڵ با" کە براوەی 18 خەڵاتی سینەماییە و بەرهەمی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.




## شوان عەتوف رۆمانێک دەکاتە فلیم

**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەند شوان عەتوف کاری دەرهێنان بۆ فیلمێکی سینەمایی دەکات کە ناوەڕۆکەکەی لە رۆمانێکی کوردی وەرگیراوە.

ئەو رۆمانە ناوی (رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان)ە کە عەتا محەممەد نووسیویەتی. شوان بە (رووداو)ی گوت "ئەو رۆمانە بە قووڵی چووەتە سەر پەیوەندیی ناوەکان کە ئایا مرۆڤەکان مانا بە ناو دەبەخشن، یاخود ناوەکان لە مێژوودا دەمانهێڵنەوە، هەروەها باس لە پەیوەندیی نێر و مێ و خۆشەویستی و سێکس بەشێوەیەکی جیاواز دەکات".

شوان عەتوف بەنیازە ئەم رۆمانە بکاتە فیلمێکی سینەمایی و گوتی کە ئێستا دەستی بە نووسینی سیناریۆی فیلمەکە کردووە و هەر ئەمساڵیش سەرقاڵی وێنەگرتنی دەبێت.

## هۆڵەندییەکان گۆرانی بۆ پێشمەرگە دەڵێن

**هیوا سەلاح**
**رووداو-هەولێر**

ناوەندی کولتووریی نەورۆز لە هۆڵەندا، بەهاوکاریی چەند هونەرمەندێکی هۆڵەندی کۆنسێرتێکی هاوکاری و پاڵپشتی بۆ پێشمەرگە و شەڕڤانان ساز دەکەن.

رێبوار رەئوف، میوزیکژەنی کورد کە لەو کارەدا بەشدارە، بە (رووداو)ی راگەیاند "رۆژی 2016/4/5 چەند هونەرمەندێکی هۆڵەندی لە گرووپی میوزیکی بیک بێندی هۆڵەندی و کۆراڵی هۆڵەندی و ژمارەیەک لە گۆرانیبێژانی هۆڵەندی چەندین سروود و گۆرانی کوردی پێشکەش دەکەن. ئەمەش وەک پشتگیرییەک بۆ هێزەکانی پێشمەرگە".

رێبوار رەئوف گوتیشی "تەواوی هونەرمەندان و ئامادەکارانی ئەم کۆنسێرتە لە کورد و هۆڵەندی بەخۆبەخشی و خۆڕایی کار دەکەن، تەنیا خۆشەویستییان بۆ کورد و پێشمەرگە کۆیکردوونەتەوە".



## تافان ئاکۆ ئاڵای کوردستان دەباتە تایلەند



**هیوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

تافان ئاکۆ، کچە چالاکڤانی کورد بەشداری کۆنفرانسی (ONE YOUNG WORLD) دەکات و ئاڵای کوردستان لەتەک 180 ئاڵای وڵاتانی دیکە بەرز دەکاتەوە.

تافان ئاکۆ بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای ئەوەی پارساڵ بەناوی سوێد بەشداریمان لەو کۆنفرانسەدا کرد، ئەمساڵ رەزامەندیمان وەرگرت بەناوی کوردستان و بە ئاڵای کوردستانەوە لەم کۆنفرانسەدا بەشداری بکەین و لەوێ باس لە کێشەکانی گەلی کورد بکەین".

تافان هەر تەنیا بەوە نەوەستاوە کە بەشداری لەم کۆنفرانسەدا بکات، بەڵکو هەوڵی داوە بەشێک لە بەشداربووانی کۆنفرانسەکە رازی بکات بەوەی سەردانی کوردستان بکەن، تافان گوتی "لەگەڵ چەندین چالاکڤانی وڵاتانی وەک ئەفریقا، ئەمەریکا، ئیسپانیا و تایلەند قسەمان کرد تاوەکو سەردانی کوردستان بکەن، خۆشبەختانە هەموویان رەزامەندییان دەبڕی کە لە هاوینی ئەمساڵدا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن".



## نوری گەرمیانی "گەعدە" تەرک دەکات

**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

نوری گەرمیانی، هونەرمەندی میللیی شاری هەولێر، رایدەگەیەنێت کە چیدی ئاهەنگی شەوانە (گەعدە) ناکات، چونکە وەک خۆی دەڵێت، چەند کەسێک کارەکەیان هەرزان کردووە.

نوری گەرمیانی، بە (رووداو)ی گوت "چەند کەسێک پەیدابوونە کە ئاهەنگی شەوانەیان سووک و هەرزان کردووە، بۆیە من ئیتر گەعدە ناکەم".

دەشڵێت "گەعدە بە هەموو کەس ناکرێت، هونەرمەند ئەگەر زۆر بەتوانا نەبێت ناتوانێت گەعدەیەکی دوور و درێژ بەڕێوەببات، لێرە وەک پێویست رێز لە هونەری میللی ناگیرێت و ئێستا هونەرمەندە باشەکان لەو کارە دوورکەوتوونەتەوە".



## ئوستراڵییەک گۆرانی بۆ ئاڵان دەڵێ

**رووداو- هەولێر**

میسی هێگێنز، خانمە گۆرانیبێژی ئوسترالی، ڤیدیۆکلیپێکی نوێی بۆ ئالان کوردی بڵاوکردەوە.

ئەم بەرهەمە بەناوی "ئۆهـ کەنەدا"یە و چیرۆکی خنکانی ئالان کوردی لە دەریای ئیجەدا دەگێڕێتەوە. هێگێنز، رایگەیاند، تەواوی داهاتی ئەم ڤیدیۆکلیپە بۆ ناوەندی داواکاری بۆ مافی پەنابەرێتی تەرخان دەکرێت.

ئەو خانمە گۆرانیبێژە رایگەیاند، ئەو بە بینینی وێنەی ئالان کوردی زۆر دڵگران بوو، لەوکاتەدا ئەو شیری بە منداڵەکەی دەدا.

گوتیشی کە ئەو ناخوازێت پەنجەی تۆمەت بۆ کەس درێژ بکات، یاخود وانەیەک لەبارەی ئاکارەوە پێشکەش بکات، بەڵکو دەخوازێت لەرێگەی ئەو بەرهەمەوە چیرۆکەکە وەک خۆی بگوازێتەوە، چونکە چیرۆکەکە خۆی کاریگەرە.

کلیپەکە لەلایەن کۆمپانیای ستارک رەیڤینگ پرۆدەکشن بەرهەمهاتووە و وێنەکانی نێو ڤیدیۆکە لەلایەن چەند منداڵێکەوە کێشراون و ناتاشا پینکۆس کاری دەرهێنانی بۆ کردووە کە خاوەنی چەندین خەڵاتی جیهانییە.

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

### کاوڕ



هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکەیت و کارەکانیشت بەباشی بەڕێوە ناچن، لە بیرکردنەوەدا دەگەیتە خاڵێک و دەوەستیت بۆیە کاتێکی باش نییە بۆ بڕیاری گرنگ، پشوویەک بدە باشتر دەبیت.

### گا



بیرۆکەی هاوڕێیەک بۆ ماوەیەک سەرقاڵت دەکات، بەڵام سەرنجڕاکێشە چونکە لەگەڵ حەزی سەرکێشیی تۆدا دەگونجێت. سەرقاڵ مەبە بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لە خەیاڵتدا دروست دەبن.

### دووانە



بەهۆی بەهێزبوونی پەیوەندیت لەگەڵ کەسێک، هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت، چونکە قسەکانی لە راڕاییت کەم دەکاتەوە. دەسکەوتێکی دارایی هەندێک گرفت چارەسەر دەکات.

### قرژاڵ




هەرگیز بیر لە وازهێنان مەکەرەوە لە بەدیهێنانی هیچ یەکێک لە ئاواتەکانت، توانایەکی باشت هەیە و دەتوانی کاری گەورە ئەنجام بدەی. کاتێک هەنگاو دەنێی ئاراستەکەت دیاری بکە.

### شێر



خۆگونجاندن لە ململانێ باشترە و بە تێپەڕبوونی کات هەموو شتەکان باش دەبن. رێنمایی بەسوودت دەستدەکەوێ لەڕووی دارایی و دەتوانی کارێکی نوێ بکەیت.

### فەریک



بیرۆکەکانت دەربڕە و لەگوتنیان مەترسە، بەهۆی بەهێزبوونی تیشکی هەتاو کەمێک رەشبین دەبیت، بەڵام دەتوانی کارەکان ئەنجام بدەیت، لەو شتانە خۆت بەدوور بگرە کە دڵتەنگت دەکەن.

### تەرازوو



کەمێک هەست بە کرانەوە دەکەیت و لە گوشارە دەروونییەکانی رابردوو رزگارت دەبێت، ئەگەر گەیشتن بە ئاوات دووریش بێت گرنگ ئەوەیە بە ئاسوودەیی هەنگاوی بۆ بنێی.

### دووپشک



پلانەکانت دوو رێگای دژی یەکترن، یەکەم رێگا هانت دەدات بۆ توندڕەوی و رووبەڕووبوونەوەی کەسێک، بەڵام دووەم رێگا باشترە، چونکە ئەنجامی خۆڕاگری، سەرکەوتنە.

### کەوان



گۆڕانکارییەکانی ماوەی پێشوو دڵخۆشکەر نەبوون، بەڵام بڕوابەخۆبوون دوائەنجام ئاسان دەکات. پێویستتان بەگەڕان و دیداری نوێ هەیە، بەتایبەت ئەو کاتانەی هەست بە دڵتەنگی دەکەیت.

### گیسک



ئەگەر هەوڵەکانی رابردوو قازانجی نەبووە، پشوویەک بدە و پاشان بە شێوازێکی نوێ هەوڵی بۆ بدە. ئەو بابەتەی بیری لێدەکەیتەوە لە قازانجت تەواو دەبێت، ئەگەر خۆڕاگر بیت.

### سەتڵ



بەهۆی بیرکردنەوە هێمن و گونجاوەکانت کارەکانت ئاسانتر بەڕێوەدەچن. باری دارایی بەو کتوپڕییە باش نابێت کە چاوەڕوانی دەکەیت، بەڵام بۆ داهاتوو دەکەوێتەوە سەر هەوڵەکانت.

### نەهەنگ



ئاگادار بە حەزی سەرکێشیت زیاد دەکات، لەئەنجامدا سەلامەتی گرنگترە لە خۆدەرخستن. خەمبار مەبە کە ناتوانی گۆڕانکاری بکەیت، سوود لە ئەزموونی هاوڕێ نوێیەکانت وەردەگری.

# قەمسەڵە شینۆکەکەی هێمنی شاعیر



ڕۆستەم ئاغالە

لەکاتێکدا خوێندنەوە و ڕاڤەکاری بۆ تاکە فۆتۆیەکی کەسایەتیی شاعیرێکی وەک هێمن موکریانی دەکەم، بێبەشم لە زانیاری دەربارەی کات و شوێنی فۆتۆکە، ناوی وێنەگر و تەمەنی فیگەرەکە، کەسایەتی و هۆکاری دروستبوونی گرتەکە و باری دەستکردی و ڕێکەوت لە گرتەکە چییە؟

بەڵام نەبوونی ئەو زانیاریانە نابنە هۆکار بۆ ئەوەی شیکاری بۆ فۆتۆکە نەکەم. بێگومان بەبوونی ئەو زانیاریانە کارەکەم پەسەندتر و بەپشتتر دەبوو. زمانی جەستە و شێوە کارێکی وردی دەروونی و خودی و کۆمەڵایەتی و هونەرییە و قووڵبوونەوەی دەوێ بۆ خوێندنەوەی زمانی جەستەی کەسایەتییەکە.

## پۆرترێتی فۆتۆی شاعیر

ڕوخسارێکی خامۆش، غەمبار، بێهێز، هەژارانە و بێ زەردەخەنە دەڕوانێتە بەرامبەر ئاوی گوندێکی قوڕینی سادەی نیشتیمان. وا مەزەندە دەکەم تەمەنی پۆرترێتەکە – فیوگەرەکە لە حەفتا ساڵ زیاتر بێت. وێنەگر گۆشەی گرتەکەی بەرامبەر بە شاعیرە و لەبەردەمی دانیشتووە، لە ئاستی ژێر چاو گرتەکەی گرتووە. تۆنی فۆتۆکەش لە فیلمی سلاید دەچێ نەک فیلمی نەگەتیڤ. لێرەدا زانیاریی تەکنەلۆژی، جۆری کامێرا و فۆتۆکە و وێنەگرەکە زۆر پێویست بوون.

هێمن لەنێو گوندێکی ساڵی هەشتاکان چ لە ڕۆژهەڵات یان باشووری کوردستان بێ، بەشێوەیەکی خۆڕسک وەستاوە، لە کڕی زستاندایە و دەوروبەری شاعیر چۆڵە. هێمن زۆر بێهێز و بێتاقەت خۆی لار کردووەتەوە، پێدەچێ زۆری سەرما بێت، بۆیە دەستێکی خستووەتە نێو گیرفانی قەمسەڵە کۆن و سایز بچوکەکەی. ڕەنگە قەمسەڵەکە هی خۆی نەبێت و لەبەر سەرما پێیاندابێت. لە باڵەی کۆنی ئەورووپایی دەچێت کە بۆ هاوکاریی هەژاران و شۆڕشگێڕانی ئەوکات نێردرابێ، بۆیە لەوە دەچێ بەخۆیەوە، سێ کەسی دیکە ئەو قەمسەڵەیەیان لەبەرکردبێ و هێمنی شاعیر دوا کەس بووبێ لەبەری کردبێ. ئەو دەستانەی نێو گیرفانیشی نیشانەی تەنیایی و دڵەڕاوکێن.

هێمن پیاوێکی باڵابەرز بووە، ئەو جۆرە قەمسەڵانە بۆ ئەو نەگونجاون. یەک لەو شتە نا هارمۆنی و بێهاوتایانە، هاوسەنگیی ئەو چاکەت یان قەمسەڵەیەی بەریەتی لەگەڵ کورتەک و شەرواڵەکەیدا، وەک ئەوەی بە ناچاری لەبەر سەرما لەبەری کردبێ. قەمسەڵەکە لەبەر ئەوەی کۆن و چڵکنە، تۆ نازانی ڕەنگی شینە، یان بۆرە؟ بەڵام خۆی شین نیشان دەدات. قەمسەڵەکە زنجیردارە، بەڵام بێکەڵک بووە، یەک قۆپچەی پێوە نەماوە. ئەو شێوە فاشیۆنە گەنجانەیە لەگەڵ تەمەنی ئەو و کەسایەتیی سەرووی تەمەن حەفتا ساڵیی ئەودا نایەتەوە. فۆتۆی هێمن هەیە لە ساڵانی حەفتاو دوو و سەرووتر گرتوونی. پاڵتۆیەکی ئاودامەنی درێژی بە قات و کەرەواتەوە، لە کەسایەتی سەرمایەدارێک دەچێ و پێچەوانەی ئەو فۆتۆیەیە. دەستخستنیشی لەناو گیرفانی قەمسەلۆکەکەی و وەستانێکی بێباکانە و سەربڵند و ڕوخساری خەمناک (دەڵێی پیرەمەگروونە) وا خامۆش و غەمگینە، چڵکن و برسی، ناسنامەی کەسایەتیی شاعیرمان پێدەناسێنێ.

هەروەک خۆی لە شیعرەکانیدا خۆی وا دەبینێ:

**وەک: بولبولی باڵشکاو**
**وەک: تاکەداری تەریکی بێ ئاو.**
**وەک: چڵە ڕێحانی دوورە دێراو**

ماتی و داماوی سیمای ئەو پۆرترێتە هێندە پڕ لە ئازار و غەم و ڕەنجەڕۆیییە، زەڕەیەک هیوای لێ بەدی ناکرێت. هەستی دڵەڕاوکێ، ناهاوتابوونی دەروونی، بێپارەیی، مایەپووچی، بێ سەرمایەیی و تەنیایی لێ دەخوێندرێتەوە. تێکەڵبوونی ریش و سمێڵ و قژی سپیی دەروێشانەی هێندە جوان و دێوانانەیە، ڕێک ئەو کەسایەتییەیە کە خۆی خۆی باس دەکات لە نێو شعرەکانیدا، زنجیری قەمسەڵەکەی تێکچووە و یەک قۆپچەی داخراوە، لەوەش دەچێ یەک دانەی پێوە مابێ، ئەو چەند گوزارشتەی هێمنی شاعیر ڕێک خوێندنەوەی ئەو فۆتۆیەی خۆیەتی کە زۆر بە ڕاستگۆیی گوزارشتی کردووە لە ژیان و کەسایەتیی خۆی، لە بینینەوەی خۆی لەناو دەروونی خەڵکدا. ئەگەر ئەو شیعرانەی لەبارەی ژیانی خۆی و دەروونیشی نەنووسیبایە، لەو فۆتۆیەوە دەمانزانی چەند پیاوێکی حەسرەتکێش و ڕەنجەڕۆ بووە. لە ماڵی خۆیدا ئاوارەی ماڵی خۆی بووە .

گرتەی وێنەکەی دەچێتە خانەی نیوە مۆدێلەوە. مۆدێلی تەواو نییە، تا نێو قەدیەتی، تا بزانین پێڵاوەکەی چ مۆدێلێکی براندە. بێگومان پێڵاوەکەی لاستیکە ڕەشەیەکە. یا پاتەیەکی شڕو دڕە. بێگومان بەگوێرەی پۆشاکەکانی ئەو بێت، دەبێت پێڵاوەکەی بە قوڕ و لیتەوە بێ و هارمۆنیایە لەگەڵ فاشیۆن و باری ژیان و ژینگەی هەژارانەی شاعیرەکە. وەک خۆی دەڵێت:

**بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵم**
**هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کوڵم**

**کوردی بەندیی بەیانی نەورۆزم**
**گڕی گرتووە دەروونی پڕ سۆزم**

**موغی بێ ئاگری شەوی یەڵدام**
**چاوڕێی چارەنووسی ناپەیدام**

**کەوی بێ دەنگی نەوبەهارانم**
**گوڵی بێڕەنگی چاو لە بارانم**

**کونجی جێژوانی چۆڵ و خامۆشم**
**سێبەری نازەنینی ڕەشپۆشم......**

شاعیر پیر و بێنازە و لەوە دەچێ مانگێک بێت خۆی نەشۆردبێت. ڕوخساری شاعیر لە ئەکتەرە سینەماییە جیهانییەکان دەچێ وەک شۆن کۆری، لیخاندرۆ جودوروفسکی و عومەر شەریف، یان وا هەست دەکەی شاعیر ڕۆڵێکی سینەمایی لە گوندێکی هەژار و دواکەوتووی کوردستان دەبینێت. ئەو دیمەنە تراژیدیایەی شاعیرە هەژارەکەمان بەناو گوندێکدا دەڕوا بە توورەیی و بێزاری قژێکی سپی درێژ و بێخزمەت و چەور و چڵکن، لە دێوانەیەکی بێنازی عومەری خەیام دەچێ، کەچی شاعیر بەڕاستی خۆیەتی و ساتی ژیانی ڕاستەقینەیەتی بەبێ نواندن و نواندنی کەسایەتییەکی دیکە. خۆی بووەتە فیگەر و کارەکتەری زیندووی سەر زەوی ناو شیعرەکانی وەک دەڵێ :

**قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشیی بەشم**
**مات و داماو و پەشێو و بێکەس و چارەڕەشم**
**سەردەمێک ئاوارە بووم و ماوەیەکیش دەربەدەر**
**نەمدی ڕووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرەو قەرقەشم**

هیچ شاعیر و نووسەرێکی کوردم بە دۆکیومێنتاری نەبینیوە، هێندەی فۆتۆکەی هێمن سۆزم ڕابکێشێ.

# مەمی ئالان و فەزیلەتی کوردان



کامەران سوبحان

(ئەمڕۆ میر ئەمری کردووە، غەزایە ڕێگرتن لە نەیاران. نەبا خوانەخواستە زاری کوردان بەردەست و پێی دوژمنان کەوێ. من لە کێ کەمترم؟ گوایە من کورد نیم؟ چما ناموسی کوردان ناموسی من نییە؟! بێگومان دەبێت بچم گەر قیامەتیش بێت هەر دەچم. خوێن سەرسەران بکەوێ خۆم پێ ڕاناگیرێ. تەنانەت غەزالیش ڕێم لێبگرێ من هەر ناوەستم. من مەمی ئالانم.!)

ئەمەی سەرەوە یەکەمین دیالۆگی، دەستپێکی یەکەمین شانۆنامەیە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا بەناوی (مەمی ئالان) نووسراوە و نووسەرەکەی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکارییە (1890–1958) کە لەدایکبووی قەزای باشقەڵای نزیک شاری (وان)ە لە باکووری کوردستان. ئەم شانۆنامەیە لە ژمارە (15 و 16)ی گۆڤاری ژین لە ئیستەنبوڵ بڵاوکراوەتەوە. نووسەری ئەم شانۆنامەیە، بەدەر لە شانۆنووسین، شاعیرێکی نوێخوازی ساڵانی بیست و سی و چلەکانی ئەدەبیاتی کوردی و تورکی بووە. چیرۆکنووس و پەخشاننووس و سۆفیگەرێکی بەناوبانگی کوردیش بووە. بەدەر لەزمانی دایک، بە نووسین و خوێندنەوە زمانەکانی (فارسی، تورکی، عەرەبی، ڕووسی و ئەڵمانی) زانیوە. بەوپێیەی ئەم تێکستە شانۆییە یەکەمین تێکستی شانۆنامەیە کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا نووسراوە، ڕەنگە تا ئێستا وەک پێویست خوێنەری کورد ئاشنا نەبێت بە ڕووداو و چیرۆک و کارەکتەرەکانی شانۆنامەکە. تەنانەت لە ئەدەبیاتی کوردیدا وەک پێویست لای لێ نەکراوەتەوە. هەربۆیە هەڵوێستەکردن و خوێندنەوەی تێکستەکە و بەرهەمەکانی دیکەی ئەم نووسەرە، بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە.

تێکستی شانۆگەریی (مەمی ئالان) لەگەڵ ئەوەی دوو دیمەنی کورتە، بەڵام ئاستی تەکنیک و پێکهاتەکانی دەقێکی ئاستبەرزی تێدایە. بەراورد بەوەی کە تێکستەکە ساڵی 1919 بە زمانی کوردی نووسراوە و لەو سەردەمەشدا ئاستی زمانی کوردی، بە تایبەتیش لە باکوور وەک پێویست بەهێز نەبووە، بەڵام کاتێک دیالۆگی کارەکتەرەکانی ئەو دەقە دەخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت نووسەری دەقەکە زۆر ورد و بە ئاگاوە مامەڵەی لەگەڵ وشە و ڕستە و دیالۆگی کارەکتەرەکان کردووە. بە جۆرێک درێژدادڕیی تێدا نییە و بە کەمترین وشە زۆرترین وێنە و دیمەن و ڕووداوی بە خوێنەران گەیاندووە، بە تایبەتیش ڕووکاری دەرەوەی چیرۆک و بیرۆکەی دەقە شانۆییەکە باس لە قارەمانێتی و ئازایەتی کورد دەکات لە شەڕی ئازدکردنی قودسدا، بەڵام مانا شاراوەکەی باسی لێکنەگەیشتن و بەهەڵە کوشتنی پاڵەوان (مەم) دەکات، لەلایەن چاوڕەش (دایکی مەم)، ئەمیش وەک زۆرێک لە ئەفسانە و داستانە میللی و فۆلکلۆرییەکانی دیکەی کورد کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا پاڵەوان بەشێوەیەکی تراژیدییانە دەکوژرێت، شانۆگەریی (مەمی ئالان)یش هەمان چیرۆک و کۆتایی تراژیدی هەیە.

شانۆگەرییەکە چوار کارەکتەر لەخۆدەگرێ: مەمی ئالان، لەوەند، چاوڕەش و غەزال. بیرۆکەی سەرەکیی شانۆییەکەش دابەش بووە بەسەر دوو هێڵی سەرەکیدا: هێڵێکی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی، لەگەڵ هێڵێکی ئاینی و سۆفیگەری. چیرۆکی شانۆگەرییەکە باس لە ساتی ڕۆیشتنی مەمی کوردان بۆ غەزای ڕزگارکردنی قودس دەکات. کاتێک (مەم) خۆی ئامادە دەکات بچێت بۆ شەڕ، چاوڕەشی دایکی و غەزالی ژنی بە تەنیا جێدێڵێت، دوای چەندین ساڵ، وەک قارەمانێک لە غەزا دەگەڕێتەوە و دەچێتە لای ژنەکەی، سەرەتا ژنەکەی نایناسێتەوە. دواتر کە خۆی ئاشکرا دەکات، دەیناسێتەوە و هەردووکیان لێک دەئاڵێن و باوەش بە یەکتردا دەکەن و هۆشیان لە دونیا نامێنێت. کە (چاوڕەش)ی دایکی (مەم) دێتە ژوورەوە و ئەو دیمەنە دەبینێت، وا دەزانێت بووکەکەی لە باوەشی پیاوێکی بێگانەدایە، بۆیە بە شمشێر لەدواوە (مەم) کوڕەکەی خۆی دەکوژێت. شانۆگەرییەکە بەم گۆرانییەی (چاوڕەش و غەزال) کۆتایی دێت:

**هەرێ مەمۆ، مەمێ ئەباسی، ئەباسی**
**بریندارێ مەمۆ، دایێ کۆریت نە ناسی**

لە دیمەنی یەکەمی شانۆگەرییەکەشدا، چەندین بەیت و گۆرانی لە نێوان مەمۆ و غەزالدا هەیە، ڕیتم و شیعری گۆرانییەکە ڕۆمانسێتیی نێوان دوو کارەکتەری سەرەکییە، ئەمەش دیوێکی شانۆگەرییەکەیە. دیوێکی دیکەی باس لە ئازایەتی و جوامێریی میر و کەسایەتییەکانی کورد دەکات لە پێناوی ئازادیدا، عەبدولڕەحیم هەکاری خۆی لەبارەی ئەم شانۆگەرییەوە دەڵێت: (مەمی ئالان، فەزیلەتی کوردان بەرز ڕادەگرێت).

لەگەڵ ئەوەی ئەم تێکستە یەکەمین دەقی نووسراوی شانۆنامەیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەڵام پاش ئەم تێکستە، عەبدولڕەحیم هەکاری چەندین دیوانی شیعری و پەخشان و بابەت و گوتاری جیاوازی لەسەر مێژووی کورد و شیعر و پەخشان و خواپەرستی و مافەکانی کورد نووسیوە. باس لەوە دەکرێت کە دوو تێکستی دیکەی شانۆیی نووسیوە و وەک دەستنووس تا ئێستا ماونەتەوە و نەهاتوونەتە چاپکردن. ماڵباتەکەشی هیچ شتێکیان لەسەر بەرهەمە بڵاونەکراوەکانی هەکاری نەگوتووە. هاڵەی کچی کە هاوسەری شەهید موسا عەنتەر بوو، چەند جارێک ئاماژەی بەو نووسراو و بابەتانەی باوکی کردووە.

بەدەر لەبابەتی شانۆگەریی (مەمی ئالان)، ئەم نووسەرە کوردە، بابەتی شیعر و پەخشانەکانیشی لە چوارچێوەی هەمان ناوەڕۆک و بابەتی ئەم شانۆگەرییەدا دەسووڕێنەوە، بەتایبەتیش باسکردن لە مافی ئازادیی کوردان و نووسین و زمانی کوردی و خەونی دروستکردنی دەوڵەتێک بۆ کورد.

لە پەخشانێکی کورتدا لەژێر ناوی (وڵات) کە لە ڕۆژنامەی ژین لە ئیستەنبوڵ بڵاوی کردووەتەوە، ئاوا باسی دەوڵەت دەکات بۆ کوردان: (ئیمڕۆ لە دڵی هەمو یەکێکماندا ئەوینێک هەیە، ئاگرێک هەیە کە هەمیشە بە عیشقەکەی بە ئەوین دەسوتێ، بەهۆی ئەو ئاگرەوە نە خاوەن ماڵین نە خاوەن کوڕ، نەخاوەنی ژیانین. هەر بۆیە ئامادەین هەمو شتێکی خۆمان لە پێناوی ئەم ڕێیەدا بدەین، ئەمە چ عیشقێکە و چ ئەوینێکە؟ بێگومان ئەوینی وڵاتە. لەو کاتەی لە وڵات هاتومەتە دەرەوە هیچ شتێکی پێشووم لە بیر نەچووە هەمو کاتەکان وا لەبەرچاومە....) دواتر باس لەو عیشقەی بۆ وڵات دەکات و دەڵێت : (وڵات عیشقێکە و چوار وەرزە لە من بەر بووە، هەمیشە دەمسوتێنێ و دەمکوڵێنێت، کاتێ باسی وڵات دەکەن من وا هەست دەکەم لەبەردەم ئەرکێکی گەورەدام و دەبێت لە ڕێی ئەو ئەرکەدا خەبات بکەم و لەو خەباتەشدا گیان ببەخشم بۆ وڵاتەکەم.!)

بەدەر لە نووسینی پەخشان و بابەت لەسەر ئەو پرسانە، ناوەڕۆکی شیعرەکانیشی هەر لە چوارچێوەی سۆزی نەتەوەیی و ئاینیی سۆفیگەریدا بووە، لە شیعرێکیدا بەناوی (لۆمە ژ بلبل) لە بەشێکیدا، دەڵێت:

**بلبل، چیپە نالی یاوە هەردەم!**
**یان هوون ژی وەکی مە بێ وەلاتن**
**حاشا، نەوەکی مە هوون سەفیلن**
**(هێلوون)وە هەیە، خوەدان کەلاتن**
**هون عاشقێ سۆرگولان هەبینن**
**دڵخوازێ مەملەکەت کەلاتن**
**ماشووقێ وە گولن، مە گولستانن**
**گازی وەدکر، مە دل دپاتن**
**عاشقا مەنە وەکا وەدیتنا گول**
**یان تالیبێ ژین یان مەماتن**

لە شیعرە بەناوبانگەکەشیدا بەناوی (نوور) دەڵێت:

**کە دەڕوانم وڵاتی من هەمووی باخ و گوڵانە**
**هەموو لا بێ دەنگ، لە نەغمەی ئەو بولبولانە**
**جارێک لە بۆ بەهارێ و جارێک لە بۆ حەزینی**
**جوان و ڕەوان ئاو و وەزن دەڵێن بە عەندەلیب**
**ساقیا مەجلیس تەواو مەستە بە ئاوی زەبیب**
**پەلک هەموو شەرمەندەنە لە حوسن و گوڵشەنا**
**قەترە قەترە خوێن دەڕژن، لە خوێناوی گەرینا**



# جیاوازیی دوو گێڕانەوەی ئوستوورەیی و ئەفسانەیی



**کیشوەر پیرۆتی**

ئوستووره و چیرۆکی پەرییان (ئەفسانەی پەرییان)، جودا له وێکچوونه بنەڕەتییەکانیان، کۆمەڵێک جیاوازیی خۆزایی (زاتی)یشیان هەیه. هەرچەنده هەردووکیان له کەسایەتی و دۆخه نموونەئاساکاندا وەک یەک وان و هەردووکیان بەقەدەر یەک ڕووداوی موجزات (موعجیزه) ئاسایان تێدایه. شێوەی گەیاندنی ئەو ڕووداوانه له ئوستووره و چیرۆکی پەرییاندا، جیاوازییەکی بەرچاوی هەیه یان با سادەتر بڵێین، ئوستووره زیاتر له هەرشتێکی دیکه هەستێک دەگوازێتەوه که به تەواوەتی ناوازەیه، ئیمکانی نییه له هیچ شوێنێکی دیکه و بۆ هیچ کەسێکی دیکه ئەو شته ڕووبدات، ئەم ڕووداوانه بەشکۆن، سەرسوڕهێنەرن، بێگومان بۆ کەسانێکی مرندەی وەکو ئێمه ڕوونادەن. ڕاگواستنی ئەم ڕووداوانه لەبەر ئەوە نییه که ڕووداوەکان موجزاتئاسان، بگره به موجزاتئاسا وەسف کراون. بەپێچەوانەوه له چیرۆکی پەرییاندا، سەرباری ئەوەی زۆربەی جاران ڕووداوەکان سەرسوڕهێنەر و نامومکینن، بەڵام هەمیشه وەک شتێکی ئاسایی نیشان دەدرێن، شتێ که لەوانەیه بۆ کەسانی وەکو ئێمەش له کاتی سەیرانی نێو دارستاندا ڕووبدات، تەنانەتسەرنجڕاکێشترینڕووبەڕووبوونەوەکانیش لەو چەشنه چیرۆکەدا به زمانێکی ئاسایی و هەمیشەیی بەیان کراون.

له هەمووی گرینگتر، جیاوازی کۆتایی ئەم دوو جۆره چیرۆکەیه که کۆتایی گێڕانەوەی ئوستوورەیی، تا ڕادەیەک، هەمیشه خەفەتهێنەره و له چیرۆکی پەرییاندا هەمیشه شاده. هەربۆیه هێندێک چیرۆکی بەناوبانگ هەن که لەژێر ناوی چیرۆکی پەرییاندا دەیانخوێنینەوه، بەڵام لەڕاستیدا سەر بەو باسه نین. بۆ نموونه "کچه شقارته فرۆشەکە" که چیرۆکی هانس کریستییەن ئەندرسنه، وێڕای ئەو هەموو جوانییه، زۆر خەفەتهێنەره و له کۆتاییدا ئەو هەسته ئارام و خۆشەت پێ نابەخشێ که خاڵی جیاوازیی چیرۆکی پەرییانه، بەڵام "شاژنه بەفرینه" که ئەویش بەرهەمی ئەندرسنه، چیرۆکێکی ڕاستەقینەی پەرییانه.

ئوستووره ڕەشبینیی تێدایه، کەچی چیرۆکی پەرییان سەرباری ئەوەی هێندێک لایەنی تا ڕادەیەک بەڕاستی سامناکی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام گەشبینانەیه. هەر ئەم جیاوازییه یەکلاکەرەوەیەشه ئەو جۆره چیرۆکانه له چیرۆکەیلی دیکه جودا دەکاتەوه که ڕووداوی خەیاڵی دەگێڕنەوه، بەڵام چیرۆکی پەرییان نین، جودا لەوەی که ڕەنگه کۆتاییه خۆشەکەی ئەم جۆره چیرۆکه ئاکامی ئازایەتیی پاڵەوانەکە، یان بەخت، یان دەستێوەردانی بوونەوەره بانسروشتییەکان بێت.

ئوستووره به پێچەوانەی حیکایەته هێماییەکانەوه، چیرۆکی ئاگادارکردنەوە نییه، تاکو نیگەرانمان بکات و دوورمان بخاتەوه لەو کارانەی که گوتراوه زیانمان پێ دەگەیەنن.

لەسەردەمی منداڵیدا زیاتر له هەموو کاتەکانی دیکه شیانی شتەکان ڕێیان تێدەچێت. تاکو له ناخەوه خاترجەم نەبین، ناتوانین ڕووبەڕووی لێکدژییه دژواره دەروونناسانەکان ببینەوه، مەگین ئەوەی که له کۆتاییه خۆشەکەی دڵنیا بین. گرینگ نییه که وەدیهاتنی ئەم کۆتاییه خۆشه لەژیانی ڕاستەقینەدا تا چ ڕادەیەک دەلوێت. چیرۆکی پەرییان کۆمەڵێک کەرەستەی خەیاڵی دەخاته بەردەستی منداڵ و به شێوەیەکی هێمایی تێیدەگەیەنێ که واتای بەرەنگاربوونەوه بۆ ناسینی تواناکانی خۆی چییه و کۆتاییەکی خۆشی بۆ دەستەبەر دەکات.

پاڵەوانه ئوستوورەییەکان کۆمەڵێک وێنەی خەیاڵیی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ گەشه و پەرەپێدانی "بەرزەمن" دەخەنه ڕوو، بەڵام ویستەکانیان هێنده سەخت و ڕژده که منداڵ له یەکەمین هەوڵی خۆیدا بۆ گەیشتن به کەسایەتییەکی یەکپارچه دڵسارد دەکەنەوه. پاڵەوانی ئوستوورەیی له کۆتایی گێڕانەوەدا گۆڕان و ژیانی تاهەتایی له بەهەشتدا ئەزموون دەکات، کەچی کەسایەتی سەرەکیی چیرۆکی پەرییان لەپاش کۆتاییهاتنی گێڕانەوەیەوه، به خۆشی و بەختەوەری لەنێو ئێمەدا و لەسەر زەوی درێژه به ژیان دەدات. بەشێک له چیرۆکەیلی پەرییان بەجۆرێک به کۆتایی دەگەن که ئەگەر به هەڵکەوت پاڵەوانەکەیان نەمردبێت، ئەوه بێگومان زیندووه و بەمشێوەیه له چیرۆکی پەرییاندا ژیان به شادمانی، بەڵام زیاتر وەکو بەرهەمی ئەو ڕەنج و ئەزموونانه نیشان دەدرێتەوه که له ڕەوتی سروشتیی گەورەبوونماندا سەرقاڵیان دەبین.

ڕاسته که چیرۆکی پەرییان لق و پۆپێکی خەیاڵییان به تەنگژه دەروونناسانەکانی گەشەکردن بەخشیوه و به شێوەیەکی هێمایی له قاڵبی ڕووبەڕووبوونەوه لەگەڵ پەری، جادووباز، ئاژەڵه دڕندەکان، یان کۆمەڵێک کەسایەتیدا پێشکێشی کردوون که خاوەنی هۆش و زیرەکییەکی له مرۆڤ بانترن، بەڵام مرۆڤبوونی ڕەچەڵەکی پاڵەوانەکە، سەرباری بەسەرهاته سەیروسەمەرەکەی، به ئاماژه بەوەی که ئەویش وەکو ئێمه دەمرێت، ڕوون دەکاتەوه. پاڵەوانی چیرۆکی پەرییان، بەپێچەوانەی ئوستوورەوه، وەبان کەسایەتیی مرۆڤ ناکەوێت. ئەم مرۆڤبوونه ڕاستەقینەیه، منداڵ لەوه دەگەیەنێت که چیرۆکی پەرییان خاوەنی هەر نێوەڕۆکێک بێت، له چنین و دارشتنێکی هووشەکارانەی خەیاڵاویی هیوا و ترسەکانی خۆی و ئەو کارانه زیاتر نییه که دەبێ بیانکات.

چیرۆکی پەرییان کۆمەڵێک وێنەی هێمایی خەیاڵپەروەرانه بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان پێشکێش دەکات، بەڵام ئەم کێشانه زۆر ئاسایین، ئازارکێشانی منداڵ لەدەست ئیرەییبردنی خوشک یان برا، یان جیاوازیدانان لەنێوانیاندا، وەکو چیرۆکی سیندرێلا ئەو منداڵەی که دایک و باوکەکەی به منداڵێکی بێکار و بێ ئیرادەی دەزانن. ئەم شته له زۆربەی چیرۆکەیلی پەرییاندا هەیه، بۆ نموونه له چیرۆکی "جندۆکە له بتڵدا" بەرهەمی برایانی گریم، ئیشارەی پێ کراوه. هەروەها پاڵەوانی چیرۆکی پەرییان هەر لەسەر ئەم زەوییه بەسەر کێشەکانیدا سەر دەکەوێت، نەک به پشتیوانیی ئەو خەڵاتەی که له بەهەشت پێی دەگات.

هۆشی دەروونناسانەی مرۆڤ، له درێژایی سەدەکاندا بەپێویستی زانیوه که هەر ئوستوورەیەک، چیرۆکی پاڵەوانێکی تایبەت بێت: تێسیوس، هێرکیولیس، بیۆیولف و برونهێڵد. ئەم کەسایەتییه ئوستوورەییانه، نەک هەر بۆخۆیان ناوبانگیان هەیه، بگره ئێمه ناوی دایک و باوک، یان ناوی کەسایەتییه سەرەکییەکانی ئوستوورەکەشیان دەزانین. هەر ئەوەنده بەس نییه که ئوستوورەی تێسیوس به ناوی "ئەو پیاوەی مانگاکەی کوشت" بناسین، یان ئوستوورەی نایۆبی بەناوی "ئەو دایکەی حەوت کوڕ و حەوت کچی هەبوو".

بەپێچەوانەوه، چیرۆکی پەرییان پێداگره لەسەر ئەوەی که چیرۆکێکه لەبارەی سەرلەبەری خەڵکەوه، خەڵکانێکی وەکو ئێمه. سەرناوی بەشێک لەو جۆره چیرۆکانه بریتین له: "جوان و دێو"، "چیرۆکی ئەو کەسەی سووربوو لەسەر ئەوەی بزانێ ترس چییه". تەنانەت چیرۆکه تازەکانیش هەر ئەم نموونەیه ڕەچاو دەکەن، بۆ نموونه "شازاده بچکۆله"، "بێچووه مراویی ناشیرین". پاڵەوانی چیرۆکی پەرییان کۆمەڵێک نازناویان هەیه، وەکو "کچێک" یان "برا بچووکێک"، ئەگەر تووشی کۆمەڵێک ناوی دیاریکراویش بین، جوان دیاره که ناوەکان ناوی تایبەت نین، بەڵکو ناوی گشتی یان وەسفین. بۆ نموونه دەخوێنینەوه: "لەبەر ئەوەی هەمیشه خۆڵاوی و پۆخڵ بوو، پێیان دەگوت سیندرێلا"، یان "ئەوەندەی کڵاوی چکۆڵەی سوور لێ جوان بوو، هەمیشه به کڵاوسووره بچکۆڵه بانگیان دەکرد". تەنانەت که له چیرۆکەیلی وەکو جەک یان هێنسڵ و گریتڵدا، ناوێک لەسەر پاڵەوانەکه دادەنێن، ناوەکان هێنده ئاساییین که دەبن به ناوێکی گشتی و دەکرێ ناوی هەموو کچ و کوڕێک بن.

هۆکارێکی دیکەی ئەم ڕاستییه ئەوەیه که لەم چیرۆکانەدا بێجگه لەم کەسایەتییانه هیچ کەسێکی دیکه ناوی نییه. دایک و باوکی کەسایەتییه سەرەکییەکانی چیرۆکەکەن، بەڵام ناویان نییه و ئێمه هەروەکو "باوک" یان "دایک" یان "زڕدایک" دەیانناسین. هەرچەند لەوانەیه به دەستەواژەی وەکو "ماسیگری هەژار" یان "داربڕی هەژار" وەسف بکرێن. "پاشا" یان "شاژن" هەر هەمان دایک و باوکن له پشت دەمامکێکی جواندا، هەروەها "شازاده" و "شازاده خاتوون" هێمان بۆ کوڕ و کچ. پەری و جادووبازەکان، دێو و زڕدایکەکانیش ناویان نییه، هەربۆیەش ڕەپاڵدان و هاوتاسازی ئاسان دەکەنەوه.

پاڵەوانی ئوستوورەکان ڕەهەندی بانمرۆڤییان هەیه و هەر ئەمەش یارمەتیی منداڵ دەدات که چیرۆکەکە قبووڵ بکات. له غەیری ئەم حاڵەتەدا چاوەڕوانییه ئاماژەگەرانەکەی ئوستووره که دەیەوێ منداڵ هاوتاسازی لەنێوان ژیانی خۆی و پاڵەوانەکەدا بکات، دەبێته هۆی تێکشکانی منداڵەکە. فایدەی ئوستووره نەک لەوەدایه که پێکهاتەی گشتیی کەسایەتی پێکبێنێت، بگره تەنیا لەوەدایه که پێکهاتەیەک به "بەرزەمن" ببەخشێ. منداڵ دەزانێ قەت ناتوانێ بەقەدەر پاڵەوانی ئوستوورەکە ئازا بێت و قەتیش ناتوانێ ئەو کارانەی ئەو ئەنجام بدات، هەربۆیه تاکه چاوەڕوانی له منداڵ، کێبڕکێیه له بەستێنێکی زۆر بەرتەسکدا، لەبەر ئەمه، منداڵ بەهۆی جیاوازیی ئەم ئامانجه و بچووکیی خۆیەوه هەست به شکست ناکات.

ئوستووره کەسایەتییەکی ئامانجخوازانه پێشکێش دەکات که لەسەر بنەمای ویستەکانی "بەرزەمن" دەجووڵێتەوه، لەحاڵێکدا که چیرۆکی پەرییان یەکپارچەیی "من" که بوار بۆ تێربوونێکی شیاوی مەیلەکانی "هەناو" دەڕەخسێنێ، نیشان دەدات. ئەم جیاوازییه، دەربڕی لێکدژیی نێوان ڕەشبینییه هەمەگیرەکەی ئوستووره و گەشبینییه بنچینەییەکەی چیرۆکی پەرییانه.

**سەرچاوە:**

افسون افسانەها، برونو بتلهایم، ترجمەی اختر شریعتزاده، انتشارات هرمس، چاپ اول 1381، تهران.

# خۆشەویستی ڕۆحمان پاکژ دەکاتەوه



**حەمەسەعید حەسەن**

له کەلاوەدا بژین و ناخمان ئاوەدان بێت، باشتره لەوەی له تەلاردا بژین و ناخمان کەلاوه بێت. ئەوه تەنیا خۆشەویستییه ناخ ئاوەدان دەکاتەوه، بەڵام ڕق زریانێکه دونیای دەروون خاپوور دەکات. خۆشەویستی میوانێکی ناوەختە، بێ ئەوەی ژووانمان لەگەڵیدا هەبێت، یان پێشبینیی هاتنی بکەین، دێت و بێ ئەوەی له دەرگا بدات، وەژوور دەکەوێت. ئەوه ئێمه نین، بڕیار لەسەر سەرهەڵدانی ئەوین دەدەین، ئەوه ئەوینه، کەی بخوازێت، پەیدا دەبێت، ئێمەیش نەک هەر پێشوازیی لێ دەکەین، بەڵکوو ڕەدوویشی دەکەوین، ئاخر عاشق هەر لایەنه گەشەکانی خۆشەویستەکەی دەبینێت و عیشق له سەرەتاوه هێنده گەرموگوڕه، هەرگیز بڕوا ناکەین ڕۆژێک له ڕۆژان سارد ببێتەوه.

ئەوه خۆشەویستییه، گیان به زیندوویی دەهێڵێتەوه و لێ ناگەڕێت گوڵی هیوا سیس ببێت، ئاخر خۆشەویستی بەشێکی گرنگی ژیانمان نییه، تەواوی ژیانمانه، چونکه ژیان بێ خۆشەویستی، وەک مردن وا نییه، مردنێکی ڕاستەقینەیه. ئەگەر کەسێکمان خۆش نەوێت، کەسێک به ئەوینی خۆی، ژیانی داگیر نەکردبین، ئیدی وەک مەحاڵ وایه، بتوانین سرووشت یان نیشتمانمان خۆش بوێت. خودکوژی لای کامۆ بایەخێکی زۆری هەبوو، لای وی وەک پرسی یەکەمی فەلسەفه وابوو، دەیپرسی: ئایا ژیان ئەوه دەهێنێت درێژەی پێ بدەین؟ یان وا باشتره، چی زووه خۆمان له بن چنگی قوتار بکەین؟ ئەوه له بیرکردنەوەی کەسێک دەچێت، ئەوین له ژیانیدا نەبێت، ئاخر ئەگەر خۆشەویستی له ژیانماندا هەبوو، دڵمان وەک گوڵزاری هیوای لێ دێت، ئەویشی دڵی له هیوا تژی بێت، ئەوەی بیری لێ نەکاتەوه خۆکوشتنه.

خۆشەویستی تاقه چارەسەره بۆ دەردی بێهیوایی، ئەگەر خۆشەویستی شک ببەین، نائومێد نابین، ئەگەر نائومێد نەبووین، دووچاری خەمۆکی نابین، که گیرۆدەی دەستی دەردی کوشندەی خەمۆکییش نەبووین، بیر له خۆکوشتن ناکەینەوه. ئەوه خۆشەویستییه کارێک دەکات، توند توند وابەستەی ژیان بین، ئەوین له ژیانماندا نەبێت، نه ژیان مانای دەمێنێت، نه هیچ کارێکمان پێ دەکرێت له خزمەتی ژیاندا بێت، تەنانەت بەبێ خۆشەویستی هیچ داهێنانێک وەدی نایەت. ئەگەر توانای خۆشویستن له دەست بدەین، ئیدی ڕێگەی نائومێدی که خۆکوشتن دوا وێستگەیەتی، لەبەردەمماندا تەخت و خۆش و واڵا دەبێت.

فرۆید دەیگوت: (ئەوی دەروونی ناساغ بێت، نەک هەر کەسی خۆش ناوێت، بەڵکوو ڕقی له خۆیشی دەبێتەوه.) که تەنانەت خودی خۆیشمان خۆش نەویست، ئیدی هیچ دوور نییه ڕێگەی خۆکوشتن بگرینه بەر. کەواته ئینسان به خۆشەویستی دەژی، نەک به شتێکی دیکه، ئاخر ئەوه ژیان نییه که خاڵیی بێت له خۆشەویستی، با هێشتا زیندوویش بین.

ئەرەستۆ دەیگوت: (به زەبری خۆشەویستی چێژ له ژیان وەردەگرین،) چونکه بەبێ خۆشەویستی، مانایەک بۆ دڵخۆشی نامێنێتەوه. خۆشەویستیی ڕاستەقینه ئەوەیه، کەسێکمان خۆش بوێت، بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ پاداشتێکی لێ بکەین، کەسێکمان بۆیه خۆش بوێت، چونکه ناتوانین خۆشمان نەوێت. که کەسێکمان خۆش ویست، هەم ئەو هەست به بەختەوەری دەکات، هەم خۆیشمان. ئەوه خۆشەویستی نییه عاشقی خودی خۆمان ببین و تەنیا بیر له خۆشیی خۆمان بکەینەوه، ئەوه خۆپەرستییه. فەیلەسووفی ئەڵمانیایی گۆتفرێد ولیەم لایبنز (1646 — 1716) دەیگوت: (خۆشەویستی ئەوەیه، چێژ له بەختەوەریی کەسێکی دیکه وەربگرین.) ئەگەر کەسێکمان خۆش ویست، هەم هەست به ئازارەکانی دەکەین و هەم به خۆشییەکانیشی دڵخۆش دەبین. قەشه ئوگستین پێی وابوو: (لووتکەی بەختەوەری ئەوەیه، هەوێنی بەختەوەریی کەسانی دیکه بین. سنووری ئەوینیش ئەوەیه، بەبێ سنوور کەسێکمان خۆش بوێت.)

ئەوه خۆشەویستی نییه، بۆیه هەوڵی بۆ دەدەین چونکه نیمانه، هەر که بووین به خاوەنی، هێدی هێدی لێی بێزار دەبین و به دوای پێوەندییەکی دیکەدا وێڵ دەبین، ئەوه شوێن ئارەزوو کەوتنه. سارتەر دەیگوت: (تاقه پاساوی هەبوونی ئێمه، هەبوونی خۆشەویستییه له ژیانماندا، ئاخر ژیان بێ خۆشەویستی، بۆشاییەکی بەرینی ترسناکه.) هەر بەهۆی ئەوینەوه درەختی هیوا چرۆ دەکات و بەر دەگرێت، ئەوه هەر ئەوینیشه، مانا به ژیان دەبەخشێت، ئەوین نەبێت، هاوسەنگیمان تێک دەچێت. ئەوه هەر سارتەریشه که دەڵێت: (ئەوین وەک شۆڕش وایه، دەزانین چۆن دەست پێ دەکات، نازانین چۆن کۆتایی دێت.) له خۆشەویستیی پاک و گیانی و خوداییدا دوورییەک له نێوان عاشق و مەعشووقدا پارێزراو دەبێت، ئاخر یەکدییان خۆش دەوێت، بێ ئەوەی ئەگەری پێکگەییشتنیان هەبێت و بێ ئەوەی وێڵی دوای تێرکردنی ئارەزوویەک بن. عاشقانی ڕێبازی ئەوینی خودایی، هەرچەنده به ئومێدی ویساڵ نین، بەڵام هەمیشه یەکیان له یاده و دڵیان به زەبری ئەوینی یەکتری لێ دەدات.

له دونیادا شتێکی مەزن ڕوو نادات، ئەگەر چیرۆکێکی خۆشەویستی له دوایەوه نەبێت، ئاخر ڕەوتی مێژوو زادەی زەبری ئەوینه. ئالان بادیۆ دەڵێت: (خۆشەویستی بەختەوەرییەکمان پێ دەبەخشێت، وا هەست دەکەین زەمەنمان کەوی کردووه و به نەمریی گەییشتووین، ئەوه بۆیه که دوو عاشق له یەکدیدا دەتوێنەوه، ئەوەی هەستی پێ نەکەن، زەمەنه و ئەوەی به خەیاڵیاندا نەیەت، مردنه،) ئاخر شیللی گوتەنی: ئەوین لەسەروو مەرگەوەیه. دیکارت فێرمان دەکات، (ئاسۆی ژیانمان به ڕق لێڵ نەکەین، ژیان کورته و تیژتێپەر، حەیفه به ڕق له کیسی خۆمانی بدەین، با بۆ خۆشەویستی تەرخانی بکەین.)

نیتشه پێی وایه: (خۆشەویستی که زادەی هەڵچوونی شێتانەیه، کورتخایەنه، به گەوجایەتییەکی درێژخایەن، که هاوسەرگیرییه، کۆتایی دێت.) بۆدلیردەیگوت: (خۆشەویستی تاوانێکه به تاقه کەسێک ئەنجام نادرێت، ئیللا پێویستی به هاوکارێک دەبێت.) که گوتوویانه (ئەوین و ئاوەز دانوویان پێکەوه ناکوڵێت،) مەبەستیان ئەوە بووه، که دەکەوینه داوی ئەوینەوه، هۆش له کەللەماندا نامێنێت و وەک ئەوە وایه کێشی خۆمان له دەست دابێت، یان بەنگ کرابین. داستانی ئەوینی زۆرینەی عاشقه مەزنەکانی دونیا، به نائومێدی کۆتایی هاتووه، بەڵام ئەوین با کۆتاییەکی خەمگینیشی هەبێت، بەس نییه ڕۆحمان پاکژ دەکاتەوه.

2016/2/19

هەولێر

(*) هاشم صالح، الحب فحوى الوجود، الإتحاد الثقافي 18 فبراير 2016 دبي.



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# پارتی لە سلێمانی

وەک بڵێی پارتی، جەماوەری خۆی لە سلێمانی لە قوماردا دۆڕاندبێ، بۆیە کاڵبوونەوەی پارتی لە سلێمانی، بە لۆژێکی (بەگونمەوە) بەڕێوەدەبەن.

کە خەڵکی سلێمانی ناویان لە لقی چوار ناوە لقی خوار، هی ئەوەیە لە قسەی زل زیاتر کارێکی ڕێکی ئەو حیزبەیان لەو شارە نەدیوە. کە هەر کارێکی باشتان لەدەست نایەت، ئەو شوێنە چاکەتان بۆ وا بێسەمەر کوشتووە؟ خۆ ماشەڵا پارتی بازرگانی چاکی هەیە، کە هەر تۆزقاڵێ هیواتان بە سلێمانی نەماوە، باشترین ئیش بیکەن ئەوەیە شوێنی لقی چوار بکەنە کافێ و جێی نێرگەلە، ئاخر ئەوە بیست و پێنج ساڵە ئەو لقە بیست و پێنج کەسی نەکردووە بە پارتی، کێ ناڵێ کە لقەکەیان دەکەنە قاوەخانە، بەهۆی نێرگەلەکێشانەوە دە دوانزە گەنج نابنە پارتی؟ ئەگەر نا، زۆری نەماوە سلێمانی ببێتە مۆزەخانەی پارتییە قەدیمییەکان، چایخانەیەکیشیان بۆ بکەنەوە با بەدیار دۆمینەکردنەوە، لە دووشەشی تۆپیوی حیزبەکەیان بڕوانن.

سلێمانی شارێکی زیندووە، پارتیش حیزبێکی مردوو. ئاخر ئەمڕۆ حیزبێک دامەزرێنی، بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لە سلێمانی دەنگ دەهێنی، ئەوە خێرە نیو سەدە زیاترە پارتییەکانی سلێمانی هەر پیر دەبن و چوار پارتیی گەنج نایەتە جێگایان؟ هەوادارانی پارتی، لە سلێمانی وەک ورچی پاندا وان، هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە. هاکا ناشناڵ جیوگرافیک، دۆکیومێنتارییەکی لەسەر پارتییەکانی سلێمانی ئامادە کرد.

پارتی چونکە هیچ هیوایەکی بە سلێمانی نەماوە، ئەوە بۆیە سلێمانیناسێکیان نەبوو پێیان بڵێ، ئێوە ساڵانی ساڵە جنێو بە خەڵکی سلێمانی دەدەن، ئاخر بەوەدا ڕێزدار عیزەددین بەرواریتان کردووەتە بەرپرسی ژمارە یەکی سلێمانی، ڕاستەوخۆ بە خەڵکی سلێمانی دەڵێن چونکە ئێوە پیاوتان تێدا نییە، بۆیە پیاوێکی پیاوانەمان لە بادینانەوە بۆ هێناون، ئاخر ئێوە هەرگیز سلێمانییەکتان کردووەتە بەرپرسی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی دهۆک؟ ئەی هەرگیز دەیکەن؟ حەسەنی شیرین پیاوی یەکەمی پارتیی بووایە لە سلێمانی، هەر بە قسەی خۆش، چل ئەوەندەی ئەو هەموو ئەفەنییەی ئێستای بۆ پارتی دەکرد. عەباس ئەبوو شوارب گوتەبێژی فەرمیی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پارتی بووایە، لەمانەی ئێستا جوانتر قسەی دەکرد.

کار وا بڕوات، پارتیبوون لە سلێمانی، چی وای جیاواز نابێ، لەگەڵ کۆمۆنیستبوون لە ڕەققە، ئاخر ئێستا پارتیبوون لە سلێمانی لە دواقۆناغەکانی عەیبەدایە و بەمزووانە پێدەنێتە قۆناغی قاچاخبوونەوە.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# پەرلەمان چۆن کارا دەکەنەوە؟

ئێستا قسەو باسێکی زۆر لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان دەکرێت، لەلایەک خەریکە دەبێتە سیحری کردنەوەی گرێکوێرەکان، ئەگەر بەبێ مەرج سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان کە پێشتر لەلایەن پارتییەوە ڕێگریی چوونە هەولێریان لێکراوە، ئەوە پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی ترەوە و گفتوگۆی لایەنەکان دەستپێدەکەنەوە. لە بەرامبەریشدا پارتی دەستبەکاربوونەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەستووەتەوە بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان لایەنەکان. واتا ئەویش دەیەوێ بە کلیلی پەرلەمان دەرگای کڵۆمدراوی ژووری کۆبوونەوەی پێنج لایەنەکە بکاتەوە.

هەردوو بەرەی ئەم هاوکێشەیە یاری بە کارتی پەرلەمان دەکەن، بەڵام هەر لایەنە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کە ئەمەیان جێی مەبەستی ئەم نووسینە نییە، ئەوەندەی لێرەدا مەبەستمە سەرنجی خوێنەران بۆ دیوێکی دیکەی کێشەی پەرلەمان ڕابکێشم، ئەویش لە گۆشەنیگای کاراکردنەوەی پەرلەمانەوە.

ئەوەندەی تێبینی دەکرێت، کاراکردنەوەی پەرلەمان بەو مانایە دەبینرێت کە پارتی ڕێگە بدات سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر بگەڕێنەوە هەولێر کە لە مانگی دەی ساڵی ڕابردوو ڕێی چوونە هەولێری لێگرتن. سەرەتا دەبێت ئەوە بگوترێ ئەوەی پارتی کردی خراپترین مامەڵە بوو، بێهەیبەتکردنی دامەزراوەی شەرعی و پێشێلکردنی سەروەریی یاسا بوو، بەڵام ئایا ئەگەر ئەوەی پارتی کردی ڕووی نەدابا، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پەرلەمان کارا بوو، یاخود ئەگەر ئێستا بێ هیچ پاساو و بیانوویەک بگەڕێنەوە پەرلەمان، ئیتر پەرلەمان کارا دەبێتەوە؟ ڕاستە ئەوەی پارتی لە 12ی تشرینی یەکەمی ڕابردوو کردی پەرلەمانی پەککخست، بەڵام ئەگەر پارتیش ئەوەی نەکردایە دوای هەفتەیەک لەو بەروارە پەرلەمانی کوردستان هەر پەکی دەکەوت. ئەمە دیوێکی دیکەی کێشەکەی پەرلەمانە، واتا تەنیا چوونەوە و نەچوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان هۆکار نییە بۆ پەککخستنی پەرلەمان. گریمان ئەم هەفتەیە دەستەی سەرۆکایەتی دەست بەکارەکانی دەکاتەوە و بانگەوازی دانیشتنێکی پەرلەمان دەکات و ئیتر کاروباری ڕۆژانەیان درێژە پێدەدەن، ئایا دەتوانن ئەرکە سەرەکی و بنەڕەتییەکەی خۆیان وەک کاری پەرلەمان کە ئەرکی دەرچوواندنی یاسایە، ڕایی بکەن؟ بێگومان نەخێر. باشە کە پەرلەمانێک نزیک بە دوو ساڵ تەمەنی مابێت ئاساییە لەو دوو ساڵەدا نەتوانێت هیچ یاسایەک دەربکات، ئەی کەواتە پەرلەمان ئەرکی چییە؟

با لەوە بگەڕێین هەندێک لەو خوشک و برا پەرلەمانتارانەمان ئەرکی خۆیان لێ تێکچووە و لەیەک کاتدا ئەرکی ڕۆژنامەنووس و میدیاکار و نوخبەی دەستەبژێری کۆمەڵگە و شرۆڤەکاری سیاسی و توێژەری کۆمەڵایەتی و زۆرجار یاساناس و پسپۆڕی ئابووری و چی و چی دەگێڕن، ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەسڵی پیشەکەیان، ئەرکی بنەڕەتییان ئەوەیە یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی دەربکەن و چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکەن. ئەمە ئەرکی ڕاستەقینەی پەرلەمانە. پەرلەمانی کوردستان بەهۆی لایەنە یاساییەکەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لە 2015/10/20 وە ئیتر بەهیچ جۆرێک مافی ئەوەی نامێنێ یاسا دەربکات. واتا ئەگەر پارتی لە 12ی مانگ ئەو ڕەفتارە نادروستەی بەرامبەر بە سەرۆکی پەرلەمان نەکردایە، ئەوە دوای 8 ڕۆژ لەو بەروارە ئیتر ئەرکی پەرلەمان ڕادەوەستا، ئەگەر بیانویستایە درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن، دەبوو دان بە مانەوەی سەرۆکی هەرێمدا بنێت تا خۆیان شەرعیەتی دەرچوواندنی یاسایان هەبێت. چونکە بەپێی ئەو یاسا کارپێکراوانەی هەرێم پەیوەست بەکاری پەرلەمان و بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش، دەبێت هەموو ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریاندەکات بەرزی بکاتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و پێویستە ئیمزای لەسەر بکات.

بەپێی ئەو یاسایانەی تا ئێستاش کاریان لەسەر دەکرێت، هیچ بەند و بڕگەیەکی یاسایی نییە، ڕێگە بە پەرلەمان بدات یاسا دەربکات بەبێ ناردنی بۆ سەرۆکی هەرێم تاوەکو شەرعیەتی حوکمی یاسای هەبێت. تەنیا لەیەک حاڵەتدا سەرۆکی پەرلەمان بۆ ماوەی 60 ڕۆژ خۆی دەیتوانی ئەو ئەرکە یاساییە پڕبکاتەوە و لەڕووی یاساییەوە ڕۆڵی سەرۆکی هەرێم ببینێ. ئەویش کاتێک کە بەهەر هۆکارێک شوێنی سەرۆکی هەرێم چۆڵ بوو، سەرۆکی پەرلەمان دەتوانێ بۆ ماوەی شەست ڕۆژ مومارەسەی ئەو ئەرکە یاساییەی سەرۆکی هەرێم بکات، بەڵام بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەبوو لەو شەست ڕۆژەدا سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت.

بەو پێیە، لەدوای 20/8/ 2015 وە کە وادەی سەرۆکی هەرێم کۆتایی هات، سەرۆکی پەرلەمان دەیتوانی تا 2015/10/20 ئەو ئەرکە یاساییە پەیڕەو بکات، لە دوای ئەو شەست ڕۆژە سەڵاحیەتی یاسایی نەدەما و دەبوو کەسێکی دیکە سەرۆکی هەرێم بێت. کە ئەوانە نەکران، گرفتێکی یاسایی بۆ کاری پەرلەمان دروست دەبێت و لەدوای ئەو بەروارەوە ئیتر ناتوانێت یاسا دەربکات، مەگەر لە حاڵێکدا پێش ئەو بەروارە یاسا کارپێکراوەکانی بگۆڕیبا، یاخود چارەسەری لایەنی یاسایی سەرۆکی هەرێمیان بکردایە کە بینیمان لەبەر زۆر هۆکار ئەو زەمەنانە تێپەڕین و هیچ ڕێگەچارەیەکی یاسایی پەسەند نەکرا. دەمێنێتەوە وەک ئەمری واقیع کە دەبێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، مانەوەی دۆخی ئێستا وەک خۆی تا هەڵبژاردنی داهاتوو کە دەبێت سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێتەوە سەر کارەکانی، بەڵام ناتوانرێت هیچ یاسایەک دەربکرێت لەم خولەی پەرلەماندا، ئەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسیارێکەوە: ئایا دەکرێت تا دوو ساڵی دیکە پەرلەمان بمێنێتەوە و هیچ یاسایەک دەرنەکات.

بۆ ئەوەی کوردستان لە فەراغی یاسایی نەمێنێتەوە، دەبێ دان بە ئەمری واقیع (مانەوەی سەرۆکی هەرێم تا هەڵبژاردنی داهاتوو)دا بنرێت تاوەکو پەرلەمان کارە یاساییەکانی خۆی ڕایی بکات. یان دەبێت هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت کە ئێستا کوردستان بە هەلومەرجێکدا تێپەڕ دەبێت توانای هیچ هەڵبژاردنێکی نییە. ئەگەر ئەم حاڵەتانە ڕەچاو نەکرێن، نە پەرلەمان کارا دەکرێتەوە و نە پرۆسەی یاسایی لە دامەزراوەکاندا بەشێوەیەکی تەندروست بەڕێوەدەچێ.



هیوا حاجی
hewa.khedir@su.edu.krd

# تەنیا شکستخواردوو دەتوانێ بگەڕێتەوە بەغدا

### عەبادی گەمە کۆنەکە نوێ دەکاتەوە

زۆرجار دوورخستنەوەی میللەت لە نوخبە سیاسییەکەی تاکتیکی وڵاتانی داگیرکەر بووە بۆ دەرزخستنە ناو میللەتان. هەوڵ دراوە وا نیشان بدرێ کە میللەت شتێکی دەوێ، بەڵام لەلایەن نوخبەوە بەلاڕێدا دەبرێ. بەم شێوەیە میللەت وەک نیشتمانپەروەر و یەکێتیخواز وێنا کراوە و نوخبە سیاسییەکەشی وەک بەکرێگیراو و جوداخواز نەخشێنراون. لە سەردەمی بەعسدا لە عێراق هەمیشە ئەوە دەگوترا کە کورد خۆی بە عێراقی دەزانێت و نیشتمانی خۆی خۆش دەوێت، بەڵام "سەرکردە بەکرێگیراوەکانیان" بە پاڵپشتیی "دوژمنانی عێراق" شەڕی وڵاتی خۆیان دەکەن. ئەم سیاسەتە لەلایەن زۆر وڵاتی دیکەی ئێستای دەوروبەریشەوە پەیڕەو دەکرێ. بۆ وێنە لە تورکیا دەگوترێ پەکەکە نوێنەرایەتی کێشەی کورد ناکا. لە ئێرانیش حیزبە کوردییەکان بە "مونافیق" نیشان دەدرێن و هیچ پەیوەندییەکیان بە میللەتی "کوردی موسڵمان"ەوە نییە.

حەیدەر عەبادی، لەم ڕۆژانەدا، هەمان یاری، بەڵام هەندێک بەناڕاستەوخۆتر و بە بەکارهێنانی چەمکی دیکە دەکات. بۆ وێنە، لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن گوتی "زۆربەی کورد ڕێفراندۆمیان ناوێت". بە هەمان شێوە، بە هەوڵدان بۆ قۆستنەوەی نارەزایەتی فراوانی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دەڵێ "هەموو نەوتی هەرێممان بدەنێ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم دابین دەکەین". دیارە لە دانیشتنەکەی 20ی ئەم مانگەدا لە پارلەمانی عێراق لەوە زیاتر ڕۆیشتووە و دەڵێ "ئەگەر داهاتی نەوت و دەروازە سنوورییەکانمان ڕادەست بکەن دەتوانین پشکی هەرێم لە بودجە دابین بکەین". لە هەمان دانیشتندا گلەیی لە ناشەفافبوونی داهاتی نەوتی هەرێم کردووە و تەنانەت لە جیاتی پارلەمانی کوردستان قسەی کردووە و گوتوویەتی "نە ئێمە و نە پارلەمانی کوردستانیش ئاگاداری داهاتی نەوتی هەرێم نین". بێگومان عەبادی لەبەر زۆر هۆکار ناتوانێ بڵێ سەرکردەکانی کورد بەکرێگیراون، بەڵام بەناڕاستەوخۆ دوو شت دەڵێ: یەکەم، ڕیفراندۆم خواستی کورد نییە و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی لەم بارەوە ئەجێندایەکی ناخۆماڵی پەیڕەو دەکات. دووەم، سەرکردایەتی کورد ڕاستگۆ نییە لەگەڵ میللەتەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ سامانی وڵاتەکەی و چۆنیەتی بەکارهێنانی. هەردوو پەیامەکەش پێکەوە هەوڵدانە بۆ دابەشکردنی کورد بەسەر بەرەی گەل و نوخبە سیاسییەکەی.

بە تێگەیشتنی ئێمە، ئەجێنداکەی عەبادی تەنیا لە دوو شتدا لەوانی پێش خۆی جیاوازە: یەکەم لە بەکارهێنانی چەمکەکان، بۆ وێنە عەبادی ناڵێ سەرکردەکانی کورد نۆکەری داگیرکەرانن و وڵاتانی دەوروبەر، بەتایبەتی ئێران، بە دوژمنی عێراق دانانێت. پاشان جیاوازیی دووەم لە هەلومەرجدایە. لە کاتی خۆیدا کاتێک بەعس باسی سەرکردەکانی کوردی دەکرد و بە بەکرێگیراو لەقەڵەمی دەدان، خەڵکی کوردستان نەک هەر باوەڕیان نەدەکرد، بەڵکو خۆشەویستییان بۆ سەرکردەکانیان بەهێزتر دەبوو. ئێستا هەلومەرجەکە گۆڕاوە و خەڵکێکی زۆری کوردستان لە سەرکردەکانی خۆیان نارازین. ڕەنگە هەرلەبەر ئەوەش بێت قسەکانی عەبادی لە کوردستان هەندێ کڕیاریان هەیە و جاروباریش لەلایەن هەندێ لە سیاسییەکانیشەوە وەک بەڵگە بەکاردێن.

### تەنهاشکستخواردووەکان دەگەڕێنەوە بەغدا

لەو کاتەوە کە کورد سوکانی سەربەخۆ بەڕێکردنی نەوتی سووڕاند، ئیدی ڕێگای کورد لە عێراق جیابووەوە. لە دوایین ساڵی سەردەمی نوری مالیکیدا و بەڕاگرتنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بە پراکتیکی، هەرێم و بەغدا تەنیا لەسەر نەخشە پێکەوە مانەوە. شەڕی داعش، بە دیوێکدا، هەرێم و بەغدای پێکەوە هێشتەوە، ئەویش تەنیا لە بواری هەماهەنگیی سەربازی و ئەمنیدا. تا ئەو شوێنەی ئێمە دەیبینین، جگە لە بواری سەربازی و ئەمنی، لە هیچ بوارێکی دیکەی ئابووری، پەیوەندیی دەرەوە، هیچ پەیوەندییەک لە نێوان هەرێم و بەغدا شک نابرێ.

هەرێمی کوردستان، هەرچەندە بە ئاشکرا ڕاینەگەیاندووە، بەڵام بە تێزی "سەربەخۆیی ئابووری لەپێشدا و سەربەخۆیی سیاسی دواتر"، یەکلایەنە و بەبێ گەڕانەوە بۆ بەغدا دەستی بە هەناردەکردنی نەوت کرد. قەیرانی دارایی و قەرزداربوونی هەرێم و پەککەوتنی وەبەرهێنان و بێ توانایی حکومەت لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی، نیشانی دا کە بەشی یەکەمی تێزەکە (سەربەخۆیی ئابووری) تا ئێرە، لانیکەم لە کورت مەودادا، شکستی خواردووە. بەشی دووەمی تێزەکە (سەربەخۆیی سیاسی) جێی پرسیار و هەڵوەستەی زیاترە. باس لە ئەنجامدانی ڕێفراندۆم دەکرێ لە ئەمساڵدا. تائێستا، بە فەرمی، تەنیا حکومەتی عێراقی و ئێران، لەدژین. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێ لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی عێراقداین، بەڵام ڕاستەوخۆ نەیگوتووە لە دژی ڕێفراندۆمین. ئەڵمانیاش گوتی نیگەرانین! لە ڕاستیشدا، مەرج نییە ئەوەی بە ئاشکرا پشتگیریت نەکات، لە واقیعدا دژایەتیت بکات. بۆیە بەڕاستی تا ئێستا دیارنییە تا چ ڕادەیەک ڕێفراندۆم هەنگاوێکی ڕاستەقینەیە و تا چ ڕادەیەکیش شەرعیەتی نێودەوڵەتی دەبێت.

پاشان دەبێ لەنێو ماڵی کوردیدا (ئەگەر ئەم وشەیە گونجاو بێت) بە وردی تاوتوێی ئەوە بکرێ کە بەڕاستی کورد، تەنانەت ئەگەر هەلیشی لەبەردەمدابێ، لەسەر چ زەمینەیەک دەوڵەتی خۆی دروست دەکات؟ ڕەوشی ئابووری و یەکێتیی نێوخۆیی و ئایندەی ئەو دەوڵەتە دەبێ بە وردی دیراسە بکرێت. بۆ ئەوەی دەوڵەتێکت هەبێت بتوانێت بژیەت و بەردەوام بێت، پێویستت بە زەمینەسازی هەیە. ڕەنگە زۆر گرنگ بێت کورد چاوێک لە ئەزموونی لەدایکبوونی وڵاتان بکات و کەڵک لە دەرسەکانیان وەربگرێت. جاران کورد ئۆباڵی بێ دەوڵەتی خۆی دەخستە ئەستۆی کۆڵۆنیالیزم. ئێستا باروودۆخەکە گۆڕاوە و بەشێک لە وڵاتە کۆڵۆنیاڵەکانی پێشوو، تا سنوورێک، پشتگیری لە کورد دەکەن ئەگەر نەگاتە ئاستی سەربەخۆییش.

هەرچۆنێک بێت، لەسەروبەندی قەیرانی دارایی و گومانی بەشێک لە نوخبەی سیاسیی کوردی لە سەربەخۆیی هەرێم، تێڕوانینێکی تاڕادەیەک بەهێز هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ بەغدا. دەڵێن گوایە سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ بەغدا لە بنەڕەتدا بۆ تاقیکردنەوەی ئەو ڕێگایە بووە. ئەگەر وا بووبێت، پێناچێت وەفدەکەی هەرێم هیوایەکی ئەوتۆیان بە بەغدا لەلا زیندوو بووبێتەوە. هەرێم لەگەڵ بەغدا، بە باوەڕی ئێمە، خاڵی نەگەڕانەوەی تێپەڕاندووە. هەرێم ئەگەر لەژێر فشاری قەیرانی ئابووری یان ئەگەر لە حاڵەتی ئەنجامنەدانی ڕێفراندۆمدا بگەڕێتەوە بەغدا، ئەوا بەبێ هیچ پەناوپەسێوێک وەک شکستخواردوو دەگەڕێتەوە بەغدا.

بە سادەیی چونکە ئەوکات دەڵێی نە سەربەخۆیی ئابووریم هێنایەدی و نە سەربەخۆیی سیاسیش، فەرموو با عێراق، ماڵی هەمووان، ئاوەدان بکەینەوە. بۆیە دەبێ ئەوانەی ئەوەندە بە سادەیی داوای گەڕانەوە بۆ بەغدا دەکەن، لەبەرچاویان بێت کە گەڕانەوەی ئەمجارە، لەو هەلومەرجەی ئێستادا، لە پێگەی هێزەوە نابێت و ئەمەش دەرئەنجامی نەخوازراوی خۆی هەیە.



ڕێبوار کەریمی
rebwar.karimi@hotmail.com

# کورد بۆ سەری خۆی هەڵدەگرێت؟

هەواڵی خنکانی کۆچبەرانی کورد لە ئاوە بێ ئامانەکانی دەریای ئیجەدا، وەکوو خوێ بەسەر برینە گەرمەکانی دیکەی نیشتماندا دەپژێ. بەڕاست، چی وا لە مرۆڤی ئێمە دەکا بەم شێوە کارەساتبارە خۆی بداتە دەم گێژاوەکانی قەدەر؟ ساڵانی نەوەدەکان، پیاوانی ئەغڵەب گەنجی زگورد یان خێزاندار، بەتەنیا ملی ڕێی هەندەرانیان دەگرت و لە ئەگەری وەرگرتنی مافی مانەوەدا، ژن و منداڵەکانیشیان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. ئێستا هێندێک کەس، بە ژن و منداڵەوە ملی ڕێی هات و نەهات دەگرن! تۆبڵێی هۆی ئەمە چی بێت؟ کەمتاقەتتربوونی خێزانەکان و بەپەلەتربوونیان بەهۆی ڕاهاتن لەو دۆخی مەسرەفگەراییەی 10 ساڵی ڕابردووی نیشتمان؟ ڕەشبینییەکی زیاتر لە نەوەدەکان بەرامبەر پاشەڕۆژی وڵات؟ یان تەنیا، گەشبینی بەرامبەر بەو هەلومەرجەی ئێستای ئەورووپا سەبارەت بە پەناخوازان؟

دیاردەی کۆچ، کێشەیەکی کۆمەڵایەتیی جددیی کۆمەڵگەی کوردەوارییە. سەیر ئەوەیە کەمترین توێژینەوە لەم بارەیەوە دەکرێ، ئەوە لە کاتێکدا کاریگەریی کۆچ تەنیا لەسەر ئەوانە نییە کە کۆچ دەکەن، بەڵکو چ ئەوانەی لە وڵات دەمێننەوە و چ جڤاکی تاراوگەی کوردی، بەقووڵی دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ — پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ-ی کۆچی هاونیشتمانیەکانیان. بۆ سەنگوسووکدانی پاتۆلۆژیک (خەسارناسانە)ی کۆچ، پێویستە لەڕێی تێزی جیاجیاوە لێی نزیک ببینەوە. من تەنیا سێ ڕوانگە بۆ تێڕامان دەخەمە بەرچاو:

**1- دەشێ کۆچی بەرەو ڕۆژاوا وەک دیاردەیەکی گلۆباڵ ببینین:** کۆچ، دیاردەیەکی بەردەوام و بگرە ڕۆژانەیە. بەگوێرەی ڕاپرسییەکی ساڵی 2009، ئەگەر دەرفەت هەبووایە، 700 ملیۆن کەس لەدنیادا خوازیاری کۆچکردن بوون. سەرەتای ساڵانی نەوەد، 25 ملیۆن کەس لە وڵاتی خۆیانەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچیان کردبوو، ساڵەکانی 2000، ئەو ژمارەیە گەیشتووەتە نزیک 250 ملیۆن کەس! دڵڕفێنترین شوێن بۆ کۆچ ئەمەریکایە، بەڵام زۆرترین کۆچ بەرەو ئەورووپا دەکرێت. کۆچ لە باشووری کوردستانەوە، بەزۆری کۆچێک بووە لە پێناوی دابینکردنی ژیانێکی باشتردا. ڕاستە زۆربەی ئەوانەی سەری خۆیان هەڵدەگرن، بەنیازی "پەنابەری" بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچ دەکەن، بەڵام پەنابەری و پەناخوازی بەمانا یاساییەکەی، پێوەندی بە نیازونیەتی کۆچکەرەوە نییە. لەڕاستیدا، هەموو ئەوانەی وڵاتی خۆیان بەجێدەهێڵن، پەناخواز نین و مافی پەنابەری — بەو شێوەیەی لە پەیماننامەی پەنابەرانی ژێنێڤدا دیاری کراوە- نایانگرێتەوە. بۆ وێنە شەڕ، برسێتی و کارەساتە ژینگەییەکان، ڕاستەوخۆ نابنە هۆی پێدانی مافی پەنابەری، هەربۆیە کەم کەس لەوانەی داوای پەنابەری دەکەن، ئەو مافەیان پێ دەدرێت. بەڵام چونکە زۆرجار ناردنەوەی زۆرەملەی پەناخواز گرفتی یاسایی و بەکردەوەی بەدواوەیە، بەناچاری مافی نیشتەجێبوون بە بەشێک لە پەناخوازان دەبەخشرێت. مافی نیشتەجێبوون، هەمیشە مافی پەنابەری نییە. دەشێ کۆچەر، بەهۆی خێزان پێکەوەنان، کار یان کاسبیکردن، خوێندن یان زۆر هۆی دیکە، مافی مانەوەی پێ بدرێت یان پێی نەدرێت. ئەمە ئەو کەلێنەیە کە لێیەوە، هەزاران کوردی باشووری کوردستان لە ماوەی 20 ساڵی ڕابردوودا، وەک ملیۆنان مرۆڤی دیکە، مافی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان وەرگرتووە. لەم ڕوانگە گلۆباڵەوە، ئەگەر کۆچبەرانی باشووری کوردستان، پاساوە سیاسییەکەشیان لەجێی خۆیدا نەبێ، ئەوا هەوڵیان بۆ دابینکردنی ژیانێکی باشتری ئابووری و کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی ئینسانی و جیهانییە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا کۆچ شیاوی ئەو باجەیە کە لە پێناویدا دەدرێت؟

2- کاتێک دەسکەوتەکانی کۆچ لەگەڵ تێچوونەکانی بەراورد دەکرێن، زۆرجار دەبێتە هۆی پەشیمانی. ئەی کەواتە هۆی بەردەوامبوونی کۆچ چییە؟ چاولێکەری، یەکێک لە فاکتەرە گرینگەکانی ئەودیو کۆچە. لەڕوانگەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە، چاولێکەری خەسڵەتێکی گرینگی مرۆڤە. لە ئەندازیاریی کۆمەڵایەتی سیستمی سەرمایەداریدا، کەڵکێکی یەکجار زۆر لە میکانیزمی چاولێکەری وەردەگیردرێت، ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی مەسرەفیدا مژارێکی گرینگە کە ئێرە جێی باسکردنی نییە. چاولێکەری لە پێوەندی لەگەڵ کۆچدا، لەڕێی خەملاندنی هاوکاتیی دوو وێنای پێچەوانەوە جۆش دەدرێت: لەلایەکەوە، مرۆڤەکانی ژینگەی دەوروبەر بەهۆی پەرەپێدان بەهەستێکی باڵکێشی نائومێدی، ئەو باوەڕە لە هەناویاندا دەچەسپێ کە "نیشتمان، دۆزەخی ژیانە" و پێویستە مرۆڤ لێی هەڵبێت. لەلایەکی تریشەوە، ڕۆژاوا بۆخۆی، پشتبەستوو بە پیشەسازییەکی کولتووریی زەبەلاح، هەروەها بەهۆی هەناردەکردنی تێگەیشتنێکی سەقەت سەبارەت بە کۆمەڵگە خۆشبژێوەکەی، وێنایەکی مێتافیزیکی لەخۆی دەخەملێنێ وەک تۆ بڵێی "ڕۆژاوا، بەهەشتی خەونەکانە". هەڵبەت ئێستا ئیتر، بەشێک لەو تاقمە خۆوڵاتیانەش کە پێشووتر کۆچیان کردووە، بۆ وێنە لەڕێی کەناڵەکانی میدیای کۆمەڵایەتییەوە، دەکەونە دنەدان و فووکردن بە فەنتازیای کۆچ و برەودان بە وێنای ڕۆژاوا وەک بەهەشتی خەونەکان. هاودژیی دیاردەکە لەوەدایە کە ئەو کۆچبەرانەی زۆرترین بەشداری لە دروستکردنی وێنە بەهەشتئاساکەی ڕۆژاوادا دەکەن، بەزۆری ئەوانەن کە ڕەنگە بۆ خۆیان بەزەحمەت لە وڵاتی خانەخوێدا جێیان بووبێتەوە! هەوڵی ئەم تاقمە بۆ ئەوەیە کە لەڕێی بەچاوداداناوەی کەمە ئیمکانیەتی ماددیی ژیانی نوێیان، قەرەبووی پێگەی لەدەستچووی کۆمەڵایەتیی ڕابردوویان بکەنەوە، ئەوانەی لە بێکاری و تەریککەوتوویی تاراوگەدا بە دوای مانایەک بۆ ژیانی ڕۆتین و بیانوویەک بۆ بەڕێکردنی ڕۆژە بێهوودەکانی ژیانی پەراوێزنشینانەی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەوان بۆ ئەوەی ڕەنجبەخەساریی خۆیان بشارنەوە، ناچارن وێنەیەکی قەبە و قەڵب لە ڕاستەقینەی ژیانی هەنووکەیان، بۆ نیشتمان بگوازنەوە! بەهەرحاڵ، بێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەری چاولێکەری، زەحمەتە لە قەبارەی نائاسایی "کۆچی بەلێشاو"ی کورد تێبگەین.

3- بەڵام ڕەنگە پرسیاری سەرەکیتر ئەوەبێ کە بۆچی مرۆڤی پاش ڕاپەڕینی ئێمە، بەو ڕادە سەرسوڕهێنەرە بۆ کۆچکردن لەسەر هەستە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستە بە دەروونناسیی دەستەجەمعیی نەتەوەی کوردا ڕۆبچین: جەمسەرەکانی چارەسەری لە سەردەمی پێش ڕاپەڕیندا بریتی بوون لە "مانەوە/ بەرەنگاری"، واتە ئەڵتەرناتیڤەکانی مرۆڤی ئێمە لە سەردەمی بەعسدا دوو شت بوون: یان هەڵکردن و تەحەممولی ژیان لەژێر سایەی بەعسدا، یان بەرەنگاربوونەوەی واقیع لەڕێی پەیوەستبوون بە شۆڕشی چەکدارییەوە. ئەو شتەی وزەی بە مرۆڤی ئێمە دەدا لە نێوان ئەو دوو واقیعەدا بیر لە شتی دیکە نەکاتەوە "خەون و ڕوئیای ئازادی" بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ "عەشقی نیشتمان"دا بەرجەستە دەبوو. خەون و ڕوئیایەک کە لەباری سایکۆلۆجییەوە هێزی تەحەممولی سەردەمە سەختەکانی لە مرۆڤی ستەمدیدەی ئێمەدا پێکدەهێنا. بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ، گەورەترین کارەساتی دوای ڕاپەڕین ئەوە بوو کە مرۆڤی ئێمە لە باشوور، ئەو خەونەی لەدەست دا. واتە، ئازادی ئەو بەهەشتە ئەفسووناویەی بۆ نەهێنایەدی کە ئەو هەموو کارەساتەی لەپێناودا تەحەممول کردبوو. بەدەربڕینێکی دیکە، ڕاپەڕین ئەگەر ئاستێک لە ئازادی بە مرۆڤی ئێمە بەخشی، لە بەرامبەردا ئەو مرۆڤەی لە وزەیەکی مێژوویی مەزن بەتاڵ کردەوە. وزەیەک کە تاقەتی تەحەممولی تاڵترین ڕۆژگارەکانی بە نەوەکانی پێش ڕاپەڕین بەخشیبوو. هەڵبەت بەتاڵبوونەوەی بەکاوەخۆی مرۆڤی کۆمەڵگە لەم وزەیە، دەکرا بە شێوەیەکی هێورتر و کەمزیانتر بووایە، چونکە ئاستێک لە هەستی "ڕەنجبەخەساری"، خەسڵەتێکی پاش شۆڕشی زۆربەی کۆمەڵگە ڕاپەڕیوەکانە. ئەوەی کارەساتخوڵقێن بوو، ئەوە بوو کە لە گوتاری دەستەجەمعیی ئێمەدا، خەونی ئازادی خۆی لە دەسەڵاتداریتی کۆمەڵێک هێزی شۆڕشگێڕی کوردیدا مانیفێستە دەکرد. ئازادی بە ڕەفتاری سیاسیی ئەم هێزانەدا دەناسرایەوە. کاتێک ئەو هێزانەش هەر لەدوای ڕاپەڕینەوە، بۆ خۆیان بوونە ئەندازیاری سەرەکیی هەموو کارەساتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی باشووری کوردستان، ئیتر لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری دەسەڵاتداریتی ئەو هێزانەدا، خۆری هیوا بە ئازادیش ڕووی لە ئاوابوون نا. گەورەترین تراژیدی کە باشووری کوردستان بەخۆیەوە بینیبێت، ئەنفالەکان نییە، بەڵکو ئاوابوونی ئەو هێزەیە کە تەنانەت توانای تەحەممولی ئەنفالەکانیشی بە مرۆڤی ئێمە بەخشیبوو. (ئەم زەبرە، ئەم کەوتنە، ئەوەندە قورس و کوشندە بووە کە دەبینین ئیتر تەنانەت تاسە و تامەزرۆیی بۆ سەربەخۆیی و فانتازیای "بەهەشتی دوای سەربەخۆیی"یش، هێشتا توانای ژیاندنەوەی ئەو هێزەی جارانی نەماوە). ڕەنگە ڕادیکاڵترین جیاوازیی نێوان سەردەمی پێش و پاش ڕاپەڕین ڕێک ئەم خاڵە بێت.

حیزبە حاکمەکانی ئەم چارەکە سەدەیەی ڕابردووی کوردستان، ڕەنگە بتوانن دەوڵەتی کوردیش بنیات بنێن، بەڵام زەحمەتە بتوانن ئەو شتە بنیات بنێنەوە کە لە ناخی مرۆڤی کوردا ڕووخاندیان. مەسەلەکە تەنیا پێوەندییەکی سۆزداری لە ئاست نیشتمان و هەڵچوونی هەستەکیی نەتەوەیی نییە، ئەوەی لە ناخی نەوەی نوێی ئەم وڵاتەدا داڕووخاوە، پێکهاتەیەک لە ئەقڵانییەت و ئەخلاق و خۆشەویستییە کە پێکەوە مانا و مەفهوومیان بە کوردبوونی ئەو مرۆڤە و ئینتیمای ئەو بۆ نیشتمانەکەی دەبەخشی.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# شەڕی دوای داعش

1

هاتنی رووسیا بۆ ناوچەکە، ئاراستەی ڕووداوەکانی لە شـەڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لەگەڵ تیرۆر گۆڕی بۆ شـەڕی رووسیا، سـووریا، ئێران و پارتی کرێکارانـی کوردسـتان و لقەکانی لەگـەڵ تورکیا و (جارێ بەس تورکیا و هێشـتا نۆرەی هاوپەیمانانی تورکیـا نەهاتووە)، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کەس داعشی لەبیر نەمێنێ! لەو ڕوانگەیەوە زۆر بە ئاسانی دەکـرێ بگوترێت جەوهەری شـەڕەکە لـە بنەڕەتدا ئەوە بوو کە ئێستا لەئارادایە. واتە هاتنی داعش بۆ دەروازەکانی هەولێر، گرتنی شـنگال و گەمارۆدان و گرتنی کۆبانی، ئەو پارچانەن کە سـیناریۆکە کامڵ دەکەن، ئامانجی دروستبوون و گەشەکردنی داعش، بۆ دەستەبەرکردنی ئەوەی ئێستا بوو.

پەکەکـە تاکـە هێزی کوردییە کـە چەندین جار لەگەڵ جەبهەتولنوسرە و لایەنە هاوشێوەکانی داعش دانیشـتووە و تەنانەت ڕێککەوتنیشی ئیمزا کردووە. لەگەڵ داعشیش ڕێککەوتنی ڕانەگەیێندراویان هەبوو لە ناوچەکانی حەسـەکە، تەنیا ئـەو کاتە پێکدادان لـە نێوانیاندا دروسـتبوو کە لەسـەر داهات و دەسـتکەوتەکانی نەوتی ڕومێلان نەگەیشتنە ڕێککەوتـن. ئەوکاتـە پەکەکە هەوڵیـدا، ئەو شـەڕەی خۆی بکاتە شـەڕی هەمـوو کورد و تەنانـەت کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیش یارمەتی بدات. ئەوە سەری نەگرت و دەبووایە شەڕەکە گەورەتـر بکرێت، هەمـوو ئـەو هەنگاوانەش پێشـوەخت حیسـابیان بـۆ کرابـوو. داعش موسڵی گرت، پەکەکە خێرا بارزانی و تورکیای تاوانبـار کـرد! شـنگال گیرا و داعـش بەرەو هەولێـر هات، پەکەکە هـەر تورکیا و بارزانی تۆمەتبارکرد و هەوڵی دا، زۆرترین پڕوپاگەندە بـۆ خۆی بکات تاوەکـو وەک ئەکتەرێکی کارا و هاوشـانی هەرێمی کوردسـتان حیسابی بۆ بکرێـت. ئەوەش سـەرینەگرت و کۆبانێ هاتە پێـش و پەکەکـەش زۆرجـار وا دەردەکەوت کە هاوشـێوەی تورکیا خوازیار بوو شـارەکە بکەوێـت و ئەگـەر حیکمەتـی بارزانـی و گوشـارەکانی ئەو بۆ سـەر تورکیا و ئەمریکا نەبووایە، ناوچەکە دەبووە گۆمی خوێن.

ئـەو دەورەی ئێسـتا پەکەکـە دەیبینێ، هێنـدەی داعـش زیان بە کـورد دەگەیێنێت لـە هاوکێشـەی ناوچەیـی و ناوخۆییـدا. لەسـەر ئاستی ناوخۆی کوردستان بە هەموو تواناییـەوە (لەگـەڵ چەند هێزێکـی دەڤەری سـەوز) لـە هەوڵـی هاوپەیمانیی شـەڕدایە یاخـود ئەو هەوڵەی لەگـەڵ دراوە. پەکەکە سـەرچاوەکانی کوردسـتانی لە نەوت و گاز کردووەتـە ئامانج و سـڵ لـەوەش ناکاتەوە کـردەوەی تێکدەرانەیان لـەدژ ئەنجامبدات. ئامانجـی پەکەکـە زۆر ڕوونـە، ڕاکێشـانی بارزانی و تورکیایە بۆ ناو زەلکاوی سووریا کە خۆشیان دەزانن لە کۆتاییدا بە دەستی بەتاڵ لێـی دەردەچـن. پەکەکـە وەک ئەکتەرێکی ئیقلیمـی، لە ئـەرزی واقیعدا و لەژێر چەتری کوردایەتیدا!، هەمان ئەو شـتە دەکات کە لە نەوەتەکاندا چوار وڵاتـە ئیقلیمییەکە لەدژی ئەزموونـی فیدراڵیی باشـووری کوردسـتان ئەنجامیان دەدا. ئەو کاتەش پەکەکە لە دژی بارزانی لەگەڵ یەکێتیدا ڕێککەوتنی سەربازیی ئیمزاکـرد تاوەکـو پێکـەوە (فیدراسـیۆنی باشـووری سەر بە ئێران) دروستبکەن، بەڵام سـەرینەگرت. پەکەکـە بـە تیرۆریزەکردنی پرسی ڕەوا و ڕوو لە سەرکەوتنی کورد، جگە لە هەندێک دەسـتکەوتی کاتی هیچی دیکەی پـێ نابرێـت و وەک ڕێکخراوێکـی چەکـدار دەکرێتە ئامانج، چونکە لەبەرەیەکدایە کە بە ئاسانی پشتی تێدەکرێت.

## دەست و پێیەکانی عەبادی

2

هێشـتاش خەڵکێک کە شـێت و شـەیدای بەغدان و بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان تەنانەت بۆ ڕیفراندۆم دەردەبڕن (نەک ڕاگەیاندنی سـەربەخۆیی) ڕۆژانە زانیاری سـەیر و سـەمەرە لەبارەی وەزعی کوردستان دەدەنە ئێران و دەسەڵاتی شیعەی بەغدا. دیارە زۆر لەو زانیارییانەش هەڵەن و دۆستەکانیان بە پەند دەبەن. مەسەلەی پێدانی مووچەی کوردستان لەبەرامبەر ڕادەستکردنی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، یەکێک بوو لەو زانیارییانەی کە دۆستانی عەبادی دابوویانێ و کابرایان بە پەند برد. دەمێکە ئەو مەحافیلانە ئیدیعای ئەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان نەوتی پێشفرۆش کردووە و تازە ناتوانێ بیداتەوە بە بەغدا و چاوەڕێی ئەوەبوون کە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لـە بەرامبەر لێدوانەکانی عەبادی فزەی لێوە نەیێت و ئەوجا بکەونە سـەروگوێلاکی حکومـەت و تەپڵـی بۆ لێـدەن، بەڵام حکومـەت عەبادی و دەستوپێیەکانی لە کوردستان شۆک کرد. بۆیە هەقە ئەمڕۆ میدیـای گەوجێنەر یەخەی عەبـادی بگرێت نەک حکومەتی کوردستان، بەڵام کوا غیرەت!



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# هێڵە سوورەکان کاڵ دەبنەوە

نیوەندی سـتراتفۆری ئەمریکـی، کە کۆمپانیایەکی لێکدانـەوەی زانیاریـە هەواڵگرییەکانـە، پێشـبینی دەکات پەیوەندییەکانـی هەولێر و ئەنقەرە بەهۆی دوو گشتپرسییەوە کێشـەیان تێبکەوێت، بەڵام ئەوەی ئەم ڕۆژانە پەکەکە لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوو پایتەخت دەیڵێـت و دەیـکات، وادەکات ئـەو دوورکەوتنەوەیـە ڕووبدات.

شیکەرەوەکانی ستراتفۆر باسی هەوڵەکانی بارزانی دەکەن بۆ ئەنجامدانی گشتپرسـی لەسەر سەربەخۆیی کوردسـتان و بەراوردی دەکەن بەو هەوڵانەی ئەردۆغان دەیدات بۆ ئەنجامدانی گشتپرسـی لەسـەر دەستووری نوێـی تورکیـا، کە ئەگـەر بە کامـی دڵـی ئەردۆغان بێت، دەیەوێ بەو گشتپرسـییە سیستمی سەرۆکایەتی بچەسپێنێ. نیوەندە ئەمریکییەکە پێشبینی دەکات نە باشـووری کوردسـتان بەرگەی پاوانخوازیی ئەردۆغان و تەدەخولـی سـەربازیی زۆرتری تورکیا لە باشـووری کوردسـتان بگرێت و قبوڵی بکات، نە تورکیای چاخی سـەرۆک ئەردۆغانیش ئەوە قبوڵ بکات کە دەوڵەتێکی کوردی لەسـەر سـنوورەکانی دروسـتبێت و ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوانە تێیدا ببنە دەسـەڵاتدار کە پشـتیوانی لە پەکەکە دەکەن.

هەرچەندە ئەو لێکدانەوانە کورتبینی و کەمزانیاریی شیکەرەوەکانی ستراتفۆر دەردەخەن، بەڵام هەڵبژاردنی ئەو دوو کەیسە بۆ بەراوردکردن هەڵبژاردنێکی لۆژیکییە. بەتایبەتیش کە هێشـتا بیرمان نەچووە لە دەستپێکی شـەڕی داعشدا چۆن ئەنقەرە بۆ هەولێری سەلماند کە هەندێکجـار دەبێتە هاوڕێی نیوەی ڕێگە و لە تەنگانەدا بەجێیدەهێڵێت. بۆیە نابێ لە لێکدانەوەی ریکسەکانماندا ئەگەری تێکچوونی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرە بە موستەحیل بزانین.

ڕەنگـە هەبـن بڵێـن گشتپرسـیی تورکیا لەسـەر دەستووور پرسێکی نێوخۆیی تورکیایە و پەیوەندیی بە هەولێرەوە نییە. هەر ئەوانەش ڕەنگە بڵێن گشتپرسیی باشووری کوردستانیش دۆزێکی نێوخۆییە و پەیوەندیی بە ئەنقەرە و ئەردۆغانەوە نییە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە و ئەنجامی هەریەکە لەو گشتپرسییانە هەرچییەک بێت، کاریگەریی لەسـەر ئەویدیکەیان و پرۆسەی سیاسی لە هەردوو پایتەختدا دەبێت. ئەگەر لە گشتپرسیدا خەونی ئەردۆغـان بـۆ گۆڕینـی سیسـتمی وڵات وەدی بێـت، کـە وەدیش دێـت، ڕەنگە هەدەپـە و ئۆجەلان بکەونە هەڵوێسـتێکی دژوارتـر لەوکاتەی ئاکەپـە، ئۆجەلان و هەدەپەی کردبووە موخاتەب و "پرۆسـەی چارەسەری" لەنێوانیانـدا هەبـوو. بەحوکمـی ئـەوەی حیزبەکانی باشـووری کوردسـتانیش لەلایەکـەوە سیاسـەتێکی هاوبەشیان لەبارەی پارچەکانی دیکەی کوردستان نییە و لەلایەکی دیکەشـەوە پۆپۆلیسـتانە دوای شەپۆلی سۆزدارانەی شـەقام دەکەون لە دەربڕینی هەڵوێستدا، بۆیـە پەیوەندییەکانی هەولێـر و ئەنقەرە (بەمەرجێک حکومەتی بنکەفراوان بمێنێ یانیش یەکێتی لە حکومەتدا بمێنێتـەوە، کە دەمێنێتەوە) کاریگەریی ئەو گۆڕانەیان بەسـەرەوە دەبێـت. بەپێچەوانەشـەوە ئەنجامدانـی گشتپرسـی لە باشووری کوردستان، وەک لەژێر لێوەوە گوتراوە و درکێندراوە کە پێش هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا دەبێت، ئەگەر پێش گشتپرسییەکەی تورکیاش بێت، وادەکات داشی پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تورکیا لەدژی ئاکەپە و ئەردۆغان سوار بێت و بەوە تۆمەتباری بکەن کە بە بەرچاوی ئەوەوە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروستدەبێت. بۆیە نائاسـایی نابێ ئەگـەر ئاکەپە و ئەردۆغان گوتارێکی هەندێکجار توند و دژی گشتپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستانیشیان هەبێت.

لەو نێوەندەدا هەڕەشەی پەکەکە و ڕازینەبوونی بەو پەیوەندییـە وزەییەی لەنێوان هەولێر و ئەنقەرەدا هەیە هی لەسەرەوەستانە. چونکە بەداخەوە لە دوایین پارچەی پەزڵێک دەچێت کە چەند ساڵێکە وردە وردە پارچەکانی دەخرێنە تەنیشـت یەک. سەرەتا بە دوژمنایەتییەکانی جەعفەری لە بەغداوە یەکەم پارچە پەزڵ دانرا، بەدوایدا مالیکی پارچەکانی دیکەی دانا و ئاغای عەبادیش بۆی تەواوکرد. ئێستا کۆی وێنەکە بەمشێوەیەیە: تا هەولێر لـە ئەنقەرە نزیکتربێت، کەمتر بە گوشـارەکانی بەغدا کاریگـەر دەبێت. تـا کەمتریش کاریگەر بێـت، زۆرتر لـە سـەربەخۆیی نزیکدەبێتەوە. بۆیـە کاتێک پەکەکە پاساوی دژایەتیکردنی ڕێککەوتنە وزەییەکانی هەولێر و ئەنقەرە بەوە دەهێنێتەوە کە پارتی لێیان سوودمەندە، ناڕاستەوخۆ خزمەتێکی گەورە بە پارتی دەکات، چونکە دەیسەلمێنێت پرۆژەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان و دوورکەوتنەوە لە بەغدا پرۆژەیەکی تەواو پارتییانەیە و هیچ حیزبێکی دیکە ڕۆڵی تێدا نەبووە و نییە.

هیچ لەسەر ئەوە ناڵێم کە بۆچی حیزبە بەشدارەکانی نێـو حکومەتـی بنکەفـراوان، بـە گۆڕانیشـەوە کـە ئەندامێتییەکەی هەڵپەسـێردراوە، بە دەنگێکی دڵێر بە پەکەکە ناڵێن بۆڕیی نەوتی کوردستان هێڵی سـوورە و بەرژەوەندیی نیشـتمانی و نەتەوەییە و نابێ تێکەڵی ململانێی حیزبایەتی بکرێت، بەڵام دەمەوێ ئەوە وەبیر پەکەکە و پارتی بهێنمەوە کە ئەگەر ئەوان ویسـتبایان دەیانتوانی ئەنجامی هەردوو گشتپرسییەکە وا لێبکەن هەم لە بەرژەوەندیی هەردوو پارچەی کوردستان بێت، هەمیش هەموو کورد لەسەری یەکدەنگ بن. ئێستا کە ئەمە ناکەن و پێشـبینیناکرێت، هیچ نەبێ دەتوانن ئەو هێڵە سـوورانە نەبەزێنن کە بەرژەوەندیی نەتەوەیین و چەند سـاڵێک بوو هەسـت دەکرا وردە وردە پڕڕەنگ دەبن.



عادل باخەوان
adel.bakawan@gmail.com

# نیشتمانی گەندەڵەکان

لەماوەی ڕابردوودا بەردەوام بەدوای پێناسەیەکدا بۆ عێراقی پۆسـت سەدام حوسەین دەگەڕام و دەمویست ڕسـتەیەک بدۆزمەوە کە بەباشـترین شێوە گوزارشت لەم عێراقە نوێیە بکات و لەهەمان کاتیشدا ڕەگەزێکی بینـاکاری بـاڵای بوونیە ئەژدیهاییەکـەی داعش بێت. لەپێناوی ئەم ئامانجەدا، چەندین پێناسـەم پشکنی، چەندیـن نووسـەرم بـە زمانـی فەرەنسـی و کوردی و عەرەبـی خوێنـدەوە، چەندیـن داتـام لێکدایەوە و لەکۆتاییـدا گەیشـتمە ئـەو قەناعەتەی کە باشـترین پێناسـەی عێراقی پۆست سەدام حوسەین بریتییە لە "نیشمانی گەندەڵەکان".

هەمووممـان دەزانیـن کە عێراق، نەک هەر لەسـەر دەریایەک نەوتە، بەڵکو لە کەوتنی سەدام حوسەینەوە تا 2015، نرخی بەرمیلێک نەوت گەیشـتە 120 دۆلار و هـەزاران هـەزار ملیـار دۆلار ڕژانـە نێـو خەزێنەی عێراقێکـەوە کـە گەندەڵترین نوخبـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بەڕێـوەی دەبرد و تائێسـتاش بەڕێوەی دەبات. ئەم داهاتە بێسـنوورەی پترۆڵ، لەبری ئەوەی بخرێتـە خزمـەت بیناکردنەوەی وڵاتێکـەوە کە لەنێو قووڵاییەکانـی مێژوویەکـی دوور و درێژ لـە ڕووخان، سـووتان، جەنگ، کارەسـات و هەژارییـەوە هاتووەتە دەرەوە، خرایـە خزمەت کڕینی وەلائو ئینتیما، خرایە خزمـەت جێبەجێکردنـی پرۆژە بیناکراوەکان لەسـەر "مەحسـوبیەت". ئـەم نوخبە گەندەڵە تـەواوی چینە کۆمەڵایەتییە عێراقییەکانی وەرگێڕایە سـەر بازاڕێکی گەورە بۆ کڕین و فرۆشتن.

لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە ئاژانسـێکی فەرەنسـیدا، کۆمەڵێک داتا خراونەتە ڕوو، یەکێک لەوانە باس لەوە دەکات کـە تەنیا لەنێوان 2006-2014 دا، 500 ملیار دۆلار لـە عێراقـدا بێسەروشـوێنە و هیـچ دەزگایەکی دەوڵەتـی و نادەوڵەتی، عێراقی و جیهانی ناتوانێت ئاساری ئەو پارەیە بدۆزێتەوە (1) !

لـەم عێراقە نوێیـەی گەندەڵەکاندا، نیشـتمانی سـوننەکان، زیاتر لـە هەر جێگایەکـی دیکە کرایە مەیدانـی تاقیکردنـەوەی سیاسـەتە تراژیدییەکانی کڕیـن و فرۆشـتنی وەلائـو ئینتیمـای گرووپەکان. ئەم سیاسـەتە هەڵەیەی نوخبەی نوێی عێراق بووە هۆی ئەوەی لە نیشـتمانە هەژارەکەی سوننەکاندا، کـە بەپێـی ڕاپۆرتەکانی نەتـەوە یەکگرتـووەکان گەڕاوەتـەوە بـۆ سـەردەمی بیسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو، کە مرۆڤ دەکرێت بە ئاسـانی لە برسـان بمرێت، کە ڕێژەی بێکاری گەیشـتووەتە ئاسـتێکی ترسـناک، کە خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی و قوتابخانە مرۆڤ تووشی سەرسوڕمان دەکەن، لەم نیشـتمانەدا چەندین زۆنی تایبەت لە ژیانی خەیاڵی دروسـت بکرێن و کۆمەڵگا دابەش ببێت بەسەر دوو چیندا: چینێک کە خاوەنی هەموو شتێک بن و ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ دەوڵەمەند ببـن، چینێکی دیکەش کە زۆرینـە پێکدەهێنن، هیچیان نەبێـت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژارتر ببـن. بەپێی ڕاپۆرتێکی دیکەی خودی حکومەتی عێراق (2)، ڕێژەی هەژاری لەسەر ئاستی تـەواوی عێراق لەسـاڵی 2013 دا دەگاتە 22،5% ، بەڵام لە عێراقی سوننەکاندا و لە هەمان ساڵدا، ئەم ڕێژەیە دەگاتە 41%.

لەنێو ئەم حیرمانە کۆمەڵایەتییە گشـتێنراوەدا، نوخبـەی دەسـەڵاتداری نوێـی عێـراق، لەڕێـگای بەکارهێنانـی داهاتـی نەوتـەوە کـە سـاڵانە، تـا سـەرەتاکانی 2015، دەگەیشـتە نزیکـەی 100 ملیار دۆلار، چەند "گیرفانێکـی" (پیەر ژان لویزار) بەهەشتئاسـای وایان دروسـت کرد کە ڕاسـتەوخۆ بەشـداری بکـەن لـە خوڵقاندنـی هەلومەرجێکـی بابەتیانـەی وەهادا کە سـوننەکان بتوانن، لەڕێگای سیسـتمی ئامادەباشـیی دەسـتەجەمعییانەوە، ئەژدیهایەکـی وەک داعـش هەرس بکـەن. دەکرێت لێـرەدا بە خێرایی ئاماژە بـە یەکێک لەو گیرفانانە بدەین کە پاش داگیرکردنی مووسڵ لەلایەن داعشەوە (9ی حوزەیرانی 2014)، ئاشکرا بوو.

کۆشـکەکانی ئوسـامە نوجەیفـی! کـێ هەیـە لـە ئێمـە ئـەو سـاتەوەختەی لەبیر بچێتـەوە کە ڤیدیۆی کۆشکەکانی ئوسامە نوجەیفی لە مووسڵدا دەخرێتـە سـەر ئینتەرنێت و بڵاودەکرێتـەوە. لەم ڤیدیۆیـەدا، بـە ملیـۆن دۆلار لە ماڵـی نوجەیفیدا دەدۆزرێتـەوە و دەکەوێتـە دەسـت داعش. لەوەش زیاتـر، مەلەوانگـەی تایبـەت، چەندیـن ئەسـپی تایبـەت، باخچەی تایبەت، چەندیـن تەن ئاڵتوون دەخرێنە سـەر شـانۆ، لە کاتێکدا موسڵاوییەکانی خـواری خـوارەوەی کۆمەڵگا، لەپێنـاوی مانەوە و نەمردن لە برسـان، ململانێی سەختیان دەکرد. من لەگەڵ پیـەر ژان لویزاردا هاوڕام کە کاتێک سـوپا خوێناوییەکەی داعش دەگات و دەرگاکانی کۆشـکە فیرعەونییەکانی نوجەیفییەکان بۆ موسـڵاوییەکان دەکاتەوە، ڕاسـتەوخۆ جۆرێک لە لێکچوون لەنێوان نوجەیفییەکان و بن عەلییەکانی تونسـدا دروسـت دەبێت: ئەو هەسـتەی کە لای تونسییەکان دروست دەبێت کاتێک بەچاوی خۆیان ژیان لە کۆشکەکانی بـن عەلیـدا دەبینن، هەمان ئەو هەسـتەیە کە لای موسـڵاوییەکان دروسـت دەبێـت کاتێـک بەچاوی خۆیان هەمان ژیان لە کۆشکەکانی نوجەیفییەکاندا دەبینن. بەڵام من لێرەدا ناوەستم و ئەم بۆچوونەش زیـاد دەکـەم: بەپێچەوانـەی تونسـییەکانەوە کە کردنەوەی دەرگای کۆشـکەکانی بن عەلی یەکسان بوو بە کردنەوەی دەرگای دیموکراسییەکی تونسی، کردنەوەی دەرگای کۆشـکەکانی نوجەیفییەکان لە مووسڵ نەک هەر دیموکراسی بەدوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکو ترسـناکترین ئەژدیهای تیـرۆری لە مێژووی بەشەریەتدا لەگەڵ خۆی هێنا.

لە تونسـی پاش بن عەلی-دا، ڕاشید غەنووشی دەگات، بەڵام لە مووسڵی پاش نوجەیفیدا ئەبوبەکری بەغدادی دەگات! لەکاتێکدا هەردووکیان ئینتیمایان بـۆ یەک قورئان هەیە، بـەڵام دوو گەردوونی تەواو لەیـەک جیـاوازن: چـی وا دەکات ئـەم قورئانە لە تونسـدا غەنووشیەک دروستبکات کە دیموکراسی و عەلمانییەتیشـی قبـوڵ بێت، بەڵام لـە عێراقدا بەغدادیەک دروست دەکات، کە نەک هەر دیموکراسی و عەلمانیەت، بەڵکو جیهاد دژ بە نەوەکانی ئوسامە بن لادنیش ڕابگەیەنێت؟

(1) http://observers.france24.com/fr/20151130-video-irak-pelerins-chiites-hussein-corruption

(2) http://aa.com.tr/fr/economie/irak-le-taux-de-pauvret%C3%A9-atteint-225-/8173



عەلی حەمە ساڵح
alihawlati@gmail.com

لێواری ئاگر..

# پارتی و گۆڕان، پەککەوتن یان ڕێککەوتن

کوردستان لە دۆخێکی قەیراناویی ئێجگار خراپدایەو ئاماژەی خراپتر هەیە.

وێـڕای قەیرانـی ئابـووری و کێشـەی مووچـە و ڕاوەستانی زیاتر لە پێنج هەزار پرۆژەی خزمەتگوزاری، قەرزاربوونـی حکومـەت بە زیاتر لـە 20 ملیار دۆلار، پەکخسـتنی پەرلەمان و گرفتی سـەرۆکایەتی هەرێم، هاووڵاتیانیش متمانەیان بەم حکومەتە تەواو لاواز بووە.

دامەزراوەکانی چاودێـری و دادگاکان تەواو لاوازن، دەیان بەڵگە لەسەر گەندەڵی، دیارنەمانی پارەی نەوت و بردنـە دەرەوەی پـارەی عێراقی بـۆ تورکیا لەلایەن بەرپرسانی کوردەوە بڵاودەکرێنەوە، نە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت و نە بڕیاری پێ وەردەگیرێت!

ئامـاژەکان، خراپتـر دەڵێـن، ناکۆکی و شـەڕ لـە تورکیا و وەسـتاندنی هەناردەکردنـی نەوت لە کوردسـتانەوە بۆ بەنـدەری جەیهان بـۆ ماوەیەکی زۆرتر، ئەگەری داخسـتنی گومرگی ئیبراهیم خەلیل بەهۆی شـەڕ، دەبێتە هـۆی گرفتی گەورە، لەلایەک نەمانی پارە و لەلایەکیش گرانبوونی نرخی کاڵا.

تەنانەت ترسی ئەوە هەیە کە کوردستانی باشوور تێوەبگلێت لەم شەڕ و ناکۆکیانەی باکوور و تورکیادا بەگشـتی کە زۆر قورسە خەڵکی کوردستان لەتەک بێمووچەیی و قەیرانی ئابووریدا، دووچاری دۆخێکی دیکەی نەخوازراو ببێت.

## پارتی و گۆڕان، دادەنیشن؟

پارتـی و گـۆڕان، وەک دوو هێزی سـەرەکی لە کوردسـتاندا کە هەردووکیان خاوەنـی دوو ناوەندی قەراری بەهێزن، ناکۆکیی نێوانیان ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ دروستبوونی ئەم دۆخە.

پارتی، دڵنیایە لەوەی کە ئەم دۆخەی دروسـتی کردووە بەرامبەر بە گۆڕان، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئـەوەی هاووڵاتیان متمانەیان بە حکومەت و یاسـا نەمێنێ، ناشیەوێت چاکی بکات لەبەر ئەو غرورەی کە خەریکە هەموو کورد باجەکەی دەدات.

گۆڕان، نایەوێت لەگەڵ پارتی دابنیشـێت، لەبەر دوو هـۆکار، فایلـی دەسـتی گۆڕان دوو دۆسـیەی تێدایـە، یەکەمیان: چاکسـازی دارایی و کارگێڕی و دواتر دروسـتکردنی ژێرخانی ئابـووری. دووەمیان: چاکسازی لە سیستمی سیاسیدا.

گۆڕان، پێیوایە ئەم دوو بابەتە شایانی گفتوگۆن، گفتوگۆی ئـەم دوو بابەتەش لە غیابـی پەرلەماندا ناکرێت.

بەدرێژایـی کارکردنـی ڕابـردووم لـە گۆڕانـدا و ئـەو چەندین دانیشـتن و گفتوگۆیـەی لەگەڵ کاک نەوشـیروان و لەنێـو گۆڕاندا بەگشـتی کردوومانە، لەیەک شت دڵنیابوومەتەوە، هۆکارێکی سەرەکی ئەو ناکۆکیانـەی نێوان گۆڕان و پارتی، وەهم و زانیاریی هەڵەیە کە لای پارتی دروستبووە، لەوانە:

گـۆڕان دژی بنەماڵەی بارزانییـن و دەیانەوێت لە ناوی بەرن!

گۆڕان، دەیەوێت هێزی چەکدار دروسـت بکات و پەلاماری بارەگاکانی پارتی بدات!

گـۆڕان لەگەڵ پەکەکـە، ڕێکدەکەوێت بۆ ئەوەی "ڕاپەڕین" بکات!

کاک نەوشـیروان، ڕقی کۆنی بەرامبەر پارتی لە دڵە!

ئەمانە نەک زانیاری ناڕاسـتن، بگرە گومانی زۆر خراپ و نادروستن کە پارتییان تووشی هەڵەی گەورە کردووە.

گـۆڕان، بـاوەڕی بەیەک جۆر خەباتـە، ئەویش خەباتی مەدەنییە.

گـۆڕان، لـەم دۆخـەدا تەنانـەت زۆر ڕێـگای مەدەنیشی تاقی نەکردووەتەوە کە دەیتوانی بیکات، بۆنموونـە دەیتوانـی بەپێـی مادەی 13ی یاسـای ئەحـزاب دەیان خۆپیشـاندان ئەنجام بـدات، بەڵام لەبەر شەڕی داعش و هەندێک هۆکاری دیکە پەنای بۆ ئەم ڕێگا مەدەنییە نەبردووە، چجای پەنابردن بۆ دروستکردنی هێزی چەکدار!

بۆ دەربازبوون لەم دۆخە، بۆ ئەوەی پەککەوتنی دامـەزراوەکان و نەمانی متمانە لەبری ئەوەی بەرەو ماڵوێرانیـی دیکە بڕوات بەرێککەوتـن کۆتایی بێت، دەبێت کاک مەسـعود کۆمەڵێـک هەنگاوی عەمەلی بنێت.

یەکـەم: دڵنیابێتـەوە لەوەی گـۆڕان ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ پارتی هەبووە نەک دوژمنایەتی.

دووەم: دۆخـی پەرلەمـان و حکومەت ئاسـایی بکاتـەوە، پارتی دەبێت چاوەڕێـی ڕێککەوتن بکات لەگەڵ گۆڕان نەک گۆڕان بچێتە ڕیزی پارتی.

سـێیەم: ڕێککەوتن لەسـەر سیسـتمی سیاسی بکرێت و چاکسازیی ڕیشەیی لە بوارەکانی کارگێڕی و دارایی و بەتایبەت دۆسیەی نەوتدا بکرێت.

چـوارەم: لەم قۆناغەدا هاوسـەنگی لە مامەڵەدا لەنێوان پەکەکە و تورکیا ڕەچاو بکرێت، لە پێناوی ئابووریی کوردستان.

ئـەوکات بەدانیشـتنی کاک نەوشـیروان و کاک مەسعود و سەرکردەی لایەنەکانی دیکەش دەتوانرێت پـلان بـۆ دەربازبـوون لـەم دۆخـە و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و بڕیاردان لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بدرێـت. ئەگەرنـا، دۆخـی کوردسـتان و ئارامیـی کوردسـتان و ئابووریی کوردسـتان بـەرەو خراپتر دەڕوات، هەرچەنـدە دڵنیـام گۆڕان پەنا بۆ خەباتی چەکداری نابـات، بەڵام ئەنجامدانی خۆپیشـاندانی مەدەنی ڕەنگە یەکێک لە بژارە ناچارییەکانی گۆڕان بێت بۆ دەربازبوون لەم دۆخە.

ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە:

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بڕیـار دەدات کوردستان بەرەو کامیان ببات؟



محەممەد حاجی کەریم
mehemedkerim@gmail.com

# ریفراندۆم بێ یەکڕیزی

تـا ئەم دواییە لەگەڵ ئـەو بۆچوونە کۆک بووم کە پێیوایە بەرلەوەی هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبنێین، پێویسـتە پایەکانی دروسـتکردنی دەوڵەت بە تەواوی هەڵچنین. هەرچەندە ئێسـتاش پێموایە پێویستە شەو و ڕۆژ کار بـۆ دروسـتکردنی ئەو پایانـە بکەین، وەلێ لەگەڵ ئەوەش ناکرێ بە پاساوی کێشەگەلی سیاسی و ئابووری، پشت لە هەلی لەدایکبوونی دەوڵەت بکەین کە سەدەیەکە خوێن و ئارەقەی بۆ دەڕێژین.

زەمینـەی ڕاگەیاندنـی دەوڵەت لە هەمـوو قۆناغ و کاتێکدا وەک یەک نییە، هەندێک دەرفەت دێنە پێشەوە نابێ بەسـەریاندا باز بدەین، چونکە دووبارەبوونەوەیان ئەستەمە. بەو مانایەی هیچ کاتێک وەکو ئێستا فاکتەری دەرەکـی لە خزمەت ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردسـتاندا نەبووە.

ئەگەر سـەیری مێژوو بکەیـن، زۆرێک لەو وڵاتانەی هەنووکە خاوەن دەوڵەت و سەروەرین، لە بارودۆخێکی تەواو تەندروسـت و ژینگەیەکی نموونەیی بێ کێشە و گرفتگەلی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا دەوڵەتیان ڕانەگەیاندووە.

دوور نەڕۆیـن، زۆر لـەو دەوڵەتانـەی دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و کۆماری یۆگۆسـلاڤیای فیدراڵی دروسـت بوون، لە خراپترین دۆخی سیاسی و ئابووریدا بوون.

تەیمووری ڕۆژهەڵات بێ کەمترین ئامادەیی ئابووری و سـەربازی لە ئیندۆنیسـیا جیابـووەوە و دەوڵەتی ڕاگەیاند. باشـووری سـوودان نموونەیەکی نزیکترە. هەرچەنـدە هەنووکە ئـەو وڵاتـە، وەک دەوڵەتێکی گۆشـەگیر و داخـراو خۆی دەبینێتـەوە، بەڵام نابێ ئەوەمـان لەبیربچێ، کارایی هـەر دەوڵەتێک، بەر لە هەر شتێک پەیوەندی بە هەڵکەوتە و توانای مرۆیی و سروشتی و بایەخی جیۆپۆلەتیکیی وڵاتەکەوە هەیە.

زۆربەمـان چیرۆکـی دروسـتبوونی دەوڵەتـی ئیسرائیل دەزانین کە بە چ سەرکێشی و ئیرادەیەکی نێوخۆیی بنیاتنرا. ڕاسـتە جووەکان لەسـەر ئاستی نێوخـۆ ئامادەبـوون و پەیوەندییەکی تۆکمەشـیان لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی دونیادا هەبوو، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدابێ، زۆرێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە، نەک هەر خۆشـییان لێنایەت، بەڵکو بە دوژمنی باوەکوشتەی خۆیانی دەزانن، لێ هەنووکە ئیسـرائیل ئەو دەوڵەتە بەهێزەیە کە دەیبینین.

لـەم سـۆنگەیەوە، کوردسـتان وڵاتێکـە تەواوی فاکتـەر و ڕەگەزەکانی دروسـتبوونی دەوڵەتی تێدا کۆبوونەتـەوە، هـەم خاوەن خاکێکـی دەوڵەمەند و بەپیتە، هەم شوێنگەکەشـی گرنگ و سـتراتیژییە و هیچ وڵاتێکی ناوچەکە ناتوانێ فەرامۆشـی بکات، بە تایبـەت بۆ وڵاتانی زلهێز جێگـەی بایەخە. پێکهاتە ئەتنـی و ئایینـی و کۆمەڵایەتییەکەشـی، تەباو بێ کێشـەیە، ئەمـەش مانـای ئەوەیە ئـەو دەوڵەتەی دروست دەبێ، نموونەیەک نابێ لە دەوڵەتێکی خاوەن پێکهاتەی ئاڵۆز و پێکناکۆکی مێژوویی، بە چەشنی دەوڵەتێکـی وەک عێراق، یان سـووریا، سـوودان و ئەفغانستان.

هەرێمی کوردسـتان چەند خاوەن تواناو هێزێکی گەورەی ماکی و مینۆکی بێ، لێ ئەگەر خاوەن ئیرادە و بڕیاری سـەربەخۆ نەبێ، کـەس نایەت خێری پێ بـکات و دەوڵەتـی بۆ دروسـت بـکات. ئەگەر کورد بوێری و دەستپێشـخەریی بنیاتنانـی دەوڵەتی تێدا نەبێ، سەت ساڵی تریش چاوەڕێ بکات، هیچ کەس و دەوڵەتێک نایەت ئەو مافەی پێ ببەخشێت.

بـە بڕوای مـن، دواکەوتنمـان لە دروسـتکردنی دەوڵـەت، ئەوەنـدەی پەیوەنـدی بـە نائامادەیـی خۆمانـەوە هەیـە، ئەوەندە پەیوەندی بـە ناڵەباریی دۆخـی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییـەوە نییە، ئەگەر مەسـەلەکە ترسـە لـە دەوروبـەر، لـەوە تێناگـەم میللـەت لەوە زیاتر چی بەسـەردێت، لەوەتەی هەیە دەچەوسـێندرێتەوە، مافی دەخورێت، برسی دەکرێ و بە درێژایی بوونی، لە تراژیدیا و ماڵوێرانیدا ژیاوە.

ئەمڕۆ باشـترین کاتە بـاوەڕ بە دونیا بهێنین کە جیابوونەوەمـان لە عێراقی عەرەبـی، نەک تەنیا لە بەرژەوەندیی میللەتی سـتەملێکراوی کوردە، بەڵکو لـە بەرژەوەندیـی ولایەتە یەکگرتووەکانـی ئەمریکا و عەرەبـی عێـراق و وڵاتانـی دراوسێشـمانە. بـەو مانایەی گەلی کوردسـتان، تاکە میللەتی ناوچەکەیە وابەستەبوون بە گوتاری ئیسلامیبوون و توندئاژۆیی ڕەتدەکاتەوە و ئارەزووی دۆستایەتییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەمریکا دەکات. عەرەبیش چیتر هێز و وزەی خۆی لە ململانێ لەگـەڵ کورد خەرج ناکات. ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێشەوە هەیە، جگە لەوەی دەبێتە مایەی تەناهی لە سنوورەکانیان، بۆ ئابووریی هەردوولاش سوودبەخش دەبێ.

من نازانم فەرمانڕەوایانی هەرێمی کوردسـتان لە سـبەیەکی نزیکدا ڕیفراندۆم ئەنجـام دەدەن، یاخود پرسـەکە تەنیا لە جوغزی بانگەشەدا دەمێنێتەوە؟ وەلـێ ئەگەر ڕاسـت دەکـەن و جددین، پێموانییە میکانیزم و ئامادەسازییەکەی هێندە دژوار بێت، تەنێ بڕیارێکـی بوێرانەی گەرەکە. زەمینەسـازیی بەر لە بڕیاردانیش پێش هەر شـتێک خۆی لە یەکگرتوویی و یەکهەڵوێسـتیی لایەنە سیاسییەکاندا دەبینێتەوە. پرۆسەی ئامادەیی بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، پێویستی بـە تەبایـی و یەک گوتاریـی حیزبگـەل و گرووپی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یەکدەنگیی شەقام هەیە.

ناکرێ لە پرسـێکی هێنـدە گرنگدا هیچ لایەنێک فەرامۆش بکرێ، بێ هاودەنگیی گشتی و کۆبوونەوە لەژێـر چەتری پەرلەمان و سـەرۆکایەتی هەرێمدا کە هەمـووان بە هی خۆیانی بزانن، هـەر هەنگاوێک بۆ ڕیفراندۆم لەنگ و بێ مانا دەبێ.

مـادام ئاینـدەبینیمـان بـۆ دەوڵـەت فراوانـە و مەبەسـتمانە لـە خەونـەوە بیکەیـن بـە واقیـع، کۆبوونـەوەی هەموو لایەنەکان و ئاسـاییکردنەوەی دۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان هێندە زەحمەت نییە، هیچ بیانوویەکیش بۆ درێژەدان بە واقیعی ئەمڕۆ نییە.

ناکرێ میللەتێک، یان دەسـەڵاتە سیاسـییەکەی ئازایەتـی دروسـتکردنی دەوڵەتـی تێدابێ، بـەڵام ئازایەتـی یەکتربوڵکردن و یەکڕیزیی نێوخۆیی تێدا نەبـێ. ڕەنگـە لە مێـژووی کورددا، هیـچ قۆناغێک وەک ئەمڕۆ گونجـاو نەبووبێ بۆ جیابوونەوەمان لەو وڵاتـە نەفرەتیـەی کـە جگە لە مـەرگ و نەهامەتی شتێکی دیکەمان لێ نەبینیوە. دەرفەتێکە و ئۆباڵی لەدەستدانی لە گەردنی هەمووانە.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## نوری گەرمیانی "گەعدە" تەرک دەکات

« 19

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی روداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : سالَح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی روداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net





